- / / ٢٠١

شەقڵاوە و خۆشناو

لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

**له بڵاوكراوەكانی ئینستیتیوتی كەلەپووری خۆشناوەتی**

**-١-**

- **شەقڵاوە و خۆشناو لە بەڵگەنامەكانی عوسمانیدا**
- **بەرگی یەكەم**
- نووسینی: **هێمن عومەر خۆشناو**
- دیزاینی بەرگ: **ئەندازیار محەمەد**
- خەتی بەرگ: **م.خەلیل خۆشناو**
- نۆرە و ساڵی چاپ: **یەكەم/ ٢٠١٨**
- چاپخانە: **كارۆ- سلێمانی**
- تیراژ: **١٠٠٠ دانە**
- نرخ: **٦٠٠٠دینار**

مۆڵەتی نێونەتەوەیی ISBN

978-605-81954-7-9

مافی چاپكردنەوەی پارێزراوە

www.khhi.org

# شەقڵاوە و خۆشناو
# لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

بەرگی یەکەم

**هێمن عومەر خۆشناو**

**٢٠١٨**

ناوەڕۆك

پوختە ........................................................................................................ ٥
پێشەکی ...................................................................................................... ٦
گرفتی میرەکانی خۆشناو لەگەڵ دەوڵەت و مووچەکانیان...................................... ٩
باری بازرگانی خۆشناوەکان ............................................................................ ١٠
مزگەوتی شەقڵاوە و مەلامحەمەدەمین ............................................................. ١٢
زانست و زانیاری لە مەدرەسەکانی شەقڵاوە و خۆشناوەتی ..................................... ١٩
ئەشقیاکانی خۆشناو و دەوڵەتی عوسمانی............................................................ ٢٤
چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوازێکی دیکە .................................................... ٢٧
پەیوەندیی نێوان مسوڵمان و دیانەکانی شەقڵاوە..................................................... ٣١
مەحموود بەگی میرمەحمەلی جێی ناڕەزایەتی عوسمانییەکان ................................. ٣٥
شەڕی نێوان شەقڵاوە و عوسمانییەکان ............................................................ ٣٨
بەکر بەگی بالیسانی و کێشە و گرفتەکانی لەگەڵ عوسمانییەکاندا .............................. ٤٠
گرنگی شەقڵاوە لە ڕووی سەربازییەوە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ............................ ٤١
شەقڵاوە تابووری سەربازی لێ بووە................................................................... ٤٣
شەقڵاوە و ڕێگەی تەلەگراف و بەرید ............................................................. ٤٤
شەقڵاوە لە ڕووی کارگێڕییەوە........................................................................ ٤٥
هەڵوەشاندنەوەی ناحیەی شەقڵاوە ................................................................... ٥٣
هەتا ساڵی ١٩١٣ش ناحیەی شەقڵاوە خاوەنی باڵەخانەی تایبەتی خۆی نەبووە ......................... ٥٦
هەوڵی بە قەزاکردنی شەقڵاوە.......................................................................... ٥٦
ناڕەزایەتی خەڵکی شەقڵاوە لە حوکمداریی مستەفا ئەفەندی ................................... ٥٧
یادداشتنامەی خەڵکی شەقڵاوە بۆ لەکارلادانی بەڕێوەبەری ناحیە ............................. ٥٩
ڕەمزی ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیە دادگایی دەکرێت ........................................... ٦٠
شێخ سەعیدی حەفید و کێشە و گرفتەکانی لە ناحیەی شەقڵاوە ................................ ٦٠
بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە لە کاتی نەداریدا داوای بەهانەوەچوون لە سوڵتان دەکات ............ ٦٩
ئەنجام ....................................................................................................... ٧٣
سەرچاوەکان ................................................................................................ ٧٨
دەقی بەڵگەنامەکان بە وەرگێڕدراوی.................................................................. ٨١

# پوختەی لێکۆڵینەوە

"شەقڵاوە و خۆشناو لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا" ناوونیشانی ئەو لێکۆڵینەوەیە، کە هەوڵدەدات لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤخانەی عوسمانی لە ئیستەنبوڵ، ڕۆشنایی بخاتە سەر لایەنی مێژوویی و کارگێری و زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی شەقڵاوە. هەر لە نیشاندانی گرفتی میرەکانی خۆشناو لەگەڵ دەوڵەت و مووچەکانیان و باری بازرگانیی خۆشناوەکان لەو سەردەمەدا و زانست و زانیاریی لە مەدرەسەکانی شەقڵاوە و خۆشناوەتی و گرفتی ئەشقیاکانی خۆشناوەتی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و ڕۆژ و مانگ و ساڵی بە ناحیەبوونی و پلە کارگێرییەکان و هەڵوەشاندنەوەی ناحیەی شەقڵاوە بۆ چەند ساڵێك و ناکۆکیی نێوان مستەفابەگی میرمەحمەلیی شەقڵاوە و شێخ سەعیدی حەفید و پرسی موڵکی وەقفکراو لە شەقڵاوە و شەڕی جەماوەری شەقڵاوە و عوسمانییەکان بە وردی دەتۆژێتەوە. هەروەها گرنگی شەقڵاوە لە ڕووی سەربازییەوە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا و ئەو کەسانەی ڕۆڵیان لە بواری کارگێری هەبووە و هەوڵی بە قەزاکردنی شەقڵاوە و نارەزایی خەڵك لە بەڕێوەبەری ناحیە و دادگاییکردنی بەڕێوەبەرەکە لەلایەك و شەقڵاوە و تابووری سەربازی و شەقڵاوە و ڕێگای تەلەگراف و بەرید لەلایەکی دیکەوە تیشکی دەخاتە سەر. لەگەڵ ئەوەشدا ڕووناکایی دەخاتە سەر بزاڤی زانستیی شارەکە و پەیوەندییەکانی مسوڵمان و دیانەکان و ڕۆڵی هۆزی خۆشناو بە هەر سێ بەرەبابەکەیەوە (میروسویی، میرمەحمەلی، پشتگەلی) و هەموو ئەو گرفت و کێشانەی کە لە ماوەی سەردەمی حوکمرانی عوسمانییەکان کە ڕووبەڕووی ئەو شارە و هۆزەکە بوونەتەوە دەکۆڵێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە ئەوەندەی ئێمە بیزانین، دەبێتە یەکەم توێژینەوە لە چوارچێوەی بەڵگەکان بۆ ئەم شارە و تەنانەت بۆ هەموو شارەکانی کوردستان یەکەم توێژینەوەی مێژوویی شارناسییە لە ڕوانگەی بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا و بە سەرچاوەی جۆربەجۆریش بەشێك لە زانیاری ناو بەڵگەنامەکانی پشتڕاستکردۆتەوە.

**وشەی کلیلی:**

**شەقڵاوە، خۆشناو، بەڵگەنامەکانی عوسمانی، کارگێری، پەیوەندیی مسوڵمان و دیانەکان.**

# پێشەکی

کوردستان بە درێژایی ئەو چەند سەد ساڵەی کە لەبن فەرمانڕەوایەتیی عوسمانییەکان بووە، زۆر هەوراز و نشێو و ڕووداوی جۆربەجۆری بەخۆوە دیوە، بەشی هەرە زۆری ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوە مێژووییانە بوونەتە ئاردی نێو دڕییان و هیچ سەر و سۆراغییان بۆ نەوەی ئێستا دیار نییە. بۆیە هیچ هۆز و باژێر و شارۆچکە نییە کە لەو ماوەیەدا شاهیدی ڕووداوی گەورە نەبووبن، وێڕای ئەو ململانێیە ناوخۆییانەی کورد خۆ بە خۆ و، کورد لەگەڵ دەستەڵاتداران هەیبووە، کە ئەگەر بەشی هەرە زۆریشی لای کورد خۆیەوە نەنووسرابێتەوە، ئەوا بەشێکی لەلای ئەو دەستەڵاتدارانەی کە فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان کردووە پارێزراوە.

سرووشتی کوردستان وەك گەلانی دەوروبەری لە ناوچەکەدا، سروشتێکی عەشیرەتگەریی هەبووە و بە درێژایی سەدان ساڵی ڕابردوو، ئەو هۆزانە بەشێکیان وەك نیمچە میرنشینێك بوونە و یان بە ئەمارەتێکەوە گرێدراون، تا ئەو ساڵانەی کە میرنشینە کوردییەکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە هەڵوەشێندرانەوە، ئیتر ئەو ناکۆکییەی کە پێشتر میرنشین لەگەڵ میرنشینی دیکەی هەبوو، دەگوازرێتەوە بۆ جۆرێك لە یاخیبوونی خەڵك یان بەشێك لە هۆز و عەشیرەتەکان لەگەڵ دەستدەڵاتدارانی عوسمانی، لەو سۆنگەیەوە زۆربەی هەرە زۆری ڕووداوەکانی دوای دەیەی چل و پەنجاکانی سەدەی نۆزدە لەو چوارچێوەیەدا دەخولێنەوە.

شەقڵاوە وەك گوندێکی ئەوسا و دواتر بوون بە ناحیەی، لەگەڵ زیاتر لە ١٤٠ گوند، هۆزی خۆشناویان پێکهێناوە و چ گوندەکانی و چ شەقڵاوە وەك ناوەندێکی سەرەکیی، بەتایبەتی دوای بوون بە ناحیەی، لەناو بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا شاهیدی ڕووداوەکانی ناوچەکە بە گشتی و هۆزی خۆشناوە بەتایبەتی. بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە کە بە ناوونیشانی (**شەقڵاوە و خۆشناو لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا**) بە پلەی یەکەم شەقڵاوە و ئەنجا تێکڕای خۆشناو وەك هۆز و، خۆشناوەتی وەك دەڤەر بە گوێرەی

بەڵگەنامەکانی عوسمانی دەتوژێتەوە، لەو ڕوانگەشەوە ئەوەی تا ئێستا پێی گەیشتووین لەو بەڵگەنامانە، بە چەند قۆناغێکەوە پەیوەست دەبن، بۆیە ئەم قۆناغانە بە گوێرەی دەستکەوتنی بەڵگەنامەکان کردمانە بەرگی یەکەم، خوا یار بێت بۆ دۆزینەوەی بەڵگەنامەی دیکە، کە بە مەزەندەی ئێمە بەرگی تری بەدوادا دێت.

کارکردنی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، چەند بەشێك لەخۆدەگرێت، لە سەرەتادا ئیشی هەرە گران کۆکردنەوەی ئەو بەڵگانە بووە لەناو ئەرشیڤخانەی عوسمانیدا، کە بە شەقڵاوە و هۆزی خۆشناوەوە پەیوەستن، چونکە پێشتر ئەو بەڵگانە لە شێوەی کتێب یان لیکۆڵینەوەدا کۆنەکراونەتەوە تا ئێمە بە سانایی بێین وەریانگێڕینە سەر کوردی، بۆیە دوای کۆکردنەوەیان و پۆلین کردنیان و ئەو بەڵگانەی کەوا گرنگ بوون خستمانە بەرنامەی کارکردن و پاشان وەرگێڕانیان لە تورکی عوسمانییەوە بۆ سەر زمانی کوردی و ئەنجا خستنە ناو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییەوە. لە ڕاستیدا سرووشتی کارکردن لە بەڵگەنامەی عوسمانی وایە، لەبەر نوێبوونی زانیارییەکان، زۆر جار مرۆڤ گومان دەخاتە سەر هەندێك ڕووداو و لە مێژووەکان دەکەوێتە دوودڵی، بۆیە بە گوێرەی توانا هەوڵماندواە بەشێك لەو زانیارییانە بە سەرچاوەی ناسەرەکیی پشتڕاستبکەینەوە. وێڕای ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئەو زاراوە و تێگەهانەی سەردەمی عوسمانییمان لە پەراوێزدا شرۆڤە کردووە، تا خوێنەر بە ئاسانی زانیارییەکان تێبگات.

سرووشتی لێکۆڵینەوەش وایە ناکرێت هەموو بەڵگەکانی بئاخنرێتە ناوی، بۆیە بە گوێرەی سەرەبابەتەکانی ناو لێکۆڵینەوەکە، هەندێك لەو بەڵگەنامانەی کە نووسراوی دووبارەن و بۆ شوێنی جیا جیا نێردراون، ئێمە تەنیا یەك بابەتمان لێ هەڵبژاردووە و دواتر لە بەشی وەرگێڕانی بەڵگەنامەکاندا هەموو بەڵگەکانمان بە وەرگێڕدراوی داناوە. سەرچاوەی سەرەکیی بەڵگەنامەکانیش لەناو ئەرشیڤخانەی عوسمانیدا بریتییە لە چەند ژمارەیەك کە وەك کۆدێك خۆی نیشان دەدات، لە لێکۆڵینەوەکەدا کۆدەکە لە

پەراوێزدا نووسراوەتەوە و هەمان کۆد لە بەشی وەرگێڕانی بەڵگەنامەکاندا دەبێتە نیشانە و سەرچاوەی بەڵگەنامەکە.

سەبارەت بە قووڵبوونەوەش لە بابەتەکەدا، ئێمە نەمانویستووە بۆ هەر مژارێك لە مژارەکانی ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە زیاتر بە بۆچوونی خەڵکانی ترەوە خەریك بین، چونکە سرووشتی کارەکە وابووە ئەوەندەی ویستوومانە شەقڵاوە و خۆشناو لەناو بەڵگەنامەکانەوە نیشان بدەین، ئەوەندە نەمانویستووە بۆ هەر مژارێك بگەینە ئەنجامی یەکلاکەرەوە، چونکە پێمان وایە ئەم شێوازەمان خاڵێکی وروژێنەرە و دەبێتە بنەما و سەرچاوە بۆ لێکۆڵەرانی دیکە، کە زۆر سەرەداوی ئاشکرا کردووە و بە هاوکاریی سەرچاوەی دیکەوە دەکرێت بۆ هەر مژارێك توێژینەوەیەکی سەربەخۆ بێتە کایەوە.

بۆ پرسی ڕێزکردنی مژارەکانیش، هەوڵمان نەداوە بە گوێرەی کرۆنۆلۆژییاوە لە ڕووداوەکان بڕوانین، چونکە لە ڕووی ریزبەندیی مێژووییەوە جاری وا هەیە یەك بابەت لە چەند کاتی جیا جیادا دێت، بەمەش زەینی خوێنەر لەسەر بابەتێکی دیاریکراو لادەچێت، بۆیە بە گوێرەی بابەت لێکۆڵینەوەکە دەستی پێکردووە و بە پێی جۆری بابەتەکان کەم تا زۆر بەڵگەنامەکان ڕێکخراون.

هیوادارین ئەمە سەرەتا و دوا کار نەبێت لەسەر شار و هۆزەکان بە گوێرەی بەڵگەنامەکانی عوسمانی، بەڵکو لەسەر هەموو مژار و لایەنە جۆربەجۆرەکانی مێژووی سیاسی و کارگێری و کۆمەڵایەتی و زانستی و ئاییینی کورد، ئەو جۆرە توێژینەوانە بنووسرێن. بەڵکو بە هەموو لایەك بەشێك لەو ملیۆنان بەڵگەنامانەی کە لەسەر کورد و کوردستان لە ئەرشیڤخانەی عوسمانی پارێزراون، ساغ بکرێنەوە و هەر نا بخرێنە بەر دەستی توێژەرانی کورد، تا بەشە تاریکەکانی ئەو مێژووە هێدی هێدی ڕووناك ببنەوە.

ئیدی لە هەموو لایەك حەرەکەت و لە خودێی میری مەزنیش بەرەکەت.

**هێمن عومەر خۆشناو**

**بینگۆل/ باکووری کوردستان**

٢٠١٨/٢/٢١

## گرفتی میرەکانی خۆشناو لەگەڵ دەوڵەت و مووچەکانیان

ئەو بەڵگانەی کە مێژووەکەیان بۆ کۆتایی دەیەی چلەکانی سەدەی نۆزدەم دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی شەقڵاوە سەر بە ویلایەتی بەغدا بووە، دیارە کار و ڕەفتاری میرەکانی خۆشناو بە دڵی دەستەڵاتدارانی عوسمانی نەبووە، بۆیە ماوەیەك لە بەغدا زیندانی دەکرێن و دواتر بە زۆر نیشتەجێی هەولێر و کەرکووك و کۆیەیان دەکەن. جا بۆ ئەوەی دەوڵەت لێیان دڵنیابێتەوە و ترسی جوڵە و بزاوتی لێ نەبن، پێشنیاز کراوە کە مووچەیەکی کاتییان بۆ ببڕنەوە. ئەو پێشنیازەش هی والیی بەغدا عەبدولکەریم[1] بووە، کەچی لایەنی تر کە ئەنجومەنی ویلایەت و ئەنجومەنی ئەحکامی عەدلین باوەڕیان بەوە نییە و پێیان وایە مووچەبڕینەوە هیچ سوودێکی بۆیان نابێت و ئەو میرانە هەر لە کۆنەوە سرووشتی خراپەکارییان هەبووە، بەڵام والی سوورە لەسەر ئەوەی مووچە تەرخانکردن هۆکارێکە بۆ سەقامگیریی ئەمن و ئاسایشی ناوچەکە و لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی عوسمانییە. دیارە پێشتریش مووچەیان هەبووە لێیان بڕدراوە، بۆیە داوای دووبارە ناردنەوەی دەکەن و سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٢٦٩شیان دیاریکردووە بۆ خەرجکردنەکەی، کە دەکاتە ١٨٤٩/١٠/١٣ی میلادی و ڕێژەی مووچەکەش بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

محەمەد بەگزادە یەحیا بەگ ٥٠٠ قرووش

[1] عەبدولکەریم نادر پاشا (عەبدی پاشا) لای سوڵتانی عوسمانی زۆر خۆشەویست بووە و تەنیا بەوی گوتوە (عەبدی)، لە ساڵی ١٢٥٦ دەبێتە سەرۆکی ئەرکانی سوپا بە روتبەی میرلیوا، زۆر پۆستی جیاجیای بینیوە، لە مانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی ١٢٦٤ی کۆچی پۆستی موشیرییەی عێراق و حیجاز بە روتبەی وەزیر وەردەگرێت، لە مانگی رەجەبی ساڵی ١٢٦٥ دەبێتە والی ویلایەتی بەغدا و لە صەفەری ١٢٦٧ لادەدرێت و دواتر پلەکەی دەبێتە سەردار و سەرعەسکەر. لە ساڵی ١٣١٠ کۆچی دوایی دەکات. بڕوانە: موسوعة تاريخ العراق،العهد العثمانی الثالث، عباس العزاوی المحامی، الدار العربية الموسوعات، ج ٧، ص ١٠٢

بەکر بەگ ٤٥٠ قڕووش
پشتگەلی قەدری بەگ ٣٥٠ قرووش
پشتگەلی محەمەد بەگ ٤٠٠ قڕووش
عوسمان بەگزادە مەحموود و محەمەد بەگی برای ٣٠٠ قڕووش
کۆی هەموویان: ٢٠٠٠ قڕووش [٢]

**باری بازرگانی خۆشناوەکان**

دیارە دانیشتوانی خۆشناوەتی زیاتر بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریك بوونە و هەولێریش لە سەردەمێکدا ناوەندی بازرگانیی خەڵکی خۆشناو بووە، بەتایبەتی میرەکانی خۆشناو مژوولی بازرگانیی دار و میوەجات بوونە و، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا سەرۆکی شارەوانی هەولێر بەربەستی بۆ بازرگانی میرەکانی خۆشناو دروست کردووە و هەر سێ میری خۆشناویش (میرمەمحەلی و میریوسفی و پشتگەلی) لە کۆیەوە کە قەزای خۆیان بووە، نامەیەك بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەنووسن و سکاڵای حاڵی خۆیان لە دەست عەبدولرەزاق ئاغای سەرۆکی شارەوانی هەولێر دەگەیەننە وەزارەتی ناوخۆ. تێیدا داوادەکەن کە ئیش و کار و بازرگانیان وەستاوە و بهێڵن بکەونەوە سەر ئیش و، حاجی رەشیدئاغاش لە شوێنی ئەو بمێنێتەوە. ئەمەش لە ١٩٠٣/٦/٢٩ بووە و ئەحمەد وەك سەرۆکی پشتگەلی[٣] و ئەمین وەك سەرۆکی میریوسفی و، مستەفا وەك سەرۆکی میرمەحمەلی ئیمزایان کردووە و نامەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

"سەرۆکەکانی لە تەرەف حکومەتن لە قەزای کۆیە و ڕۆڵەکانی میرمەحمەلی و میریوسفی و پشتگەلی، کە بازرگانی جوملەی دار و میوەجات دەکەن و هەر لە

---

[٢] I_MVL_00159_004604_001_001

[٣] بە پێی بەدواداچوونمان، پێمان وایە ئەم ئەحمەدە، میرانی ئەحمەدی بەگی بێتواتەیە.

کۆنەوە ڕێگەی بازرگانییان لەسەر هەولێر بووە. بۆ کڕین و فرۆشتن و مامەڵەی داراییان تەعەدا و ستەمێکی زۆریان لەو مامەڵە بازرگانییە لێکراوە و بە هیچ شێوەیەك نە خودا و نە مەقامی باڵای خەلافەتیش قبوڵیەتی. جا ئەمجارەیان عەبدولرەزاق ئاغا کە بە سەرۆکی شارەوانی هەولێر دامەزراوە و دەردێکی خراپی بە ئەمینداری گومرگ و سەرپەرشتیاری دارەکان کردووە، ئەو کاتەی عەشیرەتەکانمان بە وشتر[٤]ەوە بۆ بازرگانی لە هەولێرەوە حازربوون، ئەوانە دەستدرێژییان کردە سەریان و ستەمێکی وایان لێ کردوون قەت و قەت وێنەی نەبووە. جا هەر لەبەر ئەوە بازرگانەکان ناڕەزاییان دەربڕی و بەرژەوەندیی بازرگانیش پەکی کەوت. لەو سۆنگەیەوە تکای مەرحەمەتتان لێدەکەین کە بازرگانییەکەمان وەستاوە و داوادەکەین سەبەبکار لە سەرۆکایەتی لابدەن، کە عەبدولرەزاق ئاغایە و، حاجی رەشید ئاغا کە کەسێکی بە توانا و شارەزایە دابنێن . داوای ئەو مەرحەمەتەتان لێدەکەین تا بازرگانییەکەمان ئەمین بێت و هەتا عەدالەت و دادگەریی سوڵتانیش بێتە کایەوە، تەنیا ئەو ئیستیرحامەمان دەوێت."[٥]

دواتر لە لیژنەوە وەڵام بۆ ویلایەتی موسڵ دەنێردرێتەوە کە دوای لێکۆڵینەوە بڕیاریان لەبارەوە دەدرێت.

[٤] لامان سەیرە ناوی وشتر هاتووە، مەگەر هی بازرگانانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بن و هاتبنە هەولێر!

[٥] DH_TMIK_M_00147_00079_001_001

## مزگەوتی شەقڵاوە و مەلامحەمەدەمین

مزگەوتی شەقڵاوە کە بە دەستی مەحموود بەگ[٦] و بووك عەنبەر نوێ کراوەتەوە، بێگومان وەك لەو شیعرەی کە لە دیواری مزگەوتی گەورەشدا هەڵکۆڵدراوە ئاماژە بەوە دەدات، کە لەسەردەمی ئیبنوعومەر (واتە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر) دروستکراوە، پاشان سەردەم دوای سەردەم نۆژەنکراوەتەوە و باشترین نۆژەنکردنەوەش لەو سەردەمەدا نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکە بووە لەسەر ئەرکی خانزادی میری سۆران، تەنانەت دەگوترێت نیشانەی مانەوەی ئەو سیمایەی خانزادی میری سۆران لەوە دایە، کە هەر مزگەوتێکی نۆژەن کردباوە، دارچنارێکی تێدا دەچاند و دەرگای مزگەوتیشی بەرەو رۆژهەڵات دەکردەوە. لە سنوورەکەشدا مزگەوتەکانی هیران و هەریر و شەقڵاوە و قەڵاسنج ئەو سیمایەیان هەیە و لەناو خەڵکدا بەوە دەناسرێنەوە، کە خانزاد نۆژەنی کردوونەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

---

[٦] لە کتێبی "العشائر الكردية فی العراق"ی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هەواڵگریی سەربازیی بەم شێوەیەی خوارەوە باسی عەشیرەتی خۆشناو و مەحموود بەگی کردووە:

هۆزێکی گەورەن و بەشێکیان لە قەزای ڕانیە و بەشێکیش لە قەزای کۆیە و ئەوانی تریش لە دەوروبەری شەقڵاوە نیشتەجێن و سەرۆکەکانیان لە سنەوە هاتوون و شێخەکانیشیان بۆ باپیرەگەورەیان شێخ سلێمان دەگەڕێنەوە. دەڵێن باپیرەیان ناوی ئەمبێز بووە و پاشان لقی لێ بوونەتەوە و لە دراوسێیی ئەم عەشیرەتە هۆزەکانی بلباس و ئاکۆ و سورچی هەنە، پیاوەکانی ئەم هۆزە بە عەقڵ و حیکمەت و ئیدارەکەر وەسفدەکرێن. لە باپیرەگەورەکانی ئەم هۆزەیە عوسمان بەگ بووە لە سەردەمی پاشای کۆرەی ڕواندزێ کوژراوە و کوڕێکی بەناوی مەحموود بەگ لە دوای خۆیدا بەجێ هێشتووە. ئەم هۆزە لە چەند تایەفەیەك پێك دێن، میر مەحمەلی ، کۆڕی، میریوسفی و پشت گەلی. بڕوانە:

العشائر الكردية فی العراق، مديرية الاستخبارات العسكرية العامة، سری، بدون سنة الطبع. ص٢٣

**لە سەردەمی مەحموود بەگی میرمەحمەلیشدا، کە لە بەڵگەیەکدا بە حاجی مەحموود بەگ[٧] و لە بەڵگەیەکی تردا بە مەحموود بەگی بالیسانی و مەحوودبەگی میرمەحمەلی شەقڵاوەش ناوی هاتووە، ڕاستییەکەشی دیارە سەرەتا لە بالیسانەوە هاتوونەتە شەقڵاوە و لە شەقڵاوە لە بنەماڵەی بەکربەگ، بووك عەنبەری خواستووە. جا بە گوێرەی بەڵگەکان خۆی و بووك عەنبەری خێزانی لەبەرئەوەی وەجاغکوێربوونە، هەموو موڵك و ماڵی خۆیان لە شەقڵاوە وەقف کردووە و مزگەوتێك و مەدرەسەیەك و تەکیەکیان دروست کردووە. دوای وەفاتیشیان تاوەکو شوێنەکە هەر ئاوەدان بێت و بەردەوام قورئانی تێدابخوێندرێت، وەقفیان کردووە و وەقفەکەیان خستۆتە ئەستۆی شێخ سەعید[٨]ی حەفید لە سلێمانی.[٩]**

**ئەم بەڵگەیە دوای وەفاتی مەحموود بەگ و بووك عەنبەر نووسراوە و ڕێکەوتی ١٣٠٧/٧/٢ی ڕۆمی لەسەرە، کە دەکاتە ١٨٩١/٧/١٤ی میلادی و تێیدا ئاماژە بەوە**

[٧] بەگ **Bey**: یەك لەو نازناوە کۆنانەی تورکییە، کە پێش ئیسلام لەناو تورکان بڵاوبوو، پیتی گ لە کۆتاییدا بە (ی) گۆدەکرێت، بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهات کە بەرپرسیار و فەرمانکەربوون جا لە هەر شوێن و پێگەیەك بووبن. مەغۆلەکانیش بە هەمان واتا بەکاریانهێناوە. لای عوسمانییەکان بەگی هەرێمێك حاکمەکەی یان ئەمیرەکەی بووە، هەر لەو وشەیەش وشەی (بەگلەربەگی) واتە میری میران دروست بووە کە سەرۆکایەتی چەند ویلایەتێکی دەکرد. پێش فەتحی وڵاتانی عەرەبی ئەم پۆست و پایەیە نەبو تەنیا دووان هەبوون یەکیان لە ئەنادۆڵ و ئەویتریان ڕۆملی.

[٨] شێخ سەعید کوڕی شێخ محەمەد کوڕی کاك ئەحمەدی شێخە، شێخ سەعید لە سەفەرێکیدا بۆ لای سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە ساڵی ١٨٩٨، شێخ مەحموودی کوڕی کە تەمەنی حەڤدە ساڵ دەبێت، لە جیاوازی ژیانی ئەستەنبوڵی تورك و ژیانی دواکەتوویی کورد سەرسام دەبێت، کاتێك شێخ مەحموود هۆی ئەم جیاوازییە لە باوکی دەپرسێت، باوکی لە ڕستەیەکی ساکاردا وەڵامێکی قووڵی دەداتەوە، کە تا ئێستاش ئەم وەڵامە کرۆکی کێشەی سیاسیی کوردە. شێخ سەعید دەڵێت: ئەوان بۆ خۆیان دەژین و ئێمەش بۆ ئەوان. شێخ سەعید لە ١٩٠٩/١/٥ لە موسڵ خۆی و کوڕەکەی دەکوژرێن. **یادنامەی شێخ مەحمودی حەفید، ناسرحەفید و ئەوانی تر، بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦. ل ٢١.**

[٩] بڕوانە بەڵگەی Y__MTV__00052_00079_005_001

**دەدات، کە پێش دوو ساڵ ئەو کاتەی ئەوان لە ژیاندا بوون، ئەو وەقفەیان کردووە. لەمەدا دەردەکەوێت کە کۆچی دوایی مەحموود بەگ و بووك عەنبەر لە دەوروبەری ساڵی ١٨٨٩دا بووە و نێوانی وەفاتی ئەو ژن و مێردەش زۆر نەبووە و ڕەنگە هەردووکیان لە هەمان ساڵدا یان بە جیاوازی یەك ساڵ مردبن.**

**جا مزگەوتەکە ئاشکرایە و مەدرەسەکەش هەر لەناو مزگەوتەکەدا بووە، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بە شوێنی تەکیەکە نەدراوە و لە نێو ئەو سەدان موڵك و زەوییە وەقفکراوانەدا دیارە تەکیەش هەبووە و دواتریش هەر لەلایەن بنەماڵەی حەفیدەوە سەرپەرشتیار و مودەڕیس و خزمەتکاری بۆ دادەنرێت.**

**ئەوەی پەیوەندی بە مەدرەسەکەوە هەیە، دیارە مزگەوتەکە هەر لە کۆنەوە مەدرەسەی تێدابووە و فەقێ و مەلای لێ بوونە، لەو بەڵگەیەی کەوا باسی مەدرەسەکە دەکات، لە ساڵی ١٨٥٣ی میلادییە و ناوی مزگەوتەکە بە مزگەوتی حەزرەتی عومەر دێنێت، کە بێگومان لە سەردەمی فتوحاتی ئەودا دروستکراوە، ناوی مامۆستاکە بە محەمەدەمین ئەفەندی[10] وەك ئیمام و خەتیب و خزمەتگوزار دێنێت، کە**

[10] ئەفەندی: وشەیەکی ڕۆمانی-بیزەنتی-یە، لە سەردەمی سەلاجیقەکانەوە هاتۆتە ناو زمانی تورکی، لە دەیەی دووەمی سەدەی پازدەی زایینی لەلایەن عوسمانییەکانەوە بۆ کەسانی ڕۆشنبیر و فێرخواز بەکاردەهات، وابوو لە ناو تورکەکاندا جێگەی وشەی چەلەبیی هاوشێوەی گرتەوە. پاشان بووە نازناوێك بۆ توێژێکی دیاریکراوی ناو عوسمانییەکان کە ئەوانیش زانایان بوون، پاشان بووە نازناوی ڕەسمیی ئەمیرەکان دوای ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەی زایینی.

دەگوترێت عوسمانییەکان لە سەدەی نۆیەمی کۆچی (پازدەی زایینی) بۆ کەسانی ڕۆشنبیر و ئەو کەسانەی خاوەن پەروەردەیەکی بەرز و جوانن بەکاریانهێناوە، پاشان بۆ زانایان و هەندێك لە پیاوانی دەوڵەت بەکارهات و دواتر بووە نازناوی ڕەسمی ئەمیرەکانی عوسمانی و گەورە زانایانی دەوڵەت، هەروا بێتەوە بۆ ئەو ئەفسەرانەی پلەی ملازمیان هەبوو تا دەگەیشتە پلەی بەکباشی (Binbaşı) بەکاردەهات، هەروەك قوتابیانی قوتابخانە سەربازییەکانیش بە ڕەسمی ئەم وشەیەیان بەکاردەهێنا، پاشان لە فەرمانگەی نازناوە ڕەسمییەکانی تورکیا بە یاسای ژمارە ٢٥٩٠ لە ساڵی ١٩٢٤ بەکارهێنانی ئەم وشەیە هەڵوەشێنرایەوە.

ئەو دەرماڵەیەی لەلایەن دەوڵەتەوە دەیدرایێ کە بریتی بوو لە ٥٠٠ قڕووش و دە عولبە[11] گەنم بوو دیارە لێیان بڕیوە، بۆ ئەو مەبەستە داوکاریی پێشکەشی سەدارەت دەکرێت و ئەوانیش ڕەزامەندی لەسەر دەدەن. بەو شێوەیەی خوارەوە:

**بۆ حەزرەتی خاوەن سۆز و بەزەیی، ئەفەندم**[12]

ئەم مەزبەتە[13]یەی ئەنجومەنی ژمێریاری پەیوەست بە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی والییەکان بۆ خستنە بەردەمی جەنابی حەزرەتی پاشا[14] بریتییە لە: گوندی شەقڵاوە کە سەر بە قەزای کۆیەی ویلایەتی شارەزوورە و مزگەوتی حەزرەتی عومەری لێیە (ڕەزای خودای لەسەر بێ) و محەمەدئەمین ئەفەندیی ئیمام و خەتیب و خزمەتگوزاری ئەو مزگەوتە پیرۆزەیە، لەم دواییانەدا دەرماڵەکەی لێ بڕدراوە کە لە کۆنەوە دەیدرایێ، ناوبراو لە کەسانی زانا دەحەسبێندرێت و ئێستاش هەژار و نەدارە و هەر وەك پێشتر خزمەتی ئەو مزگەوتە دەکات و لە کارەکەی بەردەوامە، ئەوەش مەرج

---

[11] عولبە: هەشت قەسناغە و هەر عولبەیەکیش چوارده کیلۆیە.(بڕوانە: اربل فی مختلف العصور، اللواء والمدینة، المحامی عباس العزاوی، راجعه وعلق علیه وقدم له محمد علی القرداغی، ص ١٥٢)

[12] I_MVL_00287_011391_002_001

[13] لە سەردەمی عوسمانییاندا زۆر جۆرەی سکاڵا و داواکاریی هەبوون، ئەگەر لەسەر داواکارییەك زیاتر لە یەك ئیمزا هەبوایە ئەوا مەزبەتەیان پێدەگوت و لە زمانی ئێستای تورکی دا (**tutanak**) بەکاردێت.

[14] پاشا **Paşa**: وشەی پاشا لە بنەڕەتەوە بە واتای هاتنی مەلیك یان پاشا دێت، پاشان واتایەکەی بۆ خزمەتکار گۆڕدرا، دوای ئەوەش وەك نازناوی حاکم و دەستەڵاتدارانی ویلایەتەکان بەکارهات، ئاخیرەکەشی بووە نازناوێکی تەشریفی لەناو دەوڵەتدا.

ئەم وشەیە نازناوێکی عوسمانی بوو بۆ چەند پلەیەکی سەربازی و مەدەنیش بەکاردەهات. دوای نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدە بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهات کە پلەکەیان بۆ وەزیر یان میری میران بەرزدەکرایەوە. هەروەها لەناو چینی سەربازیدا بۆ ئەوانەی پلەی ئەمیر لیوا و فەریقیان وەردەگرت بەکاردەها، هەروەك هەندێ لەو سەرۆك هۆز و شێخانی عەشیرەت کە خاوەن پێگەیەکی مەزن و بەرچاوبووبان ئەو نازناوەیان بەدەست دەهێنا.

بوو بۆ دانی ئەو دەرماڵەیەی لە بەخشندەیی و سەخاوەتمەندی حەزرەتی سوڵتانەوە بۆی تەرخانکرابوو کە ٥٠٠ قڕووش و دە عولبە گەنم بوو.

جا ئەگەر ڕەزامەندی درا، گەنجینە[١٥] یادداشتێك بۆ وەزارەتی ناوبراو حەواڵە دەکات و لەو بارەشەوە ئەمر و فەرمان[١٦] هەر پەیوەستە بە شەڕەفی ئەمر و فەرمانی جەنابی پادشا، بۆ ئەوەی کاری پێ بکرێت.

١٥ی موحەڕەمی ١٢٧٠[١٧].

دیارە ئەم بەڵگەی سەرەوە سالی ١٨٥٣یە، کەچی لە بەڵگەیەکی دیکەدا، کە لە ساڵی ١٨٩١ی میلادی لە ئەنجامی ململانێی نێوان شێخ سەعید و مستەفابەگەوە، ئەوەی تێدا ڕوونکراوەتەوە کە مەحموود بەگ و خێزانەکەی ئەو مزگەوتەیان دروست

هەواڵنامەی کتێب

---

[١٥] خەزێنە (گەنجینە) **Hazine**: ئەو شوێنە بوو کە دوڕ و گەوهەر و شتی گرانبەهای لێ دەپارێزرا، جا ئەو شوێنە هی هەر کەسێك بوایە یان هی دەوڵەت بوایە. لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا دوو خەزێنە هەبوون، خەزێنەیەکیان مالی و دارایی بوو، کە خەزێنەی دەوڵەت بوو کە بە خەزێنەی دەرەوە زیاتر دەناسێنرا، هی دووەمیان خەزێنەیەکی تایبەت یان ناوخۆیی بوو، یەکەمیان گرێدرای دەوڵەت بوو، بەڵام هی دووەمیان تایبەت بوو سەر بە سوڵتان بوو، کە ئەمەش لە سێ بەش یان سێ ژوور لە ناو کۆشك پێکهاتبوو، هەر ژوورێك پڕ بوو لە سامان و شتی گرانبەها. خەزێنەی دەوڵەت زۆر زۆر بوو، وەك پێنجێکی بەرماوەی شەڕەکان، زەکاتی شەرعی، باجی ئاسایی سەر عەرد و ئەرازییەکان، هەروەها ئەو باجانەی کە لەو وڵاتانە دەهاتن کە سەرانە و باجیان دەدایە دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها ئەو باجەی کە لەسەر کریستیانەکان دانرابوو، زۆری دیکەش لەو دەرامەتانە.

[١٦] فەرمان **Ferman**: فەرمانی نووسراوی ڕەسمی سوڵتانە، کە بۆ پرس و کێشەیەك لە بارەگای سوڵتان دەردەچوو. هاوشێوەی ئەم وشەیە لە فەرهەنگی دەوڵەتی عوسمانیدا بریتی بون لە: نیشان، بەرات، حوکم، مەنشوور، تەوقیع... ئەم فەرمانە بە خەتی دیوانی لە دیوانی هومایۆن دەنووسرا و پوختەکەشی لە تۆماری دیوان تۆماردەکرا. هەندێ جاریش بە دەستخەتی سوڵتان دەنووسرا.

[١٧] دەکاتە ١٨٥٣/١٠/١٨ی میلادی

کردووه و مەدرەسەیان تێدا دروست کردووه، کەچی مستەفا بەگ[18] لە ئەنجامی نەمانی شێخ سەعید کە سەرپەرشتیاری وەقفەکە بووە، دەستەڵاتی مەحموود بەگی بە خراپ بەکارهێناوە و، ئێستا واتە لە ساڵی ١٨٩١ و بە پێی ئیفادەی مەلامحەمەدەمین لە مزگەوتەکەدا دە کەس لە حافزانی قورئانی پیرۆز و چەند مودەڕیس و موڕشید و مورید و فەقێ و چەند وەزیفەیەکی دیکە بە بەتاڵی ماونەتەوە.[19] لێرەدا دەرکەوت کە ئەو مەلامحەمەد ئەمینە نزیك بە چل ساڵ لە نێوان ئەو دوو مێژووەدایە و ئەو هەر لەوێ ماوەتەوە و[20] مزگەوتەکە زیاتر لە دە لەبەرکەری قورئانی پیرۆزی لێبووە وێرای چەند مودەڕیس و فەقێیەکی دیکەش، کە ئەمەش بەڵگەی بەردەوامیی مەدرەسەکەیە و لە دەستخەتەکانیشدا ئەوە پشتڕاستکراوەتەوە.

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا کە بابەتەکەی لەسەر تەرخانکردنی بڕی ئەو گەنمەیە کە لە ئەوقافەوە بۆ هەندێك لە زانایانی ئایینی تەرخانکراوە، ناوی ئیبراهیم ئەفەندی وەك وتاربێژ و ئیمامی مزگەوتی شەقڵاوە دێت، ئەمەش لە ساڵی ١٢٧٥ی کۆچی، بەرامبەر ١٨٥٩ی میلادییە.[21]

لە بەڵگەنامەکاندا لەناو ئەو گرفت و کێشانەی کە لەناو شەقڵاوەدا هەن، تەنیا ناوی مامۆستایەکی مودەڕیس هاتووە کە مەلای مزگەوتی گەورە و دەرسبێژ و خزمەتکاری مزگەوتەکەش بووە، ئێمە زۆر بە دواداچوونمان کرد نەگەیشتینە

---

[18] مستەفا بەگ حەمەد میران یەکێك بووە لە برازاکانی مەحموود بەگ و باوکی میرانی بایز بەگ بووە.

[19] Y__MTV__00056_00048_001_001

[20] بەڵام ئێمە پێمان وایە ئەو مەلامحەمەد ئەمینە هەمان مەلامحەمەدەمینی پێشووتر نییە و بەڵکو ئەمەیان مەلامحەمەدەمین کوڕی مەلا عوسمان موفتییە و کە کوڕەکەشی مەلا عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٨٩٤ لە دایك بووە

[21] EV_d_16693_00003

زانیارییەکی وا کە بناسرێت، بەڵام بۆ پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەکان لە دەستخەتێکی دەستخەتخانەی بەغداد دا ناوی هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

دەستخەتێك بە ژمارە ١٥٥٨٨ لە دەستخانەی بەغدا بە ناوی ریسالەی مەلاحەمزە بە دەستی عەلی ناوێك لە خزمەتی مامۆستا مەلامحەمەدئەمیندا لە مەدرەسەی شەقڵاوەدا لە ساڵی ١٣٣١ نووسراوەتەوە[٢٢]. واتە لە ساڵی ١٩١٣ی زایینی، ئەمەیان مەلامحەمەدئەمین کوڕی مەلاعوسمانی موفتییە کە پێشتر لە بەڵگەنامەکەدا ناوی هاتبوو.

دوای ئەم مامۆستامحەمەدئەمینە، بە گوێرەی دەستخەتێکی دیکە، کە ژمارەکەی ٢/٨٧٢٧ یە چەند کتێبێك لەلایەن تەییبی دووشیوانیی لە گوندی شەقڵاباد لە خزمەتی مەلاطاهادا لە ساڵی ١٣٤٢ نووسراوەتەوە[٢٣]، کە دەکاتە ساڵی ١٩٢٣ی میلادی.

ساڵی ١٢٩٠ (١٨٧٣) مەلا سوڵتان ناوێك لە شەقڵاوەدا، وا دیارە مودەڕیس بووە، جا ئەو مودەڕیسەیە مەرج نییە هی سەرەکی بوبێت، دەگونجێت موستەعید بووبێت، بە گوێرەی دەستخەتێکی دەستخەتخانەی بەغدا کتێبی (الاستعارة ئیبراهیمی کوڕی سەید ئیسماعیلی بەخاك سپێردراو لە ناوچەی موکریان، ساڵی ١٢٩٠ لە شەقڵاوە لە خزمەتی مامۆستا مەلا سوڵتاندا نوسیویەتیەوە).[٢٤]

[٢٢] بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانییەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی دووەم،چاپی یەکەم بەغدا،١٩٩٩، ل٣٤

[٢٣] سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤

[٢٤] بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی چوارەم، ل ٣١

## زانست و زانیاری لە مەدرەسەکانی شەقڵاوە و خۆشناوەتی

بێگومان خۆشناوەتی بەگشتی لەبەر کەش و هەوا دڵرفێنەکەی، لە بەشی زۆری گوندەکانیدا مەدرەسە هەبووە و بە دەیان فەقێ لەو مەدرەسانەدا هەموو زانستەکانی ئەوسایان تەواو کردووە. لەناو کتێبە مێژووییەکانیشدا باس لە مەلا و زانای خۆشناو کراون، بە تایبەتیش لە کۆتایی لێبوونەوەی نووسینی کتێبە دەستخەتەکاندا ناوی زۆر مەدرەسە و شوێنی خۆشناوەتی هاتووون. کۆنترین کتێبی کوردیی چاپکراو کە باس لە زانایەکی خۆشناو بکات، کتێبی (چل حیکایەتێد مەلامەحموودی بایەزیدی ١٧٩٩-١٨٦٧)یە، کە لەو کتێبەدا لە سەرەتادا بەسەرهاتی زانایەکی خۆشناو دەکات: نەقل دکەن کو د ئەییامێ خیلافەتا سولتان ئەحمەد دا، ژ قەسەبا خۆشناڤێ مەلا مەحەمەد ناڤ، مرۆڤەکێ زێدە زەکی و ئەهلێ عیلم و کەمال پەیدا بوویی، کو لوان کناران شوهرەت دیتی، ئیجارێ ژ خۆشناڤێ هاتیە باژێڕێ سلێمانی و لوێ دەرێ ژی موددەیەکی مودەڕیسی کری، ساکن بوویی، لاکین فەقیرولحال مالێ دونیایێ تونینە، ئیجارێ ئەهلێ سلێمانییە دایم دگۆتنە مەلا مەحەمەدی کو قەنجە تو بچی ئستەنبولێ، تۆ هندە فازل و عالم و کاملی....) ئەو مەلا محەمەدە دواتر دەچێتە ئەستەنبوڵ چونکە جلێکی شەپڕێو و خراپی لەبەر بووە کەس پێشوازی لێ نەکردوە، پاشان دەچێت کار دەکات و بە پارەکە جلێکی باش و پۆشتە و تازە دەکرێت و دەچێتە بابی عالی[٢٥] و خۆی بە نامسوڵمان لە قەڵەم دەدات و دەڵێت دەمەوێ مسوڵمان بم، ئەوانیش زۆر ڕێزی لێ دەگرن و دواتر دەیدەنە بەر خوێندن و پاش ماوەیەك وا هەست دەکەن ئاستی زانستیی زۆر باشە، بۆیە دوای ماوەیەك داوا دەکات بگەڕێتەوە مەملەکەتی خۆی و

---

[٢٥] بابی عالی Bab-ı Ali: بارەگای سەرۆك وەزیران، یان بارەگای دەستەڵات بوو لە دەوڵەتی عوسمانی، سوڵتان محەمەدی چوارەم لە ساڵی ١٦٥٤ی زایینی دروستی کرد، دواتر بە ناوی ئەو کەسە ناودەنرا کە لێی دادەنیشت، ئەویش وەزیری ئەعزەم بوو. لە سەدەی نۆزدەدا بابی عالی گرنگییەکی گەورەی هەبوو، بەتایبەتی لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز و سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا.

سوڵتانیش یارمەتییەکی زۆری دەدات و ئەویش دەگەڕێتەوە سلێمانی و لەوێ بە مەلا محەمەدی ئیرسییان دەناسرێت.[٢٦]

خۆشناوەتی وێرای ئەوەی بە مەدرەسەی زۆر بەناوبانگبووە، زاناکانیشی بە مودەڕیس ناسراو بوونە، تەنانەت گوتراوە (پیشەی دەرسدانەوە تایبەتە بە ئالی خۆشناو)[٢٧]. جا وێڕای ئەم مەلا محەمەدی ئیرسییانە، مەلاعەبدوڵڵای شێخمەموودیش سوڵتانی دیوە و دەگوترێت سوڵتان عەبای خۆی پێشکەش کردووە. هەروەها مەلا ئەبوبەکر خۆشناو-شارەزووری کە دەبێتە نوێنەری سوڵتان بۆ ئەفریقیا و هەموو ژیانی خۆی لەوێ بەسەردەبات و مەزهەبی شافیعی لەسەر دەستی وی لەوێ بڵاودەبێتەوە. لەو بارەدا لە ڕۆژئاوا زۆر ناسراوە و بە ئینگلیزی و بە تورکی توێژینەوەی زۆر لەبارەوە کراوە و تەنانەت لە تورکیا کۆنفرانسی زانستیی تایبەتی لەسەر بەستراوە و بە وردی باس لە ڕۆڵی ئەو و منداڵ و نەوەکانی کراوە.[٢٨]

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا کە مێژووی ساڵی ١٨٥٩ی میلادی لەسەرە، ناوی هەندێك لە زانای دوو گوندی خۆشناوەتی هاتووە، بە گوێرەی نووسراوی ئەوقاف و بە مەبەستی تەرخانکردنی گەنم بۆیان. لەوانە:

---

[٢٦] چل حیکایەتێد مەلامەحموودی بایەزیدی، ڕەشید فندی، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٤، ل٦٧.

[٢٧] مراكز ثقافية مغمورة فی كردستان، د.عماد عبدالسلام رؤوف، دار مكريان، اربيل ٢٠٠٨ ، ٦٧

[٢٨] بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەبوبەکر ئەفەندی، بڕوانە:

"Ondokuzuncu Yüzyılda Güney Afrika'da Bir Osmanlı Kürt Alimi: Ebubekir Efendi", **Martin Van Bruinessen,** Hece Dergisi, H.246-247-247, İstanbul 2017.

*140 Yıllık Miras Güney Afrika'da Osmanlılar*, Ahmet Uçar, Tez Yayınları-İstanbul 2001.

*Güney Afrika'da Osmanlılar*, Ahmet Uçar, Çamlıca Yayınları, İstanbul 2008.

*Güney Afrika'da Osmanlı İzleri*, Halim Gençoğlu, Tezkire Yayınları, İstanbul 2016.

موفتی عوسمان ئەفەندیی بالیسان، لەگەڵیشیدا نائیبی بالیسان ئەحمەد ئەفەندی و نائیبی بێتواتە حەسەن ئەفەندی و خەتیبی بێتواتە مەحموود ئەفەندی و خەتیبی بالیسان مەحموود ئەفەندی.[٢٩]

لێرەدا پێش ئەوەی لە بەڵگەکاندا باسی مەدرەسەی شەقڵاوە بکەین، بە پێویستی دەزانین بە گوێرەی هەندێك لەو دەستنووسانەی لە بەغدا پارێزراون، ئاماژە بەو ساڵانە بدەین کە دەستخەت لەو مەدرەسانە نووسراونەتەوە، بێگومان ئەمەش نیشانەی بەردەوامی و گەشەسەندنی مەدرەسەکانی خۆشناوەتییە.

**یەکەم: مەدرەسەی ناو شەقڵاوە**

مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغی لە کتێبی "بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانییەوە" نمونەی ئەو ساڵانەی بە کۆچی وەك لە دەستخەتەکە هاتووە هێناوەتەوە و ئێمە لێرەدا بۆ زیاتر تێگەیشتن ساڵە میلادییەکەشی لە پاڵ دەنووسین[٣٠].

بە پێی دەستخەتەکانی بەغدا مەدرەسەی شەقڵاوە لە ساڵەکانی ٩٣٣ی کۆچی(١٥٢٧ی میلادی)، ٩٧٣ (١٥٦٥)، ٩٨٢ (١٥٧٤)، ١٠٢٤، (١٦١٥)، ١٠٥٧(١٦٤٧)، ١٢٥٩(١٨٤٣)، ١٢٩١(١٨٧٤)، ١٢٩٢(١٨٧٥)، ١٢٩٩(١٨٨٢)، ١٣٣١(١٩١٣)، ١٣٥٣(١٩٣٤)[٣١] ئەو مەدرەسانە هەبوون. کە گرنگە بزاندرێت پێش پێنج سەد ساڵ ئەو مەدرەسانە هەبوون و کاریگەرییان هەبووە.

---

[٢٩] EV_d_16693_00003

[٣٠] لەبەرئەوەی زۆرجاران ساڵە کۆچییەکە لەگەڵ ساڵە میلادییەکە لە مانگەکاندا جیاوازییان هەیە و لەم ساڵانەی دیاریکراون مانگی تێدانییە، بۆیە ئێمە مانگی چوارمان بە نمونە وەرگرت بۆ هەموو ساڵەکان، ڕەنگە هەندێك لەو ساڵە میلادییانە نیو ساڵ یان ساڵێکیان کەم و زیاد بێت.

[٣١] مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانییەوە، محەممەد عەلی قەرەداغی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم چاپخانەی ومیض، بەغدا،١٩٩٨، ل٩٨

**دووەم مەدرەسەی گوندەکانی خۆشناوەتی**

مەدرەسەی بالیسان: ئەو ساڵانەی کە لە دەستخەتەکاندا تۆمارکراوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ساڵەکانی: ١١٠٧(١٦٩٥)، ١١٣١ (١٧١٩)، ١١٤٥ (١٧٣٢)، ١٢٤١ (١٨٢٥)، ١٢٩١ (١٨٧٤)،١٣٢٦ (١٩٠٨)، ١٣٤٠ (١٩٢٢).

مەدرەسەی گوندی بێلاوەی ناحیەی خۆشناڤ: ١١٩٤(١٧٨٠)[٣٢]

مەدرەسەی گوندی بێتواتە: ١٣١٩ (١٩٠١)، هەروەها هەمان مەدرەسە لە سەردەمی میربەگی کوڕی سەیدا شێخدا[٣٣].

مەدرەسەی گوندی چیوە: ١٢٦٢ (١٨٤٦).[٣٤]

مەدرەسەی گوندی خۆران: ١٢٦١ (١٨٤٥).

مەدرەسەی گوندی خەتە (خەتێ) ساڵەکە نەنووسراوە[٣٥].

مەدرەسەی گوندی زێوە لە ساڵەکانی ١٢٦١ (١٨٤٥)، ١٢٩٥(١٨٧٨).

مەدرەسەی گوندی زیارەت لە ساڵەکانی ١١٧٤(١٧٦٠)، ١١٧٨ (١٧٦٤)، ١٢٧٧ (١٨٦٠).[٣٦]

مەدرەسەی گوندی گراڤ (گراو) لە ساڵی١٢١٧(١٨٠٢)، ١٢٢٨(١٨١٣)[٣٧]. ١٢٣٠(١٨١٥).

---

[٣٢] سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠

[٣٣] سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١

[٣٤] سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣

[٣٥] سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤

[٣٦] سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦

[٣٧] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٤

مەدرەسەی گوندی ماوەران (دارالعلم) لە ساڵەکانی ١١٤٣(١٧٣٠)، ١١٤٥ (١٧٣٢)، ١١٨٧(١٧٧٣)، ١١٩١(١٧٧٧)، ١١٩٣(١٧٧٩)، ١١٩٤(١٧٨٠)، ١١٩٦(١٧٨٢).[٣٨] ١٢١٠(١٧٩٥)، ١٢٣٣(١٨١٨)، ١٢٨٠ (١٨٦٣).

مەدرەسەی گوندی هەرتەل لە ساڵەکانی ١٠٨٥(١٦٧٤)، ١١٥٦(١٧٤٣)، ١٢٠٤(١٧٩٠)، ١٣٠٣ (١٨٨٦)، ١٣٠٤(١٨٨٩)[٣٩].

مەدرەسەی گوندی هەرمك لە ساڵی ١٢٢٦ (١٨١١).[٤٠]

مەدرەسەی هیران لە ساڵی ١١٣٠ (١٧١٧)[٤١] ١٢٩٥(١٨٧٨).[٤٢]

گوندی سارتکە مەدرەسەی مەلائەبوبەکری میرۆستەمی ساڵی ١٢٤٥ (١٨٢٩) سەردەمی فەرمانڕەوایەتی میری ڕواندز.[٤٣]

بە گوێرەی دەستختەتێك حوجرەیەك هەبووە بەناوی حوجرەی خۆشناو لە هەریر لە ساڵی ١٠٨٦ی کۆچی کە دەکاتە (١٦٧٥)ی میلادی.[٤٤]

مەدرەسەی گوندی جەل لە ساڵی ١٢٥٣ (١٨٣٧)،

مەدرەسەی گوندی وەرە (وەرێ): ١٣٠٤ (١٨٨٧)،

مەدرەسەی گوندی شێخمەمودیان: ١٢٦٥ (١٨٤٨)[٤٥]

کتێبخانەی

---

[٣٨] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٥

[٣٩] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦

[٤٠] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧

[٤١] مراكز ثقافية مغمورة فی كردستان، د. عماد عبدالسلام رؤوف، دار مكريان، اربيل ٢٠٠٨ ص٢٧

[٤٢] مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستختەتەکانییەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی دووەم،چاپی یەکەم بەغدا،١٩٩٩، ل١٤

[٤٣] سەرچاوەی پێشوو، ل١٥

[٤٤] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨

[٤٥] مراكز ثقافية مغمورة فی كردستان ل١٠٨

مەدرەسەی گوندی کونەفلووسە[٤٦] لە سەدەی سێزدەمی کۆچی چالاکیی زانستیی زۆر تێدابوو.[٤٧]

مەدرەسەی گوندی هەرمك ١٢٢٦ (١٨١١).[٤٨]

## ئەشقیاکانی[٤٩] خۆشناو و دەوڵەتی عوسمانی

لە نووسراوێکی عوسمانیدا کە مێژووی ١٨٥١/٧/٨ی لەسەرە، دیارە بە فەرمانی شاکر پاشا سەرۆکی ئەرکانی لەشکری حیجاز و عێراق، هەردوو لەشکری عێراق و شام کۆکرایەوە بۆ دەستگرتن بەسەر ئەشقیاکانی خۆشناو کە لە سنووری ڕواندزەوە بۆ ئێران هەڵاتوون. دیارە لە ڕێڕەوێك دەرباز بوونە و سەربازەکانی ئەو ڕێڕەوە بانگ کراون بۆ ئەوەی لەگەڵ سەربازانی سوپا بەیەکەوە ڕێڕەوەکە گەمارۆ بدەن و ئەو گوندە بگرن کە لێیەوە دەرچوونە و ئەو قەڵایە بسووتێنن، کە تێیدامابوونەوە و، لە ناوچەی شاورێ (دۆڵی شاورێ) پازدە ئەشقیا دەستگیرکراون و یەکێکیشیان لێ کوژراوە و ئەوەی ماوەتەوەش توانیویانە هەڵێن، ئەو چیایەی لای ئێرانیان بڕیوە و دەربازیان بووە. ئەم هێرشە وایکردوە کە هەندێك لە تیرە و هۆز و عەشیرەتەکانی ناوچەکە ترساون و تاساون و داوایان کردوە کە دەوڵەت لەگەڵیان بە ڕەحم بێت، دیارە بە قسەی وەکیلی قائیمقامی ڕواندز بێت کە ئەو نامەکەی نوسیوە، خەڵکیش بەگشتی دوای ئەو هەڵمەتەی دەوڵەت، حەزی لە هێمنایەتییە و چاوەڕێی فەرمانی دەوڵەتن. ئەو

---

[٤٦] زێدی نووسەری ئەم کتێبەیە.

[٤٧] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٣

[٤٨] سەرچاوەی پێشوو ل ١٧١

[٤٩] ئەشقیا کە کۆی وشەی (شقی)یە، لە فەرهەنگی عوسمانییەکاندا بە کەسانی چەتە، فێڵباز، سووك و چرووك، یاخی، دز، ڕیسوا، بەدکار، پیاوخراپ و ڕێگر دێت. بڕوانە:
http://www.osmanlicasozlukler.com/osmanlica-sozluk-madde-37043.html

نوسراوەی وەکیلی قائیمقامی ڕواندز کە ناوی سەید ئیسماعیل عومەرە بۆ قەزای شارەزوور نێردراوە و لەوێشەوە بۆ سەرووی خۆیان بەرزکراوەتەوە[٥٠].

لێرەدا ئەوەی لەم بەڵگەیە دەفامرێتەوە ئەوەیە، هێشتا لەو مێژووە عەشیرەتی خۆشناو بە تەواوی پابەندی یاساو حوکمڕانی دەوڵەت نەبوونە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت لەناو شەقڵاوەدا هێشتا ئیدارەیەکی بەهێز و تۆکمەی دەوڵەت کە وەك ناحیەیە دانەمەزراوە و ئەو هێز و دەستەڵاتەی نییە، بۆیە دیارە ڕێژە و هێزی ئەشقیاکانی خۆشناو لەناو عەشیرەتەکانی دەوروبەر زۆر و بەهێز بوونە، لەبەرهەندێ هێزی ناوچەکە پەنای بۆ هێزێکی هاوبەشی حیجاز و بەغدا بردووە بۆ هەڵمەت بردن و ڕاوەدوونانی ئەو ئەشقیایانە.

دواتر لە ١٨٥١/١٠/٢٧ی میلادی، محەمەد ڕاغیبی قائیمقامی شارەزوور یادداشتێك بەرزدەکاتەوە و تێیدا ئاماژە بە هەڵمەتەکەی ڕابردوو دەکات و بە سەرکەوتنی خۆیان نیشانی دەدات و وا دەبینێت، کە پێویستە والیی سنجاقی[٥١] ناوبراو

[٥٠] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە بەڵگەی A_}M_00009_00048_1_001_001

[٥١] سنجاق **Sancak**: واتا زمانییەکەی ئالا و لیوای تایبەتی دەوڵەتە، پاشان لەلایەن سوڵتانەوە تایبەتکرا بۆ والی یان ئەمیر، بە واتای ئەوەی سوڵتان باوەڕی و متمانەی پێ هەیە کە ئەهلی دەستەڵات و حوکمە. پاشان ئەو وشەیە گۆڕانی بەسەرداهات و بە واتای بەشێکی کارگێڕی لە بەشەکانی دەوڵەت دەحەسبێندرا. لە کۆتاییدا لە شوێنی (لیوا)ی عەرەبی بەکاردەهات وەك بەشێکی ئیداری و کارگێڕی.
بەشە کارگێرییەکانیش بەم شێوەیە ڕیزدەکران: ناحیە، قەزا، سنجاق، ویلایەت. لیواش کە سنجاق بوو لە پێنج قەزاوە بۆ پازدە قەزای دەگرتەوە. حاکم یان دەستەڵاتداری سنجاق پێش سەردەمی تەنزیمات واتە ساڵی ١٨٣٩ی زایینی، حاکمێکی سەربازی و مەدەنی بوو، بەڵام دەستی وەرنەدەدا کاروباری قەزا و دادگاوە، دوای سەردەمی تەنزیمات وەك موتەسەریف مامەڵەی دەکرد. دەگوترێت لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانیدا، سنجاق یەکەیەکی سەرەکیی کارگێری بوو، بەو پێیەی دەوڵەت دابەشی سەر چەند سنجاقێك کرابوو، لە سەرووی هەموویانەوە (سنجق بکی) واتە ئەمیری لیوا. بەڵام کە سنووری دەوڵەت فراوان بوو و لیوایەکان زیاتر بوون، دەوڵەت چەند لیوایەکی کردە یەك ویلایەت.

ڕۆڵی خۆی ببینێت لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك بۆ سەقامگیربوونی دادگەریی دەوڵەت، بۆ ئەوەی خەڵکی خۆشناوەتی لە سنجاقی کۆیەوە بەرەو سنجاقی ڕواندز و سنوورەکان نەڕۆن. لەبەر هەندێ بە تەمبێکردنی عەشیرەتی خۆشناو و ئەو عەشیرەتانەی کە هاوکاری خۆشناوەکانن، ئەو هێرشە بە دروست دەزانێت، هەروەك دەڵێت: "تەمبێ کردن و پەروەردەکردنی عەشیرەتی خۆشناو و ئەو عەشیرەتانەی لەو عەشیرەتەوە نزیکن، کە سەر بە کۆیەن بۆتە شتێکی پێویست، ئەوەش لەبەر بێ وەعدییان لەو باجانەی[52] لەسەریانە و گوێڕایەڵ نەبوونیان بە فەرمانەکان و بەردەوامبوونیان لە کاری خراپ و شەقاوەیی، بۆیە لەشکری سوڵتانیی حیجاز و عێراق بە فەرماندەیی سەرۆکی ئەرکان جەنابی بەندەتان شاکر پاشا ڕەوان کرا، کە کارەکانی بە ئاسانی جێبەجێ کران و ئەشقیاکان تێکشکان و بەزین.

جا بۆ ئەوەی خەڵکی گوێڕایەڵبووی عەشیرەتی ناوبراو کەمەندکێش بن و ئەشقیا تێیاندا ببەزن، لەو نووسراوەی کە لە حەفتەی ڕابردوو لەسەر چۆنیەتیەکەی عەرزی سەدارەتی باڵامان کردبوو، لەسەر والیی سنجاقی ناوبراو پێویستە کە بیر و هزر لەبارەی دادگەریی سوڵتان بڵاوبکاتەوە بۆ ئەوەی خەڵك ترسی نەمێنێت و چیتر بەرەو سنجاقی ڕواندز و لایەنی دیکە ڕانەکەن و هەروەها تێبگەن لەوەی کە ئەمن و ئاسایش بەرقەرارە و پێویست بە جێهێشتنی نیشتمانی خۆیان ناکات لە ترسی ئەشقیایان، هەروەها نیشتەجێکردنی هەژار و بێ دەستەڵاتان لە زێدی خۆیان و

[52] باج **Bac**: وشەیەکی فارسییە لە زمانی تورکی بەکارهاتووە و بە واتای سەرانە و باجی کاڵاکان یان ئەو دیارییانەی لەلایەن تاکەکانی گەلەوە پێشکەشی حاکم و سوڵتانەکان دەکرا. ئەم وشەیە لە قانوونامەی سوڵتان محەممەدی فاتح بە واتای ڕسومی فرۆشراوەکان هاتوە، باس لەوە دەکرێت یەکەم کەس ئەو باجەی لە ناو عوسمانییەکان دانا عوسمان بەگی یەکەم بوو، کە دوو ئۆقجەی لەسەر هەر بارێکی کاڵا و شتومەك سەپاند لەناو بازاڕی قەرەحەصاردا.

کەمەندکێش کردنیان بۆ وێ و بەندەی ناوبراویشتان عەرزو حاڵی[٥٣] داوە و لە چاوەڕوانی وەڵامە، هەروەك زاتی ئەوەی کردووە کە ئەم داوایە بۆ مەقامی بەردەری ئاستانە پێشکەش بکات." [٥٤]

## چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوازێکی دیکە

دوای ساڵی ١٨٤٩ی میلادی و دوای دامەزراندنی ئیالەتی[٥٥] شارەزوور، سیستەمی ئیداری سەر لە نوو ڕێکخرایەوە و ڕێکخستنەوەکەش یەك لە هۆکارەکانی بریتی بوو لە دووری سنجاقی سلێمانی و ڕواندز لە بەغداوە و بەو هۆیەوە نەدەتواندرا بە تەواوی ئەمن و ئاسایشی تێدا بەرقەرار بێت. بۆیە لەو ساڵەوە دابەشکردنی کارگێڕیی ئیالەتی شارەزوور لە هەریەکە سنجاقەکانی کۆیە، کەرکووك و سلێمانی پێکهاتبوو. دوای ساڵی ١٨٦٤یش یاسای ویلایەتەکانی عوسمانی دەرچوو کە لە سیستەمی فەرەنسایی وەك نمونە وەرگیرابوو، بڕیاریدا هەموو عێراق بکاتە یەك ویلایەت و لە ژێر سایەی ویلایەتی بەغدا بێت، کە حەوت سنجاقی لەخۆدەگرت: بەغدا، بەسرە، شارەزوور،

[٥٣] عەرز و حاڵ **Erzuhal**: بریتی بوو لە خستنەڕووی هەموو ئەو سکاڵا و داوایانەی کە هاووڵاتی دەینووسی یان وەڵامدانەوە بوو بۆ مەقامی بەرپرسیار لە دەوڵەت.

[٥٤] A_}MKT_UM___00081_00018_001_001

[٥٥] ئەیالە، ئیالات: گەورەترین دابەشکارییە لە پەیکەری ئیداری و کارگێری دەوڵەتی عوسمانی، خودی دەوڵەت لە ڕووی کارگێڕییەوە دابەشی سەر چەند ئەیالەتێك دەکرا، ئەیالەتەکانیش دابەشی سەر چەند سنجاق و سنجاقیش دابەشی سەر قەزا و قەزاش دابەشی سەر ناحیەکان و ناحیەش دابەشی سەر گوندەکان دەکران. ئەو کەسەی سەرپەرشتی ئەیالەتی دەکرد لە دەوڵەتی عوسمانیدا سەرەتا نازناویان ئەمیری ئەمیران (أمير الامراء) بوون، پاش سەدەی شەشی میلادی بوونە وەزیر، کە ئەمانە نوێنەرایەتی خودی سوڵتانیان دەکرد و هەردوو دەسەڵاتی سەربازی و دەستەڵاتی کارگێڕی ئەیالەتەکەیان لەبن دەست بوو. لە چەند حالەتێکی قەزایی بترازێ، هەموو دەسەڵاتەکانی لەبن دەستی خۆی بوو.

زەنگاباد، ڕواندز، موسڵ، سلێمانی، دواتر لە ساڵی ١٨٧٩ موسڵ بە تەواوی جیاکرایەوە و کرایە ویلایەتێکی سەربەخۆ.[٥٦]

دەوڵەتی عوسمانی دوای ئەوەی هەست بەوە دەکات، ناتوانێت دەست بەسەر نارەزاییەکانی خەڵکی ناو عەشیرەتی خۆشناو دابگرێت، بەتایبەتیش لەو ناوچەیەدا لە هەموو عەشیرەتەکان زیاتر خۆشناوەکان بەرهەڵستی عوسمانییەکانیان دەکرد و ئەشقیا بە ڕێژەیەکی زۆر لە نێو ئەواندا پەرەیان سەندبوو، بۆیە بیری لە ڕێگەچارەیەکی دیکە کردەوە کە پەیوەندیی لەگەڵ ئاغا و بەگ و سەرۆك عەشیرەتەکان توندوتۆڵ بکات. لەو نێوانەشدا بە گرنگی دەزانێت کە لەگەڵ سەرۆکەکانی عەشیرەتی خۆشناو پەیوەندی بەهێز بکات، ئەمەش لە ڕێی قائیمقامی ڕواندزەوە بووە. بۆ ئەم مەبەستە داوا دەکەن کە پەیوەندیی لە نێوان موتەسەریفی لیوای موسڵ و حەزرەتی پاشا و قائیمقامی ڕواندز هەبێت، کە لەو سەردەمەدا راغیب پاشا بووە.

ئەگەرچی لە بەڵگەنامەکەدا هیچ مێژوویەك نەنووسراوە، بەڵام ئەم ڕووداوە لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی نۆزدە بووە، بە بەڵگەی ئەوەی نامیق پاشا[٥٧] لەو دەیەیە والی بەغدا بووە و بە گوێرەی سەرچاوەکان کەسێکی توندو تیژ بووە و خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنی سیستەمێکی توند و تۆڵ بووە بۆ هەموو سنجاقەکان و ئەو کاتەش هێشتا شارەزوور گرێدرای بەغدابووە و بۆیە پەیوەندییەکە لە نێوان بەغدا و

---

[٥٦] التقسيمات الادارية لسنجق السليمانية خلال العهد العثماني الاخير ١٨٦٩-١٩١٨م، بان راوي شلتاغ الحميداوي، مجلة القادسية في الاداب والعلوم التربوية، المجلد ٨، العدد ٣، ٢٠٠٩، ص ١٨٦-١٨٧

[٥٧] لە ساڵی ١٢١٩ی کۆچی لەدایك بووە، لە پلە و پۆستی سەربازیدا زوو بەرەو پێش چووە و تا لە ١ی شەعبانی ساڵی ١٢٦٥ پۆستی موشیرییەتی فەیلەقی عێراق و حیجاز وەردەگرێت، پاشان لە سەرەتای ساڵی ١٢٦٨ی کۆچی دەبێتە والی بەغدا و ئەمەش جاری یەکەمینی بووە. تا ٢٩ی شەووالی ساڵی ١٢٦٩ دەمێنێتەوە و دواتر دەنێردرێتەوە ئەستەنبوڵ. موسوعة تاريخ العراق،العهد العثماني الثالث، عباس العزاوي المحامي، الدار العربية الموسوعات، ج ٢٦١/٧/ ١٠٦

شارەزوورە، ئەمەش لە ناوەڕاستی پەنجاكان شارەزوور پەیوەندی بە بەغداوە نامێنێت، بۆیە مەزەندە دەكرێت كە لە سەرەتاكانی دەیەی پەنجاكانە. لەو بەڵگەیەدا وا هاتووە كە:

"دوای هاتنی دوو نووسراوی بەپێز و پەڕاوی پێچراو سەبارەت بە مامەڵەكردن لەگەڵ بەگەكانی خۆشناو و دوای پێشكەشكردنی داوا بۆ مەقامی پایەبڵند، كە لەلایەن جەنابی سوڵتانەوە فەرمان دەرچوو و فەرمانەكەش ئەوەیە كە ئەو بەگانەی باسكران بۆ ڕاكێشان و لێ تەئمین بوونیان و زەبتكردنیان ئەو شتانەی داواكراون وەك حەزرەتی دەوڵەتمەدار نامیق پاشاش ئاماژەی پێداوە، بەوەی ئەو بەگانە بۆ ئەوەی لەو بارەوە بەكاربهێنرێن و پێویستە مووچەیەكیان بدەینێ تا گوزەران و كاروباریان بە باشی جێبەجێ بن و خەڵكی گەندەڵ و خراپیان لەو ناوچەیە لێ دووربكەونەوە لە ترسی خراپ بوونی بۆچوونی خەڵكی تر بە گوێرەی ئەوەی لە ڕاسپاردەكە لێی دەفامرێتەوە، ئەگەرچی ئێستا چاوپۆشی لەو بابەتە دەكرێ، بەڵام لەمەودوا پێویستە ئاگاداری مەترسی مانەوەیان بكەین لەو ناوچەیە و هەموو ئەوانەی بیرۆكە و نیازی خراپیان هەیە پێویستە بیاننێرینە ئەستەنبوڵ و پەیوەندی لە نێوان موتەسەریفی لیوای موسڵ و جەنابی حەزرەتی پاشا و قائیمقامی ڕواندز هەبێت تا ڕێ و شوێن و تەگبیری پێویست تایبەت بەم عەشیرەتانە بگیرێتە بەر و ئەو هاوكارییەش كە لەنێوان موتەسەریف و قائیمقامی ناوبراو هەیە بەردەوام بێت و پەیڕەوی لە بنەماكان بكرێت كە ئەمەش پەیوەستە بە شەرەفی دەرچوونی ئەمر و فەرمان لەلایەن سوڵتانەوە، هەروەها پێویستە قائیمقامی ناوبراو ئاگاداربكریتەوە بۆ ئەوەی ئاگای لەو بابەتە هەبێت و لە ئێستاوە بە هەماهەنگی لەگەڵ یەكتر كاربكەن و هەموو جوڵەو كارێكیان وەك یەك بن، لە هەموو بارێكیشدا هیممەت و دەست و برد هەر هی دەوڵەتە."[٥٨]

---

٥٨ A_}MKT_MHM__00048_00089_001

هەر دوای ئەم پێشنیازە بە گوێرەی بەڵگەیەك، موعاون عەزیز بەگی سلێمانی دەنێردرێتە لای عەبدولقادری سەرۆك عەشیرەتی خۆشناو و ئەو هەواڵە بە وردەکارییەوە حەواڵەی بابی عالی دەکرێت و لە ئەنجامەکەشدا ڕەزامەندی دەدرێت لەسەر دابینکردنی شوێنێك و مووچەیەك بۆ ناوبراو و بۆ ئەو مەبەستەش والی شارەزووری لێ ئاگاداردەکرێتەوە. هەر وەك لەو نامەیەدا دەردەکەوێت کە بۆ راغیب پاشای قائیمقامی ڕواندز نێردراوە:

"بۆ راغیب پاشای قائیمقامی ڕواندوز

ئەو نووسراوانەی کە تێیدا باسی ئەوە کرا کە دوای ئەوەی کە معاون عەزیز بەگی سلیمانی خۆی گەیاندە لای عەبدولقادری سەرۆك عەشیرەتی خۆشناو[٥٩]، کارەکە عەرز[٦٠]ی حەزرەتی سوڵتان کرا و دوای ئەوەی کە ئەمر و فەرمانەکە لە بابی عالییەوە زانرا، ڕاییکردنی کاروبارەکان و ئەو داواکارییە لە دەوڵەتدار پاشا والی شارەزوورەوە دەرحەقی عەبدولقادر بەگ دابینکردنی شوێنێکە و خەرجکردنی مووچەیەکە بۆی، چۆنیەتی کارەکە و ڕوونکردنەوەکە تەواو بووە و لە هەر بارێکدا لەو بارەوە بە وردی ئاگادارمان بکەنەوە."[٦١]

هەواڵنامەی کتێب

---

[٥٩] بە تەواوی ڕوون نییە کە ئەو عەبدولقادربەگە کێیە، بەڵام لە دەستخەتی کتێبێکی ئەرشیفخانەی بەغداد دا کە لە ساڵی ١٢٦١ی کۆچی کە دەکاتە ١٨٤٥ی میلادی ناوی ئەو کەسە هاتووە کە لە گوندی زێوە لای مامۆستا مەلافەتحوڵلا نوسیویەتیوە کە ئەحمەد پاشای بابان لە زستانی ئەوساڵەدا ئاغای ناردووە بۆ باڵەکان و عەبدولقادربەگی ئەمینی پشتگەلیانی زیندانی کردووە. بروانە مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی، بەرگی دووەم، ل ٣٧

[٦٠] عەرز **Arz**: پێشکەشکردنی زانیاریی زارەکی یان بە نووسراو بۆ سوڵتان، کە تێیدا باسی کاروباری دەوڵەتی تێدادەکرا. سەدری ئەعزەم و قازیی سەربازی و بەڕێوەبەری دارایی و هەندێ لەو کەسە تایبەتانەی کە لە کۆشك کاریان دەکرد دەچونە لای سوڵتان و بە زارەکیی داواکارییەکەیان دەگوت، جگە لەمانە کەس بۆی نەبوو بە زارەکیی داوا پێشکەش بکات و دەبوایە هەر بە نووسراو بوایە.

[٦١] A_}MKT_MHM__00052_00072_001

تا ئێستا بۆمان روون نەبۆتەوە عەبدولقادر کامەیە و لە کام سێ تیرەکەی خۆشناوە، چونکە لێرەدا باسی شەقڵاوەی تێدانییە تا بەو هۆیەوە بیناسینەوە.

## پەیوەندیی نێوان مسوڵمان و دیانەکانی[٦٢] شەقڵاوە

بێگومان سەدان ساڵە مسوڵمان و دیانەکانی شەقڵاوە وەك هەر ناوچەیەکی دیکەی کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتی و برایانە بەیەکەوە ژیاون و لەناو ئەو ڕەوڕەوە مێژووییە دوور درێژەشدا جار نا جار وەك پەیوەندی نێوان هەر چین و توێژێکی دیکەی ناو کوردستان هەوراز و نشێوی بەخۆیەوە بینیوە. بەتایبەتی لەو بارەدا کاتێك نێوانی بەڕێوەبەرانی شارەکە و خەڵك ناخۆش بووبێت، لە نێو ئەو خەڵکەشدا چ مسوڵمان چ دیان ڕووبەڕووی گرفت و ناخۆشی بوونەتەوە. دیارە لەبەر مەسەلەی کەمینەبوونیان لە ناو هەموو حکومڕانانی ناوچەکەدا وەك هێڵی سوور تەماشای دیانەکان کراوە و نەیانهێشتووە کەسانێك ستەمیان لێ بکات.

لە نێو ئەو بەڵگە کۆنانەی تایبەتن بە شەقڵاوە، باس لەو پەیوەندییە دەکات و هەر وەك چۆن بە درێژایی حوکمڕانی مەحموودبەگ و مستەفابەگ، بە گشتی جێی ڕەزامەندیی عوسمانییەکان نەبوونە و بە گوتەی ئەوان نێوانی ئەم دوو کەسایەتییە و خەڵکی شەقڵاوە بە دیان و مسوڵمانەوە خۆش نەبووە. جا یەکەم دیاردە لەناو بەڵگەنامەکاندا لەسەر کەسایەتی مەحموود بەگ دەسەنگرێتەوە بەوەی چەند دیانێکی وەك بەندە بۆ خۆی بەکارهێناوە و ئیش و کاری خۆی پێکردوون و ستەمی لێکردوون، ئەمە سەرەتا وەك هەواڵ بۆ عوسمانییەکان دەنێردرێت و دواتر لەلایەن کاربەدەستانی قەزای کۆیە و شارەزوورەوە کە گوندی شەقڵاوە گرێدرای کۆیە بووە،

---

[٦٢] بۆیە پەیڤی (دیان) مان لە جیاتی مەسیحی بەکارهێناوە، چونکە پەیڤەکە لەناو کورد و لە دەڤەرەکە بەکاردێت و پەیڤی مەسیحیش عەرەبییە و هەر وەك چۆن ناکرێت بە مسولمانان بگوترێت موحەممەدی ئاواش پێمان وایە بە کوردیی تەواو وشەی دیان ڕاستترە مادام لەسەر زاری خەڵکی شەقڵاوەوە بەکاردێت.

ڕەتدەکرێتەوە و بە بانگەشەیەکی پووچ و درۆ لە قەڵەم دەدرێت. بەڵام بە بۆچوونی ئێمە لە ماوەیەکی کەمی ناو حوکمڕانی مەحموود بەگدا حالەتێکی وا هەبووە و زوو نەهێڵراوە تەشەنە بکات و بڵاوبیێتەوە.

لە بەڵگەکاندا چەند زانیارییەك هەن کە گرنگترینیان:

١- دیارە ناخۆشییەك کەوتۆتە نێوان مەحموودبەگی خۆشناو و بەشێك لە دیانەکان و بە گوێرەی ئەو پڕوپاگەندەی کراوە گوایە مەحموودبەگ بڕی ٢٠٠ قرووشی لە دیانەکان ستاندووە، بۆیە سەردار ئەکرەم[٦٣]، ڕەشید ئاغای ناردۆتە گوندی شەقڵاوە و دوای دەرچوونی فەرمانی خەلافەت، مەحموود بەگ بەڵێن و پەیمانی داوە کە جارێکی تر شتی وا ڕوونەداتەوە. ئەو پەیمانەش دە کەس ئیمزایان کردووە و ناوی وەکیلی نەتەوەی جوولەکەش هاتووە بەڵام مۆرەکەی لێنەدراوە و واتای ئەوەیە کە لە دانیشتنەکەدا ئامادەنەبووە، هەروەها چەند کەسێکی دیکە و زەینەلی بەڕێوەبەری قەزای کۆیەش مۆری خۆی لێداوە و ئەمەش لە ڕێکەوتی ١٨٥٩/٨/١٦ی میلادی بووە.[٦٤]

٢-سەردار ئەکرەم بە پشت بەستن بە یادداشتی ئەنجومەنی قەزای کۆیە، لە ڕێکەوتی ١٧ی موحەڕەمی ١٢٧٦ی کۆچی، کە دەکاتە ١٨٥٩/٨/١٦ نامەیەك بۆ مەقامی سەدارەت دەنووسێت و زیاتر جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەوڵیان داوە ئەو کارە

---

[٦٣] ناوی عومەر پاشا سەرداری ئەکرەم بوو لە وەزارەتی عێراق و دیاربەکر و موسڵ و کەرکوك و هەولێر و گوندە کوردنشینەکانی دەوروبەری هەولێر و هەروەها نێوانی بەغدا و بەسرە. لە ٤ی مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٢٧٤ی کۆچی (١٨٥٨/٢/١٨) داخیلی بەغدا بوو. سەردار ئەکرەم لە والیەتی و موشیرییەتی عێراق و حیجاز لادەبرێت لە ڕێکەوتی ١٨٥٩/٩/٢٥.لە سەردەمی ئەودا ئیدارەی دەوڵەت باش بەڕێوەنەدەبرا و بە باشی کارەکانی خۆی نەدەکرد. موسوعة تاريخ العراق،العهد العثماني الثالث، عباس العزاوي المحامي، الدار العربية الموسوعات، ج ١٣٧/٧

[٦٤] بڕوانە A_}MKT_UM_00367_00081_002

نەهێڵن، چونکە پێچەوانەی فەرمانی سوڵتانە: "ئەم حالەتەش بە هەموو شێوەیەك پێچەوانەی دادگەرییە و قەت و قەت ئەو کارە نابێتە جێی ڕەزامەندی دەوڵەت، جا ئەو کارەیان لێ قەدەغەکرا و لە ئێستاوە تا هەتایە دیانەکان لە گوندی ناوبراو مامەڵەی وایان لەگەڵدا ناکرێت و ڕەوای هیچ کەسێکیش نییە کچ بفرۆشێت یان خەڵکی دیکە بۆ خزمەتی ماڵ و موڵکی بەکاربێنێت، لەوبارەوە فەرمانی سوڵتانی دەرچووە سەبارەت بەوانەی لە تەبەعییەتی سوڵتانن (نامسولمانەکان) و باج (جزیە)[٦٥] دەدەن و لە فەرمانەکەدا جەخت لەسەر ئەو واتایانە کراوەتەوە و بۆ قەزای ناوبراویش نێردراوە کە لە گوندەکەدا کاری پێبکەن و جێبەجێی بکەن. چونکە خەڵکی ئیسلام ئێستا ئەو کارەیان لا ئاسایی بووە و وازی لێ ناهێنن، بەڵام خۆشگوزەرانی و ئارامی و سەقامگیری تەبەعییەکانی سوڵتان مەسەلەیەکی داواکارەوە و بە گوێرەی ئەوەی بۆمان هاتووە لە گوندێکی دەوروبەری موسڵیش شتێکی ئاوا ڕوویداوە، پشتیوان بە خوای گەورە دوای جێبەجێکردنی تەنزیماتی خەیری[٦٦] لە ویلایەتی شارەزوور و بە

[٦٥] باج یان جزیە یەکێك بوو لەو داخوازییانەی عوسمانییەکان لە کەمایەتییە نامسوڵمانەکان لە بەرامبەر بەخشینیان لە خزمەتی سەربازی. بە گوێرەی فەرمانی سوڵتانی لە سەردەمی سوڵتان محەمەدی فاتیح و لە ساڵی ١٤٣٥ی میلادی فەرمانێکی لەو بارەوە دەرکرد سەبارەت بە ماف و ئازادی کەمایەتییە نامسوڵمانەکان، ئەویش خۆی لە چەند خاڵێك دەبینیەوە، لەوانە: نەریتی ئاینییان وەك سەردەمی پێشوو جێبەجێ دەکەن و بۆ کەس نییە هێرشیان بکاتە سەر، یان پەرستگاکانیان تێك بدات، هەروەها ئەوان ئازادن لە کار و کاسبیدا چ لە وشکانی و چ لە دەریا وەك هەر هاووڵاتییەکی تر، باج و سەرانەش لەسەر مسوڵمانان چۆنە لەسەر وانیش هەیە و نابێ ناچاربکرێن بەوەی کە ببنە مسوڵمان و نابێت ناچاری سەربازی بکرێن.... و چەند خاڵێکی تر. بڕوانە حقوق الأقليات الغير المسلمة فى الدولة العثمانية، مصطفى ملااوغلو، سرايفو، ٢٠٠٧، ص ١٠.

[٦٦] تەنزیماتی خەیری، بزووتنەوەیەکی چاکسازیی عوسمانییەکان بوو لە ٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٣٩ لە کۆشکی گولخانە ڕاگەیەندرا و دەقی ناو بەیانەکە لەلایەن مستەفا ڕەشیدی سەدری ئەعزەمەوە خوێندرایەوە لەگەڵ خەتی هومایۆنی سوڵتان عەبدولمەجید. ئەم بزووتنەوەیە، بزووتنەوەیەکی نوێخوازیی

گوێرەی فەرمانەکانی سوڵتان دەستی ستەمکاری عەشیرەتە بەهێز و ئەشقیاکان لەسەر خەڵکی ستەملێکراو و هەژار لادەچن و هەموو ئەو ستەم و زۆرداریيانە لادەکەون و عەشیرەتەکان توندوبەند دەبنەوە و سەقامگیری دێتەکایەوە و هەموو مژوولی جێبەجێکردنی تەنزیماتی خەیری دەبن لەو بارەوە سەرکەوتوو دەبن و ئینشائەڵڵا بە زووترین کات لەو شوێنانە بارودۆخ هێور دەبێتەوە. کە جێبەجێکردنی فەرمان و ئیجرائەتەکانیش تەواو بوون بە درێژی عەرزتان دەکەین"[٦٧]. هەر لە ئیفادەی قەزای کۆیە هاتووە کە خەڵکی مسوڵمان و دیانی گوندەکە نکوڵی لەو پروپاگەندانە دەکەن و پێیان وایە شتی وا ڕوویان نەداوە و کەسیش زات ناکات شتی وا بکات.

٢-لە یادداشتی قەزای کۆیەدا هاتووە، عەشیرەتی خۆشناو تازەنە و بەم دواییانە هاتوون و[٦٨] مەحموود بەگی دانیشتووی ئەو گوندەش جارێك ئاگادارکراوەتەوە و لەو کاتەوە تا ئێستا هیچ شتێك ڕووینەداوەتەوە.

٣-بە پێی یاداشتی ئەنجومەنی قەزای کۆیە، دیانەکانی گوندی شەقڵاوە سوپاسنامەیەکیان بۆ سەدارەتی خەلافەت ناردووە و مۆری قەشە یوسف و قەشە یەعقوبی پێوەیە.[٦٩]

---

کارگێری و سیاسی بوو، ئامانجی نزیککردنەوەی هەردوو کۆمەڵگەی عوسمانی و کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا بوو. بۆیە بە ناوی تەنزیم ناونرا چونکە تەنزیمی کاروباری دەوڵەتی داهێنا لەسەر بنچینەیەکی نوێ لە هەموو بوارەکانی کارگێری و دارایی و قەزایی و پەروەردەیی.

[٦٧] بڕوانە A_}MKT_UM___00367_00081_005

[٦٨] بە گوێرەی بەدواداچوونی ئێمە مەبەست لە تازەبوونەکە، گوزارشتە لە مەحموود بەگ کە سەرەتا لە بالیسانەوە هاتوونەتە شەقڵاوە.

[٦٩] بڕوانە بەڵگەی A_}MKT_UM___00367_00081_003

٤-ئەم نووسراوە کە لەلایەن سەردار ئەکرەمەوە بۆ خەلافەت بەرزکراوەتەوە، مانگێك دوای ڕووداوەکانە و مێژووی ١٧ی صەفەری ١٢٧٦ی بەسەرەوەیە کە دەکاتە ١٨٥٩/٩/١٧ی میلادی.

## مەحموود بەگی میرمەحمەلی جێی ناڕەزایەتی عوسمانییەکان

لە ڕاستیدا ئێمە هیچ بەڵگەیەکی لایەنی بەرامبەریشمان لا نییە، کە وەڵامی عوسمانییەکان بداتەوە، ئەو کاتەی کە سەرکردەیەکی کورد بە خراپ باس دەکەن دەبێت بۆچوونی لایەنی دیکەش بخوێندرێتەوە، چونکە هەر ئەو شێخ سەعیدی حەفیدەی کە لە بەڵگەکاندا زۆر بە خراپ و بە ناشیرین باسی دەکرێت، دواتر لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەکانەوە بانگهێشتی ئەستەنبوڵ دەکرێت و ڕێزی لێدەنرێت و ڕوتبەی بەرزدەکرێتەوە، تەنانەت (سوڵتان شفرەی موخابەراتی نهێنی خۆی دا بە شێخ سەعید کە لە کاتی پێویست و تەنگانەدا بە پێی ئەو شفرەیە بە تەلەگراف سوڵتان ئاگادار بکات، کە ئەمە گەورەترین نەوازشێك بووە کە سوڵتان لەگەڵ ڕەعیەتی خۆیدا بیکات)[٧٠]. بۆیە بۆ مەسەلەی مەحموود بەگیش بە هەمان شێوە ڕەنگە هۆکاری دژایەتیکردنەکەی مەحموود بەگ لەلایەن عوسمانییەکانەوە هۆکارێکی سیاسیش بووبێت، بۆیە بە ناچاری لەبەر نەبوونی بەڵگەی دیکە باسکردنەکەی ئێمە تەنیا لە چوارچێوەی بەڵگەکانی عوسمانیدا دەخولێتەوە.

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا، کە مێژووەکەی لەسەر نەنووسراوە، بەڵام بە هۆی ناوهێنانی تەقییەدین پاشاوە دەزانرێت کە ساڵی ١٨٨٠یە، تێیدا لەسەر بنچینەی شکاتنامەی کەسێك بەناوی عەبدوڵڵا ئەفەندییەوە نامەیەك بۆ موتەسەریفییەتی

---

[٧٠] شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، محەمەد ڕەسوول هاوار، بەرگی یەکەم، لەندەن، ١٩٩٠. ل١٤٠

شارەزوور تەقیەددین پاشا[71] دەنێردرێت و باسی ئەوە دەکات کە ئەو باج سەندنەی دەوڵەت بڕیاری لەسەر داوە، مەحموود بەگ لەسەر خەڵك زیاتری کردووە و باج لەسەر گرێبەستی مارەبڕین وەردەگرێت و بە گوێرەی شکاتنامەکە ناوبراو چوار کەسیشی ئیعدام کردوون، بۆیە ئەنجومەنی ویلایەت داوا دەکەن لیژنەیەکی شارەزا پێك بێت و لێکۆلینەوە لەو ڕووداوانە بکەن تا بۆیان ڕوون بێتەوە ئاخۆ هەواڵەکە راستە یان راست نییە؟ [72]

ئەوەی لەم بەڵگەیە دەفامرێتەوە چەند خاڵێکە:

یەکەم: ئەو کەسەی شکاتەکەی کردووە دیارە دانیشتووی شەقڵاوەش نەبووە و ناوی عەبدوڵڵا ئەفەندییە و دانیشتووی قوتابخانەیەی حاجی بەشیر ئاغای نزیك بابی عالییە، پێدەچێ پێشتر فەرمانبەر بووبێت لە شەقڵاوە و ئێستاش کە لە نزیك بابی عالییە بە دەنگێکی بەرزەوە و بە جەسارەتەوە شکایەت دەکات.

دووەم: ناوی مەحموود بەگ بە مەحموود بەگی میرمەحمەلی هاتووە و دەڵێت لە ١٢٦٣وە بەڕێوەبەر و بەرپرسی قەزای خۆشناوە، کە دەکاتە ساڵی ١٨٤٧ی میلادی. بێگومان هەڵە لە بەڵگەنامەکەدا هەیە کە هەم خۆشناوی لە جیاتی شەقڵاوە

---

[71] دوای لابردنی عەبدولڕەحمان پاشا لە پۆستی والیی بەغدا، تەقیەددین پاشە بۆ جاری دووەم لە ٢٨ ی موحەڕەمی ساڵی ١٢٩٨ی کۆچی (١٨٨٠/١٢/٣١) دێتە بەغدا و دەست بەکار دەبێت. تەقیەددین پاشا لە پیاوە گەورەکانی دەوڵەت و کۆنترین وەزیرەکانی حسێب بوو، پیاوێکی بە هەیبەت و ڕاستگۆ و تەگبیرکەرێکی باش بوو، نزیکەی چل ساڵ کاروباری دەوڵەتی لە ئەستۆ بوو، زیاتر لە شەش ساڵ والی بەغدا بووە، لە نێوان ساڵانی ١٢٩٨ی کۆچی تا ١٨٨١ی میلادی، جەمیل سدقی زەهاوی بە قەسیدەیەك پەسنی دەکات. لە ١٠ی ڕەمەزانی ساڵی ١٣١٠ی کۆچی وەفاتی کردووە. موسوعة تاريخ العراق،العهد العثماني الثالث، عباس العزاوي المحامي، الدار العربية الموسوعات، ج ٧/ ص١٠٢

[72] بروانە بەڵگەی A_}MKT_UM___00472_00094_001

بەکارهێناوە و هەمیش بە قەزای حسێب کردووە، لە ڕاستیدا وەك سەرپەرشتیارێك بووە و هیچ بەڵگەیەك نیشان نادات کە لەو مێژووەوە شەقڵاوە ناحیە بووبێت.

سێیەم: دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش باس دەکات لەبارەی شکایەتکردنەوە، دەڵێت ئەگەر کەسێك شکایەت لە کەسێکی تر بکات، ئەوا مەحموود بەگ پارە لە شکایەتکار دەستێنێت و ئەگەر هیچی لەسەر ساغ نەبوویەوە ئەوا دوو قاتی لێ دەستێنێت.

چوارەم: عەبدوڵڵا ئەفەندی ئاماژە بە ڕووداوێکی گرنگ دەکات، لە نێوان والی بەغدا و والی پێشووی شارەزوور لەلایەك و مەحموود بەگ لەلایەکی تر، دەڵێت: "لەبەر ئەو ستەم و زۆردارییەی ئەو، والی بەغدا و والی پێشووی شارەزوور دەوڵەتداران نامیق و سەلیم پاشا بە زەبری هێز و سەرباز گرتویانە و ئەویش توانیویەتی خۆی لە دەستیان ڕزگاربکات، جا ئەمیری ناوبراو گەڕاوەتەوە قەزای ناوبراو و لە نوێوە بۆتەوە بەڕێوەبەری ناوچە. لە ماوەی حەفت هەشت ساڵ بە تەواوی هەموو ستەم و زۆرداریيەك لەو خەڵکە هەژار و بیدەستەڵاتە کردووە کە وەك بەندە و دیلیان لێهاتووە و لەناوخۆیان دەڵێن تاکەی ئەم ستەمە بەردەوام دەبێت؟، ناتوانن شەکوای خۆیان بگەیەنن و دوای گەیشتنی ئەم ڕاپۆرتە داوا دەکەن کە بەڕێوەبەری قەزاکە لابدرێت و ئەو موڵك و ماڵ و سامانەی هەژاران کە داگیری کردوە بیگەڕێنێتەوە و لەسەر ئیعدامی ئیعدامکراوەکانیش لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت و لێکۆڵینەوە لەو کێشانە بکرێت تا حەق جێبەجێ بێت. لەو ڕووەوە داوادەکەین بە گوێرەی یاسا لێکۆلینەوە لەوەی کردویەتی لەماوەی خزمەتەکەی بکرێت و پەلە بکرێت کە زیادە لەسەر باجەکان نەستێنێت و واز لە بەکارهێنانی خەڵك بێنێت بە

خۆرایی بۆ ئیش و کاری خۆی و با ڕاسپاردەی والی بەغدا دەولەتلو[٧٣] و سەعادەتلو موتەسەریفی شارەزوور حەزرەتی پاشا و فەرمانێکی تایبەت لە جەنابی خەلافەتپەنا تایبەت بەمە دەربچێت و ئەمەش وادەکات داوایەکان لە خەڵکەوە بەرەو سەڵتەنەتی پایەبەرزەوە کەمەندکێش بن."[٧٤]

## شەڕی نێوان شەقڵاوە و عوسمانییەکان

لەناو بەڵگەکانی عوسمانیدا، زۆر کەم شەڕ و تێکهەڵچوونەکان لەو سنوورەدا تۆمارکراوە، ئەو شەڕانەی هەبوون بە زۆری لە سەر ستەمکردن بووە و ستەمەکەش زیاتر خۆی لە مەسەلەی باج سەندن دیوەتەوە، دیارە باج ستاندن خەڵکی زۆر نیگەران کردووە، چونکە دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتاییەکانی دەستەڵاتیدا تووشی داڕووخانی دارایی هاتبوو بە هۆی شەڕ، بۆیە بەردەوام باجی لەسەر خەڵك زیاد دەکرد، یاسای کۆکردنەوەی باج لە هەموو شوێنێکی ئیمپراتۆیەت کاری پێ دەکرا. لە دیاریکردنی باجیش ستەمێکی زۆر لە خەڵك دەکرا، هەر کاتێك فەرمانبەرە تورکەکان بە باشی خزمەت نەکرابان و بەرتیلیان پێ نەدرابا، ئەوا لە خەمڵاندنی دەغڵ و دان و ئاژەڵ و میوەجات زێدەڕۆییان دەکرد، خەڵکی گوندەکانیش ئەمەیان پێ نەدەدرا، بۆیە بە زۆری لە حکومەت یاخی دەبوون. جاری وا بووە حکومەتی عوسمانی زەکاتی چەند گوندێکی بە ئاغایەك دەدا، کە بەشی خۆیی و حکومەت کۆبکاتەوە، هەندێ جار ئەو ئاغایە

---

[٧٣] دەولەتلو (خاوەن دەوڵەت دەوڵەتدار): بە مانای خاوەنی دەوڵەت دێت، ئەمەش نازناوێکی تەشریفی بوو، کە بەو نازناوە وەزیرەکان و سەرلەشکرەکان و مەشایخەکانی ئیسلام و ئەمیرەکانی مەککە ....ی پێ دەدوێندرا، بۆ نمونە سەدری ئەعزەم کە سەرۆك وەزیرانە بە دەولەتلو فەخامەتلو دەدوێندرا، سەرکردەکانی لەشکر بە خاوەن دەوڵەت و میهرەبان و، ئاغایەکانی ئەستەنبوڵیش بە دەوڵەتداری خاوەن عینایەت و هەروەها نەوەکانی ئالی عوسمان دەولەتدار و نەجیبزادەیان پێ دەگوتن و شێخەکانیش بە صاحب الدولة والسماحة و، ئەمیرەکانی مەککەش بە صاحب الدولة والسیادة ناویان دەبرد.

[٧٤] بڕوانە بەڵگەی A_}MKT_UM___00472_00094_002

بەشی حکومەتی بۆ ماوەی چەند ساڵێك نەدەدا، بۆیە حکومەت دەکەوتە ویزەی خەڵك و بەسەر گوندەکانی دادەدا و زۆر جار وێرانی دەکردن. [٧٥]

لە یەك لە بەڵگەکاندا، دوای ئەوەی عوسمانییەکان لە کەرکووکەوە چەند کەسێکی سەربازی ڕەوانی سنووری شەقڵاوە و هەریر و ڕواندز دەکەن بۆ ئەوەی باج و سەرانەی ساڵانە کۆبکەنەوە. لە سنووری شەقڵاوە و لە گوندی (قۆیژە) کە بە دروستی بۆمان ساغ نەکرایەوە کامە گوندە، بەڵام لە ڕووی نووسینی عوسمانییەکانەوە لە گوندی قیرژە دەچێت، خەڵکی گوندەکە هەڵدەکوتنە سەر نێردراوەکانی عوسمانی و بەڕێوەبەری ناحیەکە و، چاوش[٧٦] (عەریف)ێك دەکوژن و چەك و رخت و فیشەکەکانیشی دەبەن و هەندێك کەلوپەلی تایبەتی بەڕێوەبەری ناحیەش دەبەن.

ڕووداوەکە لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٠١ ڕوویداوە. کەسە کوژراوەکە ناوی عومەر چاویش بووە و بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوەش لەو

---

[٧٥] قەزای شەقڵاوە لە سەردەمی پاشایەتیدا (١٩٢١-١٩٥٨)، کۆرەك حسن احمد، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، نیسانی ٢٠١٧ ل ١٣.

[٧٦] چاووش çavuş: جۆرە فەرمانبەرێکی ناو دەوڵەتی عوسمانی بوون، لە زۆر کاری وەزیفیدا بەکاردەهات، گرنگترینیان:

١-خزمەتی دیوانی هومایونی کاتێك دیوانەکە دەبەسترا، دەبوایە بە یەکێکیان گوتبا چاووشی دیوانی هومایۆنی.

٢-چاووش قول، کەسەکانی ناو لەشکری پیادەی ئینکیشاری بوون، کە بەرپرسیاربوون لە گواستنەوەی هەواڵ لە نێوان فەرماندەکان و سەربازەکان لەناو گۆڕەپانی شەڕدا.

٣-ئەو فەرمانبەرەی کە لە دوای کەتخودا دەهات.

٤-چاووشی تەرسانە: ئەوانەی کە لە خزمەتی کەشتی و کاروباری دەریا بوون.

چاووش لە بنەڕەتدا بە مانای حاجیب دێت، کە پۆستەچی و بەرید هەڵگر بوون، یان ڕابەری شەڕەکان بوون، یانیش کۆکەرەوەی هەواڵ بوون، سەرکردایەتی دە کەسی دەکرد، بە زاراوەی ئێستا وشەی عەریفی بۆ بەکاردێت.

ڕووداوەدا بریندار بووە و بکەری کارەکانیش هەڵاتوون. لەو بارەدا فەرماندەی سەربازی بە ناوی (ڕەزا) ئاگاداری ویلایەتی موسڵ دەکاتەوە، کە ڕێ و شوێنی یاسایی بگرنە بەر و کارێکی وا بکەن کە خەڵك زات نەکات جارێکی دیکە کاری لەو شێوەیە دووبارە بکەنەوە.[٧٧]

## بەکر بەگی بالیسانی و کێشە و گرفتەکانی لەگەڵ عوسمانییەکاندا

بەکر بەگی بالیسانی، وەك لە بەڵگەکانیشدا هاتووە، یەکێکە لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی خۆشناو و دانیشتووی گوندی بالیسانە، دەوروبەری ساڵی ١٨٩٦ گرفتی لەگەڵ عوسمانییەکاندا هەبووە و لە شاری موسڵ ئاشووب و گۆبەندی ناوەتەوە و بەو بۆنەوە فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە. ناوبراو دوای ئەو فەرمانی گرتنە بۆ ئێران ڕایکردووە و لە شاری مهاباد نیشتەجێ بووە. دیارە دوای دوو سێ ساڵ پەشیمان بۆتەوە و لەوێ لە مهابادەوە پەیوەندی بە فەرمانگەی دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی دەکات و حاڵ و مەسەلەی خۆی بۆ باس دەکات و لەوێوە نامە بۆ سەرووی دەوڵەتی عوسمانی بەرزدەکرێتەوە کە بەکر بەگ پەشیمان بۆتەوە لەو کارانەی کردوویەتی و داوای بەخشین و لێبوردن دەکات و داوا دەکات بگەڕێتەوە مەفتەن و وڵاتی خۆی. بۆ ئەم مەبەستە لە سەدارەتەوە (خەلافەتەوە) نامە بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەنێردرێت تا لەو بارەوە وەڵامی بەکر بەگ بدەنەوە، نووسراوەکەش لە ١٨٩٩/٣/٢١ نووسراوە.[٧٨]

---

[٧٧] بۆ زانیاری تەواو لەبارەی بەڵگەکە بڕوانە بەڵگەی ژمارە

[٧٨] بڕوانە بەڵگەی BEO_001283_096203_001

## گرنگی شەقڵاوە لە ڕووی سەربازییەوە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

شەقڵاوە ئەگەرچی بە درەنگیشەوە دەبێتە ناحیە، بەڵام لە ڕووی سەربازییەوە شوێنێکی گرنگی هەبووە و لە سەر هێڵی نێوان کەرکووک هەولێر و ڕواندزدا وەك ناوەندێك تەماشاکراوە، بۆیە لە بەشێك لە بەڵگەکان، شەقڵاوە وەك شوێنێکی ستراتیژی ناوی هاتووە بەتایبەتی لە مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا وەك شوێنێکی نزیك لە سنوور تەماشای کراوە.

هەر بۆیەشە دەروازەی ڕاکردن بۆ ئێران، لە شەقڵاوەوە تێپەڕ دەبوو و ئەو کاتەیشی بەکر بەگی بالیسان ڕادەکات، نزیکترین شوێن کە دوور بێت لە دەستەڵاتی عوسمانییەکان مەهاباد بووە. لە ڕووی سەربازیشەوە دەوڵەتی عوسمانی پێی باش بووە کە سەربازگەیەك یان کۆگایەك لە شەقڵاوە بکاتەوە بۆ هەڵگرتن و پاراستنی چەك و تەقەمەنی تێیدا، هەر وەك لە بەڵگەیەکدا ئاماژە بەوە دەکات کە ویلایەتی موسڵ نوسراوی بۆ سەرووی خۆی بەرزکردۆتەوە و داوای ئەوەی کردووە کە کۆگای چەك هەڵگرتنیان لە کەرکووك و کۆیە و هەولێر نییە و ناچارن چەکەکان لە ناوەندی تابوورەوە دابنێن. بۆیە دەوڵەتی عوسمانی پێی باشە کە لە شەقڵاوە و ئاڵتون کۆپری و خورماتوو و دهۆك و ڕواندز و بەعشیقە کۆگای هەلگرتنی چەك دروست بکرێت، بۆ ئەو مەبەستە داوای پشکنین و گرتنە بەری ڕێ و شوێنی پێویست دەکات، ئەم نووسراوەش لە ڕێکەوتی ١٩٠١/٤/١٦ ی نووسراوە.

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا کە دوای ساڵی ١٩٠٥ نووسراوە، داوای دروستکردنی ناوەندێکی تابووری رەدیف[٧٩] لە شەقڵاوە و هەریر دەکات، ئەمەش لە بەرژەوەندی دەوڵەتەوە دەیبینن و بە گرنگییەوە باسی لێوەدەکەن: "بۆ سەرکەوتنی لەشکری سوڵتان و فراوانکردنی گەیشتنی فەرمانەکان و گرتنەبەری هۆکارەکان بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی چاوەڕێکراو لە مەملەکەتی سوڵتانی، ئەوا ئەو شوێنانەی کە گرنگ و باشن و سەر بە ویلایەتی موسڵن، لەوانە ناحیەی شەقڵاوە و حەریر پێویستیان بە دامەزراندنی ناوەندێکی تابووری رەدیفە لە هەر یەکێکیان، ئەمەش بۆ وەرگرتنی سەربازانی رەدیف، ئەو ناوەندەش بە حکومەتی ناوچەییەوە تەواو پەیوەست بێت."[٨٠]

[٧٩] رەدیف **Redif**: پۆلێکی سەربازی بووە لە سەردەمی عوسمانییەکان، خزمەتی سەربازی لە سەردەمی سولتان عەبدولعەزیز چوار ساڵ بوو، پێیان دەگوت عەسکەری، ئەمە وەك وەزیفەیەك وابوو دواتر وەك یەدەگ دوو ساڵان دەبوایە خزمەتی بکردایە، لە کۆتاییدا خزمەتی سەربازیی نیزامی تەواو دەبوو، بەڵام دواتر بۆ ماوەی چواردەساڵیش داوادەکرا (مكلف)، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە شەڕ هەبووایە یان ڕاهێنانیان پێ بکرایە، جا سەربازی لەو ماوەیەی دووەمدا پێیان دەگوت ڕەدیف. ڕێکخستنی سەربازیی عوسمانییەکان کە لە ساڵی ١٢٥٩ی کۆچی سیستەمەکەی ڕێکخرا، بریتی بوو لە سەربازی نیزامی و سەربازی رەدیفی، پاشان لە ساڵی ١٢٦٤ فەرمانێك دەرچوو، کە تێیدا ١-نیزامی دەبوایە چوار ساڵ بێت و ناچاری بوو. ٢-یەدەگ ئەمەش لقێك بوو لە نیزامی و ماوەکەی دوو ساڵ بوو ئەگەر پێویست بووبا. ٣-ڕەدیفی ماوەکەی ٦ ساڵ بوو. ٤-موستەحفەظە ئەمەش لقێك بوو لە رەدیفی و ماوەکەی هەشت ساڵ بوو. موسوعة تاريخ العراق،العهد العثماني الثالث، عباس العزاوي المحامي، الدار العربية الموسوعات، ج ٢٦١/٧

[٨٠] DH_TMIK_S___00060_00040_001

## شەقڵاوە تابوور[٨١]ی سەربازی لێ بووە

بە پێی بەڵگەیەك لەشکری شەشەمینی هومایۆن لە شەقڵاوە بووە، کە بەشی فەوجی ٩٠ و تابووری سێیەم و چەند بلۆکێك بووە، لەوانە بلۆکی ١٢، کەسێك بەناوی ملازمی یەکەم ئەحمەد جەمال لە شەقڵاوەوە داوای خانەنشینی کردووە. لەم بەڵگەیەدا ڕوون نییە ئەم ملازم جەمالە خەڵکی شەقڵاوە بووە یان شوێنی تر، بەڵام لەوە دڵنیادەکاتەوە کە بلۆکی ١٢ی تابووری شەقڵاوە بووە و لەوێ خزمەتی کردووە و نامەی بۆ سەدری ئەعزەم[٨٢] ناردووە و داوای خانەنشینی کردوە و سەدری ئەعزەمیش ڕەزامەندیی لەسەر داوە.[٨٣]

---

[٨١] تابوور (طابور) **Tabur**: ڕیزی خەڵك بوو بەدواییەکەوە، یان یەکەیەکی سەربازی بوو لە لەشکری پیادەی عوسمانی، کە لە چوار فیرقە پێکهاتبوو، جا جیاوازی فیرقەکانیش بەهۆی جیاوازی سەربازگە (معسکر)ەکانەوە بوو.

[٨٢] سەدری ئەعزەم **Sadrıazam**: ئەو کەسە بوو کە پلەی سەرۆك وەزیرانی هەبوو لە دەوڵەتی عوسمانی، ئەم کەسە وەکیلی ڕەهای سوڵتان بوو. بەڵام بۆ ئەوەی جیاوازی لەنێوان ئەو و وەزیرەکانی تر هەبێت، ناونرا وەزیری ئەعزەم. هەروەها بە سەدری عالی و ساحێبی دەوڵەتیش ناودەنرا. بەڵام نازناوی سەدری ئەعزەم زیاتر لە نازناوەکانی دیکە پەرش و بڵاوبوو. ئەم سەدری ئەعزەمە دەستەڵاتێکی ڕەهای لە هەموو کاروبارەکانی دەوڵەت هەبوو، تەنانەت مۆری سوڵتانی لەلابوو. سەرۆکی دیوانی هومایۆن و هەموو ئەو فەرمانانە بوو کە دەردەکران بۆ دامەزراندن یان لەکارلادان یان کوشتن و لەلایەن ئەوەوە دەردەچوون. ئەوەندە هەبوو لەو بابەتانەی پەیوەندی بە یەکێك لە وەزیرەکان یان قازیی سەربازی، یان شێخولئیسلام هەبوو ئیزنی لە سوڵتان وەردەگرت. بەڵام لە کاتی شەڕدا ئیزنی لە سوڵتان وەرنەدەگرت. ئەگەرچی سوڵتانیش هەموو دەستەڵاتێکی هەبوو کە سەدری ئەعزەم لەسەر کار لابدات یان بیکوژێت. ئەو فەرمانگەیەی کە سەدری ئەعزەم کاری تێدادەکرد بە بابی پاشا و بابی ئاصەفی ناودەبرا.

[٨٣] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە بەڵگەی İ__HB___00003_00034_004

## شەقڵاوە و ڕێگەی تەلەگراف و بەرید

لەبەر گرنگیی شەقڵاوە و شوێنە ستراتیژییەکەی، هەوڵدراوە لە هەموو لایەکەوە لەلایەن عوسمانیەکانەوە گرنگی پێ بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە ئەو هێڵەی تەلەگراف و بەریدەی کەوا لەنێوان کەرکووك و هەولێردا هەیە، داوا دەکرێت کە فراوانتر بکرێت و شەقڵاوەشی بخرێتە سەر، بۆ ئەم مەبەستە دوای ساڵی ١٩٠٥ی میلادی داواکارییەکان بۆ فراوانکردنی هێڵەکە فراوانتر دەبن و لە بابی عالییەوە ئەو داوایە دەکرێت:

" بۆ دروستکردنی ڕێگایەکی بەریدی لە نێوان ناحیەی کۆپری و قەزای هەولێر، ئەم ڕێگایە زۆر گرنگە، بە ناحیەی شەقڵاوە وە بۆ چەند دۆڵێك تێدەپەڕێت، جا بۆ کارئاسانی دروستکردنی پردێك بەسەر هەندێك لەو دۆڵانە زۆر پێویستە و بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەم ڕێگایە خەتی تەلەگرافی پەیوەندیکردن بۆ مامەڵە بازرگانییەکان و پەیوەندی کاروباری سەربازی، بەتایبەتی ئەو ناوچەیە بۆتە ناوەندی وەرگرتنی سەرباز ، گرنگی دروستکردنی ئەو خەتە تەلەگرافە لە نێوان ئەوێ و شەقڵاوەدا کە لە داهاتوو گرنگییەکی گەورەی دەبێ."[٨٤]

دوای ئەو مێژووە بابەتەکە بە هەند دادەنرێت و لیژنەی چاکسازی و خێراکردنی مامەڵەکان دەکەوێتە خۆو هەوڵەکە بە کردەیی دەست پێدەکات و بە ڕەسمی داوای ئەوە دەکرێت کە شەقڵاوەش بکەوێتە نێو هێڵی تەلەگرافەوە و لەو بارەوە لە ١٩٠٦/١/٢٩ نووسراو بۆ ویلایەتی موسڵ دەنێردرێت و تێیدا وەڵامی نووسراوی ڕێکەوتی ١٩٠٥/١١/١ی داوەتەوە و "ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە خەرجیی پێویست بۆ دروستکردن و ڕاکێشانی خەتی تەلەگراف لە نێوان ناحیەی شەقڵاوە و سنجار ٧٢٨١ فرنق و ١٣٠٨٨٨ قڕووشە بە جارێك و پێویستی بە مووچە و خەرجیی ناوەند هەیە، کە

---

[84] DH_TMIK_S___00060_00040_001

بڕەکەی بە ٣٠٩٣٠ قڕووشی ساڵانە دەخەملێندرێت، جا ئەم بڕە پێویستییە بەشی ئەم خەرجییەی نەکردووە و وەزارەتی داراییش لەسەر خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە توانای نییە، ئەم وەڵامەش بۆ وەزارەتی پۆستە و تەلەگراف دەنێردرێت، ئەمەش دوای بەدواداچوونی لیژنەی خێراکردنی مامەڵەکان، لەگەڵ ئەوەشدا سوودی راکێشانی ئەو هێڵەش لەم بارەوە موتالاکراوە و بەدواداچوونی فەرماندەی پێشووی لەشکری هومایۆنیش سەبارەت بەمە بۆ خاوەنی شەفەقەت و رەحمەت (سولتان) نێردراوە. جا لەو سۆنگەیەوە بۆ پەیداکردنی بڕە پارەکە دەست و برد و هیممەتێك."[85]

## شەقڵاوە لە ڕووی کارگێڕییەوە

ڕەنگە باری کارگێڕی شەقڵاوە لەناو ئەرشیڤخانەی عوسمانیدا لە زۆربەی شار و ناحیەکانی تر جیاواز بێت، ئەویش لەبەرئەوەی پێش ببێتە ناحیە، سەرپەرشتیاری هەبووە و ئەو سەرپەرشتیارەش هیچ بنەمایەکی یاسایی و ڕەسمی نەبووە و تەنیا بە زارەکیی بووە و لە چوارچێوەی ناحیەبووندا جێی نەبۆتەوە.

بەر لەوەی لە ڕووی کارگێڕییەوە بە گوێرەی بەڵگەنامەکانەوە هیچ ئاماژەیەك بدەین، لە نووسراوەکاندا بەو شێوەیەی خوارەوە باس لە باری کارگێڕیی شەقڵاوە و عەشیرەتی خۆشناو کراوە:

لە ساڵنامەی عوسمانی ساڵی ١٢٧٤ی کۆچی کە دەکاتە ساڵی ١٨٥٧ی میلادی، لەگەڵ ناوی لیوای کەرکووك ناوی عەشیرەتی خۆشناو، میرمحەمەدی (میرمەحمەلی)، میریوسفی، پشت گەری، سکتان، شەقڵاوە هاتووە.[٨٦]

لە ساڵنامەی ١٣٢٧ی مالیی کە دەکاتە ١٩١١ی میلادی قەزای کۆیە تەنیا یەك ناحیەی هەیە ئەویش ناحیەی شەقڵاوەیە و دیارە گوندەکانی شەقڵاوە نەژمێردراون و

---

[85] DH_TMIK_S___00060_00040_005

[٨٦] بڕوانە سالنامە سنە ١٢٧٤، دار العامرة للطباعة، ص ١٢٠

به سفر ناوی هاتووه کەچی بە هەمووی ناحیەی ناوەندی قەزای کۆیەوە ١٢١ گوند هاتووە و قائیمقامی کۆیە حاجی حەسەن ئەفەندییە و جێگرەکەی محەمەد سابر ئەفەندییە[٨٧].

هەرچی پەیوەندی بە بواری کارگێرییەوە هەیە لەناو بەڵگەنامەکاندا، ئەوا:

لە ١٨٨٧/٨/٢٤ی میلادیدا مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی حافز سلێمان صالحلی لە شوێنی مەحموود بەگ دادەنرێت، بڕیارەکەش لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لە ٤ی زولحیججەی ساڵی ١٣٠٤ی کۆچی کە دەکاتە ١٨٨٧/٨/٢٤ی زایینی نووسراوێك لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە، کە دەڵێت: "لەناو سنجاقی شارەزوورەوە چەند ناحییەیەك هەن، مەحمود بەگ تەنسیب کرا بۆ ئەوەی ببیتە بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە کە لە نوێوە ئەم ناحیەیە دامەزراوە. جا ئەو مەزبەتەیەی لە ئەنجومەنی کارگێری ویلایەت و لیژنەی هەڵبژاردنی فەرمانبەران هاتووە ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە ڕازی نین لەسەر ئەم دامەزراندنانە، چونکە لەگەڵ ڕێنماییەکان نایەتەوە، بۆیە مامۆستای پێشووی قوتابخانەی سەرەتایی حافز سلێمان صالحلی وەك بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە دادەمەزرێت. ئەمەش لە داخویانی ئەو مەزبەتەیە هاتووە کە لە لیژنەی ناوبراوەوە دەرچووە و بۆ بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە بڕی ٧٥٠ قڕووش مووچەی مانگانە لە ڕۆژی دەستبەکاربوونی تەرخاندەکرێت و بە گوێرەی بڕیاریش دەبێ نیوەی مووچەی یەکەمی لێ ببڕدرێت بۆ سندووقی خانەنشینی، هەروەك ١٧٤٠ قڕووشیش لە جیاتی خەرجییەکانی ڕێگای بۆ

---

٨٧ سالنامەء دولت علیە عثمانیە، سنەء مالیە ١٣٢٧، در سعادت، سلانیك مطبعەسی ١٣٢٧، ص ٧٩٢.

خەرج دەکرێت. لەم ڕووەوە دەبێت ویلایەت و فەرمانگەی ژمێریاری ئاگاداربکرێنەوە."[٨٨]

"ئیدارەی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی شەقڵاوە لەلایەن حافز سلێمان صالحلی مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بەڕێوەدەبرێت، ڕێ و شوێنەکانیش گیراونەتە بەر هەر وەك لە لیژنەی هەڵبژاردنی فەرمانبەران هاتوە و بۆ ئەو فەرمانبەرانە مووچەی مانگانە تەرخاندەکریت، وەك بۆ بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە ٧٥٠ قڕووش[٨٩] مووچەکەیەتی و لە رۆژی دەستبەکاربوونییەوە بۆی حسێبە و بە گوێرەی بڕیارنامە نیوەی مووچەی یەکەمینی بۆ سندوقی خانەنشینییە و بۆ هەموو بەڕێوەبەرەکانیش کرێی ڕێگا ١٧٤٥ قڕووش لە دارایی ناوچەیی سەرف دەکرێت و ئەمەش دەخرێتە خشتەی خەرجییەکان و ئەم ڕوونکردنەوەش دەدرێتە فەرمانگەی ژمێریاری."[٩٠]

لە ڕێکەوتی ١٨٨٨/١٠/٥ی میلادی، واتە دوای نزیکەی ساڵێك و دوو مانگ لە دەستبەکاربوونی حافز سلێمان ئەفەندی، بەهۆی ئەوەی کارامە و لێهاتوو بووە لە بەڕێوەبردنی ناحیەکەدا، بڕیاری گواستنەوەی بۆ ناحیەی مزووری بۆ دەدرێت و بڕیارەکەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

" گواستنەوەی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە حافز سلێمان ئەفەندی بە هۆی ئەوەی بە توانا و شیاوە، بۆ ئەوەی ببێتە بەڕێوەبەری ناحیەی مزووری سەر بە دهۆك، ئەمەش

[٨٨] DH_MKT__01442_00048_001

[٨٩] لە بارەی جۆرەکانی پارەی دەوڵەتی عوسمانی، جۆرێك هەبووە بەناوی "پارە": پارە ناوێکی گشتی بووە بۆ دراو و فلوس و درهەم، لە بنەڕەتدا دراوێکی کانزاییە، لە سەردەمی سوڵتان موورادی چوارەمەوە لێدراوە، هەر ئۆقجەیەك لە سەردەمی سولتان محەمەدی فاتیح بەرامبەر سێ پارە بوو، هەر یەك قرووشیش بەرامبەر چل پارە بوو، کە دە پارەیی و بیست پارەیی هەبوو. دواتر وای لێهات هەر یەك پارە سێ ئۆقجە بوو و هەر ئۆقجەیەکیش سێ پوول بوو. بۆ سەرچاوەی ئەم زانیارییە و هەموو ئەو پەراوێزانەی کە ناوی سەرچاوەیان تێدا نەهاتووە، بڕوانە المعجم الموسوعی للمصطلحات العثمانیة التاریخیة.

[٩٠] DH_MKT__01442_00048_001

له مەقامی بەشکۆی ویلایەتەوە هاتووە لە ڕێکەوتی ٢١ی کانوونی یەکەمی سالی ١٣٠٣ و بە ژمارەی ٣٥ لە نووسراوەکانی ژمێریاری کە مووچەی بەڕێوەبەری ناحیەی مزووری ٤٣٢ قرووشە و مووچەی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە ٧٥٠ قرووشە. سەبارەت بە بڕی مووچەکانیش لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەرەوە، ئەوا بە گوێرەی حوکمی هاتووە لە پەراوێزی بڕیاری مووچەکانی تابلۆی ڕێکخستنی مووچەکان و ناکرێ دوای بڕیارلەسەردان و ڕەزامەندی دەربڕینی هیچی لێ زیادبکرێت و کەم بکرێت."[٩١]

بە پێی بەڵگەیەك لە ٢١ی شەعبانی ساڵی ١٣٠٥ی کۆچی کە دەکاتە ١٨٨٨/٥/٣ی میلادی، وەزارەتی ناوخۆ نووسراوێکی بۆ ویلایەتی موسڵ ناردووە و تێیدا ئەوەی باسکردووە کە " لیژنەی هەڵبژاردنی فەرمانبەران مستەفا ئەفەندییان وەك بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە دانا، چونکە پۆستەکە بەتاڵە. جا بۆ ئەو بەڕێوەبەرە، مووچەی مانگانە بە بڕی ٧٥٠ قرووش تەرخانکراوە، ئەمەش لە ڕۆژی دەستبەکاربوونییەوە دەبێت، بە گوێرەی تۆمارەکان و ئەو کاتەی هەواڵی گەیشتنی دەگات خەرجی ڕێگاشی بە گوێرەی ئوسوڵ لە دارایی ناوچە بۆ خەرج دەکرێت، ئەمەش دەبێت بچێتە ناو خشتەی خەرجییەکانەوە."[٩٢]

بە پێی نووسراوێك کە مێژووی ٢٩ی موحەڕەمی ساڵی ١٣٠٦ی کۆچی لەسەرە، کە دەکاتە ١٨٨٨/١٠/٥ی میلادی، نووسراوەکە لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ ویلایەتی موسڵ ناردراوە و ئاماژە بە بڕیاری خەلافەت دەکات بۆ بەستنی عەلاوەی بەڕێوەبەری ناحیەکان و تێیدا مووچەی مانگانەی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە دەبێتە ٧٥٠ قرووش لە مانگێکدا. ئەمەش بە پشت بەستن بە نوسراوێك کە بۆ خەلافەتەوە

91 DH_MKT__01550_00113_001
92 DH_MKT__01505_00116_001

بەرزرکراوەتەوە و ئەو نووسراوەش لە ١٨٨٨/١/٢ بەرزرکراوەتەوە[٩٣]. واتە لەم ڕێکەوتەوە مووچەی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە خەرجکراوە.

بە پێی بەڵگەیەك کە لە ٣ی شەعبانی ساڵی ١٣٠٦ی کۆچی کە دەکاتە ١٨٨٩/٤/٤ی میلادی نووسراوە، بە پشت بەستن بە نووسراوێکی ویلایەتی موسڵ لە ١٨٨٩/٢/٢٧ی میلادی کە داوای ئەوەیان کردبوو "ناحیەی شەقڵاوە و داقووق شوێنەکەیان گرنگن، بۆیە داوادەکرێت کە بەڕێوەبەرایەتی و لقی لێ دابمەزرێندرێت". لە وەزارەتی ناوخۆشەوە وەڵام دراوەتەوە کە :"جا دوای داواکارییەکە لەم ڕووەوە پێویستە بە گوێرەی هەبوونی بەرژەوەندی تێیاندا زۆر لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی لەبارەوە بکرێت."[٩٤]

دوای ئەم مێژووە، وا دیارە گرفت و کێشە دەکەوێتە ناو شەقڵاوە و شێوەی بەڕێوەبردنی ئیدارەی ناحیەکە تووشی گرفت دەبێت و بەڕێوەبردنەکە بە شێوەی سەرۆکایەتی بەڕێوەدەچێت و لەو بارەشەوە دەوڵەتی عوسمانی ترسی ئەوەی هەیە کە لەبەر نەبوونی بەڕێوەبەرێکی رەسمی بۆ ناحیەکە، گرفتەکان زیدەتر بن و خەڵکی خراپ ڕەوشەکە بقۆزێتەوە، بۆیە وەزارەتی ناوخۆ بە نوسراوێك لە ڕێکەوتی ٢٠ی شەعبانی ساڵی ١٣١٠ی کۆچی کە دەکاتە ١٨٩٣/٣/٩ی میلادی ئەم نووسراوە بۆ ویلایەتی موسڵ دەنێرێت:

"ناحیەی شەقڵاوە کە دەکەوێتە سنجاقی شارەزوور، بە شێوەی سەرۆکایەتی بەڕێوەدەبردرێت، جا بە هۆی گرنگی شوێنەکەی، پێویستی بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرێك هەیە بۆی، خەڵکی گوندەکە و موختارەکانیشی بە تەلەگراف داوایان بۆ مەقامی سەدارەتی سامی و وەزارەتی پایەبڵند هێناوە و ئەو داوایە دەکەن، هەواڵیش لە دڵسۆزانی ویلایەت هاتووە کە بەشێکیان نیەتی باشیان نییە و کەسانی

---

[93] DH_MKT__01550_00113_001
[94] DH_MKT__01612_00108_001

بەرژەوەندیخواز داوای پێچەوانەی ئەوان دەکەن. جا چەند کەسێك لە هەوڵی ئەوەدان فکری خەڵکەکە بگۆڕن ، لەبەرئەوە پاڵپشت بەو داواکارییە و ئەو وێنەیە لە پێناو پاراستنی ئەمنیەتی ناوچەکە ناحیەی ناوبراو لەژێر سەرۆکایەتی دەمێنێتەوە و بە ڕەچاوکردنی تەلەگرافی ناوهاتیش کە بۆ وەزارەت نێردراوە هاوپێچ دەکەین، بە زوویی بەدواداچوون لەسەر ئەو مەزبەتەیە بکرێت و دەست و برد و هیممەت بکرێت بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە."[٩٥]

یەکەم بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە دوای دامەزراندنەوەی ناوی شەوقی ئەفەندی بووە، لە بەڵگەیەکدا دەردەکەوێت کە فەرمانی بوون بە بەڕێوبەری ناحیە لە ڕێکەوتی ٤ی موحەڕەمی ساڵی ١٣١١ی کۆچی بووە کە دەکاتە ١٨٩٣/٧/١٨ی میلادی، لە بەڵگەکەدا دەڵێ بەم دواییانە شەقڵاوە بۆتە ناحیە (لە بەڵگەیەك دیارە کە نوێکردنەوەی ناحیە و دووبارە دامەزراندنەوەی ناحیەی شەقڵاوە لە ڕێکەوتی ١٨٩٣/٣/١٨ بووە)[٩٦] و شەوقی ئەفەندیش پێشتر بەڕێوەبەری ناحیەی سنقطی بووە و گوازراوەتەوە بۆ شەقڵاوە.ئەم نووسراوە لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە و جگە لە باسکردنی ئەو وەك بەڕێوەبەری ناحیە، ئەوەشی نیشانداوە کە دەبێت لە مووچەی ناوبراو مانگانە سەدی پێنج ببڕدرێت و هەروەك مانگانە سەدی یەکی مووچەکەی بۆ خانەنشینی دەبڕدرێت و دوای مانگی دووەم سەدی پێنج بۆ سندووقی مولکییەتی لیژنەی چاودێری بچێت .هەروەها خەرجی ڕێگای بە بڕی ١٧٤٠ قڕووش بۆ خەرج بکرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێ ناوبراو ژیاننامەی خۆی پێشکەش بکات و داخویانەکەش بۆ بەشی ژمێریاری لە وەزارەتی ناوخۆ نێردراوە[٩٧].

---

[95] DH_MKT__02053_00066_001

[96] BEO_000172_012841_001_001

[97] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە بەڵگەی DH_MKT__00089_00044_001

بە گوێرەی ساڵنامەی عوسمانیش لە ساڵی (١٣١٢ی کۆچی بەرامبەر ١٨٩٤ی میلادی) بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە، شەوقی ئەفەندی بووە و کاتیبەکەشی حاجی ئەمین ئەفەندیبووە.[٩٨]

شەوقی ئەفەندی لە ڕێکەوتی ١ی شوباتی ١٣١٠ی ڕۆمی[٩٩] کە دەکاتە ١٣ی شوباتی ١٨٩٥ وەك بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە دەستی لەکارهەڵگرتوە .

لە ١٦ی تەمموزی ١٨٩٦ مستەفا ئەفەندی بە وەکالەت بۆتە بەڕێوەبەری ناحیەکە.[١٠٠] هەر وەك لە بەڵگەشدا بەو شێوەیە هاتووە: " شەوقی ئەفەندی لە ١ی شوباتی ١٣١٠ەوە دەستی لە کار هەڵگرتووە و مستەفا ئەفەندی بە وەکالەت هاتۆتە شوێنەکەی هەتا ٤ی تەمموزی ساڵی ١٣١٢، پاشان وەکالەتەکەی بۆتە ڕەسەن "[١٠١]

لە ٢٩ی مایسی ١٣٢٠ی رۆمی کە دەکاتە ١١ی حوزەیرانی ١٩٠٤ مستەفا ئەفەندی لە بەڕێوەبەری ناحیە لادراوە و عەبدولرەحمان ئەفەندی لە ١ی جەمادی دووەمی ساڵی ١٣٢٢ کە دەکاتە ١٩٠٤/٨/١٣ فەرمانی دامەزراندنی وەك بەڕێوەبەری ناحیە دەرچووە و چاوەڕێی رۆژی دەستبەکاربوونی کراوە.[١٠٢]

---

[٩٨] موصل ولایتی، سالنامە رسمیسیدر ١٣٢٥ موصل مطبعەسندە ، ل١٧٣

[٩٩] ساڵی ڕۆمی یان ساڵی مالی **Rumi Yıl-Mali Sene**: ساڵی ڕۆمی ناوی ئەو مێژووەیە کە لە ساڵی ١٧٩٠ەوە لای عوسمانییەکانەوە بەکارهاتووە. لە بەڵگەنامە ڕەسمییەکاندا بە ساڵی دارایی (مالی) ناوی هاتووە. سەرەتای ساڵ لە سەرەتای مانگی ئادار دەست پێدەکات و بە ساڵی ڕۆمیش ناودەنرێت. جیاوازی نێوان ئەم مێژووە و مێژووی زایینی (میلادی) تەنیا ٥٨٤ ساڵە. واتە ئەگەر ٥٨٤ ساڵ بۆ ئەم مێژووە زیادبکەین، مێژووەکە دەبێتە میلادی. ئەم مێژووە و مێژووی کۆچی (ئیسلامی) لە نووسراوە ڕەسمییەکانی عوسمانی بەکاردەهاتن و مێژووی میلادی نەدەنووسرا.

[100] BEO_001211_090823_001

[101] BEO_001211_090823_001_001

[102] DH_MKT__00875_00023_001

بەڵگەیەکی دیکە ئاشکاری دەکات کە فەرمانی گواستنەوەی عەبدولرەحمان ئەفەندی لە ١٩٠٥/٣/١٢ دراوە.

لە ١٩٠٥/٣/١٢ بە نووسراوێك لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە، بڕیارێك دراوە کە دەڵێت: لەسەر بنەمای ڕەزامەندیی محەمەد نیازی بەڕێوەبەری ناحیەی ئالتون کۆپری و عەبدولرەحمان ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە، لە کارەکانیان ئاڵوگۆڕییان پێکرا و ئەمەش لە ڕۆژی دەستبەکاربوونیانەوە حسێبە و بۆ عەبدولرەحمان ئەفەندی بڕی ٦٧٥ قڕووشی مووچەی مانگانە و بۆ نیازی ئەفەندیش بڕی ٥٥٨ قرووشی مووچەی مانگانە. لەو سۆنگەیەوە لە ڕۆژی دەستبەکاربوون و دەستلەکارهەڵگرتنیان ڕادەگەیەنین و ئەم ئیفادەیەش بۆ ژمێریاری دەنێردرێت."[١٠٣]

لە ١٩٠٦/٦/١٤ بەڕێوەبەری پێشووی ناحیەی شەقڵاوە محەمەد شەوقی ئەفەندی بەهۆی نەدارییەوە داوای بەخشین و یارمەتیدانی لە خەلافەتەوە کردووە.[١٠٤]

لە ١٩٠٦/٨/١ نیازی ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە دەگوازرێتەوە بۆ ناحیەی خصرو لە ویلایەتی دیاربەکر و لەگەڵ ڕەمزی ئەفەندی ئاڵوگۆڕ دەکرێت.[١٠٥]

لە ١٩٠٧/١٢/٢٢ی میلادیدا، وەزارەتی ناوخۆ داوا لە ویلایەتی موسڵ دەکات کە لەبەر خزمەتەکانی محەمەد ڕەمزی ئەفەندی، ناوبراو شایانە کە ڕێزی لێ بنرێت و تەکریم بکرێت.[١٠٦]

ئەگەرچی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ناوی جێگری بەڕێوەبەری ناحیە نەهاتووە، بەڵام بە گوێرەی ساڵنامەی عوسمانی لە ساڵی (١٣٢٥ی کۆچی بەرامبەر ١٩٠٧ی

---

[103] DH_MKT__00937_00046_001
[104] DH_MKT__01058_00027_003
[105] DH_MKT__01104_00090_001
[106] DH_MKT__01219_00058_002_002

میلادی) ناحیەی شەقڵاوە، بەڕێوەبەرەکەی بایەزید بەگ[١٠٧] بووە بە وەکالەت و کاتیبەکەشی سەید ئیبراهیم ئەفەندی بووە.[١٠٨]

دیارە بە گوێرەی ساڵنامەی عوسمانیش لە ساڵی (١٣٣٠ی کۆچی بەرامبەر ١٩١٢ی میلادی) ، بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە ڕەمزی ئەفەندی بووە و کاتیبەکەشی سەعید ئەفەندی بووە.[١٠٩] لەمەوە دەردەکەوێت تا ئەم ڕێکەوتە ڕەمزی ئەفەندی هەر لەسەر کارەکەی ماوەتەوە.

## هەڵوەشاندنەوەی ناحیەی شەقڵاوە

لە نوسراوێکی وەزارەتی ناوخۆدا کە لە ١٨٩٤/٥/٩ی میلادی دەرچووە و داوا دەکات لە ١٨٩٧/٥/١٣ کاری پێ بکرێت، باسی هەڵوەشاندنەوەی ناحیەی شەقڵاوە دەکات و ئاماژە بەوە دەدات لە یەکەم ڕۆژی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٣٠٤ی ڕۆمی، کە دەکاتە ١٨٨٨/١٠/١٣ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی شەقڵاوەی سەر بە سنجاقی شارەزوور هەڵوەشاوەتەوە و کاری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە ١٠ی ئاداری سالی ١٣٠٥ واتە لە ١٨٨٩/٣/٢٢ لە ناحیەی داقووق دەستی پێکردووە و سادق ئەفەندی گواستراوەتەوە ئەوێ تا کاری تێدا بکات. بەڵگەکە ڕوونتر ئاگاهییەکان دەدات و دەڵێت: "بەم دواییانەش مزووری خورشید ئاغا دامەزرێندراوە بۆ ئەوەی کارەکان بکات و لە ١٠ی مایسی ساڵی ١٣٠٨ (واتە ١٨٩٢/٥/٢٢)دەستی لەکارکردن لە ناحیەی داقووق هەڵگرتووە تا لە ناحیەی شەقڵاوە کار بکات کە لە نوێوە دروستکراوەتەوە.

هەروەها ٧٥٠ قڕووش مووچەکەیشی بڕیاری لێدراوە و چووەتە سەر بودجەی ساڵی ١٣٠٩ ئەمەش لەسەر بنەمای بڕیاری ئەنجومەنی شووڕا و پەیوەست بە ئیرادەی

---

[١٠٧] بە گوێرەی زانیاریی ئێمە، ئەم بایەزید بەگە، میرانی بایزبەگی باوکی سلێمان بەگە.

[١٠٨] موصل ولایتی، سالنامە رسمیسیدر ١٣٢٥ موصل مطبعەسندە ، ل٢٢٢

[١٠٩] موصل ولایتی، سالنامە رسمیسیدر ١٣٣٠، موصل مطبعەسندە، ل٢٦١

سەنییە[110] و حیسابی ئەو مووچانەی کە ئەفەندی ناوبراو وەریگرتووە گەیشتۆتە ١٦٦٤٠ قرووش وەك ئەوەی لە وێنەی تەزکیرە و هاوپێچەکانی دا هاتووە، کە لە ژمێریاریی ویلایەتی مووسل و دارکەنار دەرچوون ئەو کاتەی کە ناوبراو پێشتر وەزیفەکەی لە بەڕێوەبەرایەتی شەقڵاوە و داقووق بووە، کە لەو کاتەدا ناحیەی شەقڵاوە هەڵوەشاوەتەوە و ناحیەی داقووق دروستکراوە و پاشان بەڕێوەبەرایەتی ناحیە وەك پێشتر لە شەقڵاوە دروستکراوەتەوە. بێگومان چەند ساڵێك بەسەر ئەم بابەتەدا تێپەڕیوە و هەواڵەکان کە لە ویلایەتەوە هاتوون ئاماژە بەوە دەدەن کە کارکردن بەوە دەبێت کە حەواڵەی ئەنجومەنی شوورای دەوڵەتی[111] لەخۆگرتووە لە

---

[110] ئیرادە **Irade**: فەرمانی سوڵتانی، مەرسوومیشی پێ دەگوترێت. ئەم زاراوەیە سەرەتا لە ساڵی ١٨٣٢ی زایینی بەکارهات، ئەویش خستنەڕووی بابەتێك بوو بۆ سوڵتان کە تەنیا پوختەکەی عەرزکرا، ئەو کاتە بە یادداشتی خستنەڕوو یان پوختە ناونرا، بە نووسەرەکەشی گوترا پوختکەرەوە، ئەوجار سوڵتان دەیخوێندەوە و بۆچوونی خۆی لەسەر دەردەبڕی، ئەم بۆچوونەی سوڵتان پێی دەگوترا خەتی هومایۆنی. بەڵام دوای ئەو مێژووە ڕاوێژکاری تایبەتی سوڵتان ئەو داواکارییانەی دەخرایە بەردەمی، جا ئەو ڕاوێژکارە نووسینەکەی بۆ سوڵتان دەخوێندەوە، کە لێدەبۆوە سوڵتان بۆچوونەکەی بە زارەکی دەردەبڕی، ڕاوێژکاریش لە پەراوێزی نووسراوەکە بە خەتێکی خوار بۆچوونەکەی دەنووسیەوە، ئەمە پێی دەگوترا ئیرادە. دوای سەردەمی مەشرووتیە ئەرکی سوڵتانەکان تەسدیقکردنی ئەو بڕیارانە بوو کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەدران، ئەم تەسدیقکردنەش ناونرا ئیرادە. ئەو فەرمانەش چەند شتێکی تایبەتی دەگرتەوە وەك دانانی پلە و نازناو و پایەکان بۆ خاوەنەکانیان.

[111] شوورای دەوڵەت **Şura-i Devlet**: ئەم فەرمانگەیەی کە لە ساڵی ١٢٨٤ی کۆچی بەرامبەر ١٨٦٧ی زایینی دوای هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی والا دروستکرا، کە مەزنترین ئەنجومەن یان مەجلیس بوو لە دەوڵەتی عوسمانی. ئەم فەرمانگەیە تایبەت بوو بە کاروبارەکانی تەندەر و بەڵێندەرایەتی پڕۆژەکانی حکومەت و دادگایی فەرمانبەران، کاروباری خانەنشینی، وردبینی، هەموو ئەو دادوسکاڵای ناکۆکییەکانی نێوان حکومەت و کۆمەڵگە، هەروەها زۆر کاروباری دیکە لەم فەرمانگەیە جێی دەکرایەوە. ئەنجومەنی شوورا لەچەند لیژنەیەك پێك دەهات، لەوانە: تەنزیمات، دارایی، سیاسەت،

٧ی شوباتی ساڵی ١٣٠٩ەوە لە ژووری پەڕاوەکانی وەزارەتی ناوخۆوە دانراوە و پارێزراوە ، کە لە پێشتردا بە ناوەڕۆکەکەیەوە هاتووە. بۆیە پێویستە ئەوە وەبیربهێنرێتەوە و باس بکرێت لەگەڵ باسکردنی ئەوەی کە لە ئەنجومەنی شووراوە دەردەچێت."[112]

لەو بەڵگەدا ڕوون دەبێتەوە کە بە هۆی نائارامیی شەقڵاوە، دەوڵەتی عوسمانی ناچار بووە کە بەڕێوەبەرایەتییەکە هەڵبوەشێنێتەوە و دوای ساڵێك لە هەڵوەشاندنەوەی لە ناو ناحیەی داقووق دەست بە کارەکانی بکاتەوە و سادیق ئەفەندی نێردراوە کە کاروبارەکان هەڵسوڕێنێت و دوای ئەوە خورشید ئاغای مزوری دەست لە ناحیەی داقووق هەڵدەگرێت و لە ناحیەی شەقڵاوە دەست بەکاردەبێت، ئەمەش لە ساڵی ١٨٩٢ بووە، ناوبراو سەرەتا بەڕێوەبەری هەردوو ناحیە بووە، دواتر دەوڵەت ئەوەی ئاشکراکردووە کە بە هەڵوەشاندنەوەی ناحیەی شەقڵاوە ناحیەی داقووق دروستکراوە. نوسراوەکەش دوای پێنج ساڵ لە دەستبەکاربوونی خورشید ئاغای مزوری دێت وەك بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە.

---

مەعاریف، ئەشغالی گشتی، هەیئەتی گشتی، دادگای تەمییز، دادگای ئیستئیناف (تێهەڵچوونەوە)، دادگای بەرایی. ئەم ئەنجومەنە تا کۆتایی دەستەڵاتی عوسمانییەکان هەر کارا بوو.

[112] BEO_000411_030753_005

## هەتا ساڵی ١٩١٣ش ناحیەی شەقڵاوە خاوەنی باڵەخانەی تایبەتی خۆی نەبووە

بە پێی ئەو بەڵگانەی دەستکەوتوون، هەتا ساڵی ١٩١٣ش ئیدارەی ناحیەی شەقڵاوە باڵەخانەی تایبەت بەخۆی نەبووە. بۆیە لە ویلایەتی موسڵەوە بە ئیمزای میر لیوا ئەسعەد وەکیلی والیی موسڵەوە نووسراو بۆ وەزارەتی ناوخۆ کراوە، داوای ئەوەی کردووە تا باڵەخانەیەکی حکومی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناحیە دەکرێت، خانوویەك کە لە دوو ژوور و هەیوانێك پێکهاتووە بە کرێی ساڵانەی ٣ لیرە بە کرێ دەگیرێت. ئەمەش بە ئاگاداری موتەسەریفییەتی کەرکووکیش بووە. ئەم نووسراوەش لە ڕێکەوتی ١٩١٣/١١/٩ بووە.[١١٣]

## هەوڵی بە قەزاکردنی شەقڵاوە

لە ١٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٣٢١ی ڕۆمی کە دەکاتە ٢٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٥ی میلادی، فەرماندەی لەشکری شەشەمینی هومایۆن داوایان لە بابی عالی کردووە کە شەقڵاوە شوێنێکی گرنگ و ستراتیژی هەیە و لەبەرئەوەی شەقڵاوە لە ناوەندی قەزای ڕواندزەوە تەواوێك دوورە بۆیە پێویستی بە کردنە قەزا هەیە، هەروەك هاتووە: "هەر وەك ئاشکرایە شەقڵاوە بە ڕووبەرێکی زۆر لە ناوەندی قەزای ڕواندزەوە دوورە، کردنی بە قەزا و پەیوەستکردنی ناحیەی هەریریش پێیەوە ئەنجام و سوودێکی گەورەی دەبێت، هیچ بەربەست و ڕێگرییەکیش بۆ ئەم کارە نییە."[١١٤]

---

[١١٣] بڕوانە بەڵگەی DH_MB_HPS_00042_00009_002

[114] DH_TMIK_S_00060_00040_001

## ناڕەزایەتی خەڵکی شەقڵاوە لە حوکمداریی مستەفا ئەفەندی

خاڵێکی گەش لەناو بەڵگەنامەکاندا دەبینرێت، سەبارەت بە سەرنج و تێبینی و ناڕەزایەتیی خەڵکی شارەکە لە چۆنیەتی بەڕێوەبەردنی شارەکەیان لەلایەن مستەفا ئەفەندییەوە. شایانی باسە مستەفائەفەندی لە دوای شەوقی ئەفەندی چەند ساڵێك بەڕێوەبەری ناحیە بووە و لە بەڵگەنامەیەکدا هاتووە خەڵك داوایان بۆ ویلایەتی موسڵ بەرزکردۆتەوە و داوای گۆڕینی بەڕێوەبەری ناحیەکەیان دەکەن، ئەوەش لەبەر ستەم و زۆرداری ناوبراو بووە، کەچی کە نووسراوەکە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرزدەکرێتەوە، وەزارەت سەری سوڕدەمێنێت کە ئەو مستەفایە کێیە؟ چونکە لە ناو تۆماری وەزارەتدا ناوی شەوقی ئەفەندی هەر وەك بەڕێوەبەری ناحیە ماوەتەوە.[١١٥] نووسراوەکەی وەزارەتی ناوخۆ لە ١٨ی ١٠ی ١٩٠٠ەوە نووسراوە.

جا لە سەرەتادا لە سەدارەتەوە نامە بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەنێردرێت و داوا دەکرێت کە لەسەر داوای شەوقی ئەفەندی، کە دواتر دەرکەوتووە کە شەوقی ئەفەندی ئەستۆ پاکییەکەی سەلمێنراوە بۆیە حەقی ئەوەی هەیە نیو مووچەکەی خۆی وەربگرێت[١١٦]. دوای شەوقی ئەفەندی هەوڵەکان زیاتر لەسەر مستەفا ئەفەندی چڕدەکرێنەوە و مشت و مڕ و دادگایی بەدوای خۆیدا دەهێنێت وەك لە ژێرەوە دیارمان کردووە:

لە ١٩ی ١ی ١٩٠١، جارێکی دیکە لەلایەن سلکی سەربازییەوە شکات لە بەڕێوەبەری ناحیە دەکرێت و تێیدا پەڕاوی واژووکراوی ملازم محەمەد ڕوشدی لە لەشکری شەشەمینی همایۆنەوە لەگەڵ هاوپێچەکانی سەبارەت بەو تاوانانەی مستەفا تۆفیق ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە کردویەتی و ئەو هەموو

---

[١١٥] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە بەڵگەی DH_MKT__02415_00139_001

[١١٦] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە BEO_001211_090823_001_001

بەرتیلەی وەرگرتووە و لە خەڵکی داوە و زیندانی کردوون و زۆر کاری نایاسایی کردووە، داوای لێپرسینەوەی لێ دەکەن و وەزارەتی ناوخۆی لێ ئاگادارەدەکەنەوە.[١١٧]

بۆ وەڵامی ئەو نووسراوانەش وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێکەوتی ١٩٠١/١/١٩ ئەم نامەیە بۆ ویلایەتی موسڵ دەنێرێت:

"بەهۆی ئەوەی مستەفا تۆفیق ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە بەرتیلی وەرگرتووە و خەڵکی بە ناحەق گرتووە و زۆر کاری نایاسایی دیکەی کردووە، داواکراوە بە یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەروەك لە ئیفادەی مەنسووبی پێشووی لەشکری هومایۆنی رەدیف ملازمی یەکەم محەمەد روشدی هاتووە کە پەڕاوی هاوپێچ کردوون و بۆ حکومەتی پایەبڵندی ناردووە، فەرمانەکە جێبەجێ کراوە کە فەرمان دراوە لیکۆڵینەوە لەو بارەوە بکرێت، جا ئێوەش سەبارەت بەم کارە گرنگە دەست و برد و هیممەتێك بکەن."[١١٨]

دواتر لێکۆڵینەوەکان بەردەوام دەبن بۆ ئەوەی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە و تەحسیلدار (بەڕێوەبەری دارایی ناحیەکە) کە ناوی سەید ساڵح ئەفەندییە دادگایی بکرێن، دیارە لەناو لێکۆڵینەوەکەدا سەید ساڵح ئەفەندیش تۆمەتبار کراوە، بۆیە سەید حافز عەلی محەمەد ئەمینی والیی پێشووی موسڵ دوای نزیکەی دوو ساڵ و لە ڕێکەوتی ١٩٠٣/١١/٢١ ئەم نامەیە بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەنووسێت و پەڕاوی هەردوو تۆمەتبار دەنێرێت بۆ ئەوەی پێشکەشی ئەنجومەنی شوورای دەوڵەت بکرێت:

"ئیفادەی موددەعی لێکۆڵینەوەی موڵکیی گشتی سەبارەت بە گەندەڵیی بەشێك لە سامانی تەحصیلات لەلایەن رەمزی ئەفەندیی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە و تەحصیلدار سەید سالح ئەفەندی ، پەڕاوی مەزبەتە بۆ ئەم مەبەستە هاوپێچ کراوە بۆ

[١١٧] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە بەڵگەی DH_MKT__02406_00007_001

[118] DH_MKT__02406_00007_001

ئەوەی پێشکەشی ئەنجومەنی شوورای دەوڵەت بکرێت، بۆ ئەوەی وردبینی بکرێت، جا لەم بارەشەوە ئەمر و فەرمان هەر بۆ حەزرەتی (من له الامر)ە."[١١٩]

## یادداشتنامەی خەڵکی شەقڵاوە بۆ لەکارلادانی بەڕێوەبەری ناحیە

لە ڕێکەوتی ١٨٩٣/١/٧ی میلادی دا، ئەحمەد بایەزید و هەموو ئەفەندییەکانی شەقڵاوە و نوێنەرایەتی ٧٠ گوندی سەر بە ناحیەکە داوای لەکارلادانی بەڕێوەبەر دەکەن، ئەگەرچی ناوی بەڕێوەبەرەکە نەهاتووە، بەڵام لە بەڵگەیەك کە نزیکە لەو ڕێکەوتە ناوی بەڕێوەبەر بەو شێوەیە دیاردەکات : دووبارە دامەزراندنەوەی ناحیەی شەقڵاوە لە ڕێکەوتی ١٨٩٣/٣/١٨ بووە و یەکەم بەڕێوەبەری دوای دامەزراندنەوە شەوقی ئەفەندی بووە.

داواکاریی بۆ لەکارلادانیشی ئەم بەڵگەیەی خوارەوە یە:

"داواکاری پێشکەشکراو لە ئەحمەد بایەزید و هەموو ئەفەندییەکان و خەڵکی شەقڵاوە بۆ لەکارلابردنی بەڕێوەبەر و کاتبی بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕەوانی ناوەندی تەلەگرافی هەولێر کراوە و پێشتریش لە وەڵامی ویلایەتی موسڵدا ڕوونکردنەوە دراوەتە خاوەن مەقام و بابەتەکەش ئەوە بووە کە شەقڵاوە و ٧٠ گوندی دەوروبەری زۆر زۆر زەرەرمەندبوونە لە ئیدارەکردن و سەرۆکایەتییەکەی، پێشتر بە فەرمانی خەلافەتەوە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دامەزراوە و بەڕێوەبەر و کاتبی بۆ دامەزرێندراوە، لە پێشدا کارەکانی باش بوو، بەڵام بەم دوایییانە لە خەلکی ناحیەی شەقڵاوەدا (کە شوێنێکی گرنگی هەیە) هاتووە کە لە ئیدارەکردنەکەی ڕازی نین کە شوێنێکی گرنگە و ئەم کارەش شیاوی بە هەند هەڵگرتنە لەبەر ئەو ناڕەزایییانە.

---

[119] DH_MKT__02663_00058_001_001

وێنەیەکی ئەو ئیفادەکردنە پێویستە بە گرنگییەوە چاوی لێبکرێت و چی ڕێ و شوێنی پێویست هەیە پێویستە بگیرێتە بەر و خەلافەت ڕێگا بەو کارە بدا و کاروبارەکان بە گوێرەی ڕەزامەندی بەڕێوەبچن."[120]

## ڕەمزی ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیە دادگایی دەکرێت

لە وەزارەتی ناوخۆوە نووسراوێك بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە، ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەمزی ئەفەندی لەسەر بڕیاری خەلافەت دەبێت دادگایی بکرێت، ویلایەتی موسڵ دەتوانێت خۆی دادگاییکردنەکە پێکبێنێت، ئەم نووسراوەش لە ١٩٠٨/١١/١٩ی میلادی نووسراوە، واتە لەم ماوەیەدا ڕەمزی ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە بووە.[121]

## شێخ سەعیدی حەفید و کێشە و گرفتەکانی لە ناحیەی شەقڵاوە

بێگومان بنەماڵەی شێخ سەعیدی حەفیدی سلێمانی یەك لە بنەماڵە هەر دیار و ناسراوەکانی کوردستانن و نەوەی کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ مارفی نۆدەیین و سەر بە ڕێبازی قادرین لە کوردستان و ماوەیەکی زۆر پلە و پایەیەکی مەزنیان هەبووە و حوکمڕانی سلێمانی و دەوروبەریان کردووە. لەو بارەدا لەو چەند بەڵگانەی عوسمانی کە لەسەر مژاری شەقڵاوەن ناکۆکیی شێخ سەعیدی حەفید لەگەڵ چەند بنەماڵەیەکی شەقڵاوە نیشان دەدات و زۆربەی ئەو تۆمەتانەیشی دەخرێنە پاڵی بەشی سەربازی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەکە و ویلایەتی موسڵن، بۆیە بەم شێوەیەی خوارەوە پوختەی ئەو گرفتانە باس دەکەین:

---

[120] DH_MKT__02039_00110_001

[121] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە بەڵگەی لاپەڕە ١٠١: DH_MKT__02663_00058_002_001

یەکەم: مەقامی سەربازی ڕاستەوخۆ نامە بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەنێرێت و داوای ئەوە دەکات کە وەزارەتی ناوخۆ ڕێگاچارەیەکی دیکە بدۆزێتەوە و ڕەخنەی ئەوە دەگرێت، کە تا ئێستا حکومەت نەیتوانیوە ستەمەکانی شێخ سەعید ئەفەندی لەسەر خەڵکی شەقڵاوە بوەستێنێت و ستەمەکانیش لەوە دەبینێتەوە، کە ناوبراو دەستی بەسەر (ئەرازی)[١٢٢] زەوی و زاری خەڵکدا گرتوە و بەهای ئەو شتانەشی دەستی بەسەرداگرتووە زیاتر لە ٤٠٠٠ لیرە دەبێت.

دووەم: مەقامی سەربازی داوای ئیستیرحام دەکات کە حکومەت شتێکی وا بکات خەڵکی ستەملێکراو لە دەستی شێخ سەعید و مستەفا بەگ بپارێزێت.

سێیەم: لە بەڵگەکەدا ئەوەی لێ دەفامرێتەوە، کە شێخ سەعید و مستەفا بەگی شەقڵاوە هەردووکیان لەلایەن عوسمانییەکانەوە تاوانبار دەکرێن بەوەی ستەمیان کردووە.

---

[١٢٢] ئەرازی **Arazi**: ئەرازی کۆی وشەی أرض ی عەرەبییە، بۆ هەموو زەوییەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی ئەم ناوە بەکاردەهات، ئەمەش دەکرا چەند بەشێك لەوانە:

-زەویی میری: ئەم زەوییانە خاوەنەکەی دەوڵەتی عوسمانی بوو، بە چەند مەرجێك چەند خەڵکێك دەیانتوانی سوودی لێ ببینن.

-زەویی وەقفی.

-زەویی مولك: ئەمانەش خەڵك خاوەنی بوو و سەرپەرشتییان دەکرد، بەمەش باج و دەیەکیان نەدەدا، بەم جۆرەیان دەگوت مولکی صرف، بەڵام ئەگەر خاوەنەکەی خەڵك بوایە و دەوڵەت سەرپەرشتی کردبا و بەکاریهێنابا پێیان دەگوت "مالکانە دیوانی".

-زەویی مەتروکە (أراضی متروکە): ئەمەش زەویی مەرعا و ئەو زەوییانەی دەگرتەوە کە سەر بە دەوڵەت بوون، بەڵام سوودەکەی بۆ گشتی بوو، ئەو باجەشی کە وەردەگیرا لەو کەسە وەردەگیرا کە لێی سوودمەند دەبوو.

-أراضی مکتومە: ئەمەش مولکی دەوڵەت بوو، بەڵام لەبەر نەبوونی تۆماری حکومی، خەڵك بە نهێنی و شاراوەیی سوودیان لێ وەردەگرت و باجیان لێ نەدەدا.

چوارەم: نووسراوەکەی مەقامی سەربازی کە بە ئیمزای فەرماندەی سەربازی (ڕەزا) بەرزکراوەتەوە، ڕێکەوتی ٢ی رەبیعی دووەمی ١٣١٢ی کۆچی بووە، کە دەکاتە ١٨٩٤/١٠/٣ی میلادی.[١٢٣]

پێنجەم: وەزارەتی ناوخۆش نووسراوەکەی هاوپێچ کردۆتەوە بۆ ویلایەتی موسڵ و داوای کردووە کە چارەسەرێك بکەن، ئەمەش دوای هەشت ڕۆژ لە دەرچوونی فەرمانەکەی پێشوو، کە دەکاتە ١٨٩٤/١٠/١١ی میلادی.

لە بەڵگەیەکی دیکەدا کە عوسمان پاشای والی موسڵ ئیمزای کردووە، باس لەوە دەکات کە نەوەی کاك ئەحمەدی شێخ، کە شێخ سەعید ئەفەندییە، لەگەڵ مستەفا بەگی میرمەحمەلی شەقڵاوە لە نێوان خۆیاندا هەرچی سەروەت و سامانی مەنقوول و غێر مەنقوول هەیە دابەشیان کردووە. سەبارەت بە وەقفکراوەکانیش ئەوەی کە سەعید ئەفەندی پێشکەشی دادگای شەرعی موسڵ و بابی مەشیخەت و ئەنجومەنی وردبینی کردووە، ئەوا زانیویانە کە ئەو شێوە وەقفە مامەڵەکەی دەبێ جێبەجێکردنی حوکمەکان بێت بە گوێرەی ئەوەی زانراوە. جا بۆ هاتنەکایەی دادگەری و حەق جێبەجێکردن، ئەوا لەناو خەڵکیش دیارە کە دوای لێکۆڵینەوەکان ئەم بابەتە هەمان مامەڵەی وەقفی بەسەردا دەکرێت. جا بە گوێرەی حوکمی شەرعی ئەمە ساغکرایەوە کە لە بەشی وەقف دایە، بۆیە لەو ڕوانگەوە داوالێکراوی ناوبراو کە مستەفا بەگ و هەڤاڵەکانیەتی مەبەستیان تێکدانی ئەو وەقفەیە، لەبەرهەندێ سوورن لەسەر دەرچوونی حوکم لە دادگای تەمیز، لەو بارەشەوە ئاشکرایە کە لە ڕووی شەرعەوە مەسەلەکە ڕوونە و پێویستی بە مەشیخەت نییە و پێشتریش هاوشێوەی ئەم ئەمر و فەرمانە نییە. جا لەو بارەوە دەرچوونی ئیرادەی سەنییە دوای دەرچوونی بڕیاری ناوەند بۆ دامەزراندنی

[١٢٣] بڕوانە بەڵگەیDH_MKT__00293_00011_001

فەرمانبەرێك كە كاروباری دادگا بە گوێرەی حوكمی شەرعی جێبەجێ بكات ، ئەمەش دوای ئیزندانی ئیرادەی سەنییەیە، بە دەركردنی بڕیارێك لەم بارەوە."

دەردەكەوێت كە مەبەستی والی موسڵ ئەوەیە، كە شێخ سەعید ئەفەندی و مستەفا بەگ دەیانەوێت چەند موڵكێك دەست بەسەردابگرن، بەڵام دیارە لایان ڕوون بۆتەوە كە ئەو موڵكانە وەقفن و ناتوانن داوای دادگا بكەن و ئەو موڵكانە ببنە هی مستەفا بەگ و شێخ سەعیدی حەفید.[١٢٤]

پاشان وەزارەتی ناوخۆ ئاگاداری ویلایەتی موسڵ دەكاتەوە، كە بۆ ئەوەی ناكۆكییەكانی شێخ سەعید و مستەفا بەگ كۆتاییان پێ بێت، پێویستە ڕاوبۆچوونی مەشیخەتی شێخولئیسلامیش[١٢٥] وەربگیرێت و تا ئەو بۆچوونە وەرنەگیرێت ناكرێت هیچ بڕیارێك بدرێت. بۆیە دواتر شێخولئیسلام محەمەد جەمالەدین كە لە نێوان ساڵەكانی (١٨٩١-١٩٠٩) شێخولئیسلام بووە نووسراو بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەكات و ئاماژە بەوە دەدات كە "ناكۆكییەك لە نێوان شێخ سەعید ئەفەندی سلێمانی لەگەڵ مستەفا بەگی میرمەحمەلی سەرۆك عەشیرەت لە شەقڵاوە ڕوویداوە، ناكۆكییەكە لەسەر موڵكی وەقفكراوە، جا لەسەر داوای ویلایەت و بۆ یەكلاكردنەوەی ناكۆكییەكە فەرمانبەرێك بۆ دادگاییكردنەكە دامەزرێنراوە. جا داوای ڕوونكردنەوەش كراوە بە مێژووی ١٣ی رەجەبی ساڵی ١٣١٠ و بە ژمارەی ٨٩، هەروەها بڕیاری پێشوو لە ئەنجومەنی وردبینی دەستووری تایبەت بە داوای ئیستیئنافی ناوبراو بە گوێرەی

---

[124] DH_MKT__00094_00006_002

[١٢٥] شێخولئیسلام Şeyhul-İslam: بەرزترین پایەی ئایینی بوو لە دەوڵەتی عوسمانی، كە بەرپرس بوو لە دامەزراندنی قازییەكان و لەسەركارلادانیان و سەرپەرشتی دەرسگوتنەوە و مەدرەسەكان و دەركردنی فتوای شەرعی دەكرد. ئەم نازناوە لە كۆتاییەكانی سەدەی حەڤدەهەمی زایینییەوە بەكارهات دوای ئەوەی بە موفتی ناودەنرا. سەرەتا هەڵبژاردنی شێخولئیسلام لە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بوو لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەی زایینی، هەتا كۆتایی دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام بوو.

ئەوەی لە لیستی ئیعترافکردن هاتووە ئەمەش لەسەر ئەوە وەستاوە کە لە نوێوە لە ئەنجومەن بڕیارێك سەبارەت بە ئیستیئنافی دادگا و پەڕاوەکانی تەمیز کە لە ویلایەتی موسڵەوە بۆ خانەی فتوا هاتووە بدات.

ئەو بڕیارانەش وردبینی کراون و کە تێیدا لە بەشی پەڕاوەکانی تۆمار ڕوونکراوەتەوە بە گوێرەی ئەنجامی وردبینییەکە ئەو بڕیارەی کە بە گوێرەی ڕێنماییەکان دەدرێت لە ڕێگەی تەلەگراف هاوپێچ بۆ ویلایەت دەنێردرێت، ئەو کاتەی بڕیاری ئیستئیناف بدرێت."[١٢٦] ئەم نووسراوەش لە ٢٥ی زولحیجەجەی ساڵی ١٣١٠ نووسراوە کە دەکاتە ١٨٩٣/٧/١٠ی میلادی.

تۆمەتێکی دیکەی کە خراوەتە پاڵ شێخ سەعیدی حەفید ئەوەبووە لە شکایەتنامەکەدا هاتووە کە شێخ سەعید وێڕای ئەوەی ستەمی کردووە، فەرمانبەرانی دەوڵەتیشی بە کافر لە قەڵەم داوە، نووسراوەکە لە ڕێکەوتی ٢٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٣٠٠٧ی ڕۆمی کە دەکاتە ١٨٩١/١٢/١٠ی میلادی نووسراوە، داوای ئەوە دەکات کە پێشتر چەند شکایەتنامەیەك بۆ سەلتەنەت بەرزکراونەتەوە بەڵام هیچ وەڵامێك نەبووە و داوای کۆتاییهاتن بە دادگاییکردنەکە دەکەن و لە ١٨٩١/١٢/١٤دا سێ کەس بەناوەکانی محەمەد شاکر، شاکر، ئیبراهیم دەروێش ئەم یادداشتە بەرزدەکەنەوە:

"بە ڕوانین لە ناوەڕۆکی تەلەگرافی ناوبراو، ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی وەقف لیژنەیەك لە زانایان و شەرعزانان پێك بهێنرێت، ئەم دەستە دانایانە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییە و پێشکەشکردنی مەزبەتەیەك، هەتاوەکوو بڕیارێك لە بابی عالی و ئیرادەی سەنییە دەردەچێت تا ئەو کاتە دادگایی ناوبراو دەکرێت ئەوا ستەم و دەستدرێژییەکان لەسەر خەڵك هەر بەردەوام دەبێت،

---

126 DH_MKT__00094_00006_003

هەر وەك لە نوسراوەکەدا هاتووە تا ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دەرچوونی ئەنجامەکان هۆکارەکان لاببرێن و بە گوێرەی بەرژەوەندی و سرووشتی گونجاو فەرمان دەربچن.

تا گەیشتن بە دادگەریی، دەبێت لێکۆڵینەوەکان بکرێن، بەو ئەندازەیەی لە مەسەلەی وەقفەکە و ئەو دەستدرێژییانەی ناوبراو کردوونی، لە هەمان کاتدا پێویستە خوێنی خەڵك بپارێزرێت و بەڵگەی شەرعی و یاساییش بپارێزرێن و وەڵامی باشکاتبی ویلایەت بەندەتان ناوبراو بە شێوەی تەلەگراف بدرێتەوە و ئیمەش جارێکی دیکە پێشکەشی دەکەینەوە، لەم بارەوە و لە هەموو بارێکدا ئەمر و فەرمان هەر هی حەزرەتی من لە الامره.

بەندەتان محەمەد شاکر محەمەد

بەندەتان شاکر

بەندەتان ئیبراهیم دەروێش کوڕی ئیبراهیم "[١٢٧]

دواتر مەسەلەکە بەلایەکی تردا دەچێت و شتەکان روون دەبنەوە کە هەڵەکە لە شێخ سەعید نییە، چونکە بەو هۆیەوە شێخ سەعید بە ناچاری بەرەو ئێران کۆچ دەکات و ئەمەش دەبێتە جێی نارەزایی دۆست و خۆشەویستانی شێخ و تەریقەتەکەی، بۆیە چەندین کەس لە سەید و شێخ و کاسبکار و زۆربەی چین و توێژەکان مەزبەتەیەك دەنووسن و داوای گەرانەوەی دەکەن. ئەم مەزبەتەیە لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٣٠٧ی ڕۆمی بەرامبەر ١٨٩١/١١/٢٣ی میلادی بۆ باشکاتبی هومایۆنی دەنووسن:

شێخ سەعید ئەفەندی نەوەی خوالێخۆشبوو کاکەحمەدەفەندی لە نەوەی پاکی پێغەمبەر، لە بابییەوە و ئەویش لە باپیرییەوە شێخایەتی وەرگرتووە، کە ئەو باپیرەی لە ئەولیایانی بەڕێز بوو و بە کەرامەتەکانی ناسراو بوو، بە هەڵسوکەوتە جوانەکانی لە شارەکانی عێراق و وڵاتانی ئیسلامی ناسراو بوو، لە بانگخوازان و پاڵپشتانی

[127] Y_MTV_00057_00030_002_001

مەقامی سەڵتەنەت بوو لە حالی حەیاتیدا. مەحموود بەگی بالیسانی و ژنەکەی مەدرەسە و تەکیەیەکیان لە شەقڵاوە دروست کرد و زەوییان وەقف کرد، هەردووکیان شێخ سەعید ئەفەندیان کردە سەرپەرشت، دوای وەفاتی ئەوان مستەفا بەگ بالیسانی هات و دەستی بەسەر ئەو زەوی زار و موڵك و ماڵ و ماڵاتەدا گرت و لەسەری دانیشت، جا خوالێخۆشبوو کاك ئەحمەدی شێخ بۆ مەبەستی ئیرشاد یەك لە موریدەکانی خۆی کردە خەلیفە لەسەر تەکیەکە و مودەڕیسیشی بۆ مەدرەسەکە دامەزراند و بانگبێژی دانابوو بۆ نوێژەکان، ئەو مستەفایە هاتووە ئیهانەی ئەوانەی کردووە و دەریکردوون و هەرچی خێر و بێری ئەوان هەبووە لێی بڕیون و پێچەوانەی شەرعی شەریف مامەڵە دەکات و چ شتێك دین پێی ناخۆشە دەیکات و جا هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو لە وڵاتی ئێران خەڵکی هێناوە بۆ ئیرشاد لە مەقامی خوالێخۆشبوو کاك ئەحمەد و پروپاگەندەی بڵاوکردۆتەوە کە نەوەی شێخی ناوبراو کە سەعید ئەفەندییە کەسێکی نەشیاوە بۆ ئەو وەزیفەیە و دەستەڵاتی شێخایەتی نییە و زۆر تۆمەت و درۆی دیکەی، گەیشتۆتە مەقامی خەلافەت.

جا ئیرادەی سەنییە لیژنەیەکی دروستکردوە تا چاو لەو کێشەیە بکەن و دەرامەت و بەروبومی وەقف بپارێزن ئەویش بە هۆی دەستەیەك لە زانایان و دانایان تا ڕاستییەکان ڕوون ببنەوە، بەتایبەتیش کە مستەفابەگ سەرپێچی زۆری کردووە و لە ئەنجامی ئەو هزر و تەماعکارییەی بەروبومی ئەو موڵك و ماڵەی بە ئارەزووی خۆی خەرج کردووە و لە کاری ناشەرعی سەرفی کردووە و ئەوەش جێی ڕەزامەندی جەنابی سوڵتان نییە. هەروەها خراپ بەکارهێنانی ئەو موڵکانە و بۆ خاتری ئەوەی سەرۆکایەتییەکەی بمێنێت لەگەڵ قائیمقامی هەولێر و کۆیە و عەبدوڵڵا پاشا ئەو سەروەتەیان خەرج کردووە و بە هۆی ئەوەوە و بۆ ئەوەی لە سەرۆکایەتی شەقڵاوە بمێنێتەوە و تا ئەو موڵك و ماڵی وەقفکراوە هەر لەبن دەستی وی بێت، پروپاگەندەی لەسەر لیژنەی زانایان و دانایان دروستکردووە و بە ڕێگای نامەشرووع و ئەو درۆ و

بوختانانه گەیشتونەتەوە مەقامی عالی و، لە ڕێگای هەڵخەڵەتاندنی قائیمقامی کۆیە و هەولێر و سەرۆکی دادگای شارەزوورەوە بە بێ پرسکردن، شێخ سەعید ئەفەندیان بۆ سنووری ئێران دەرکردووە و بەداخەوە ئەوەش بە پاڵنەری مستەفا بەگ بووە.

جا ناوبراو کە لەسەر مەزهەبی شافیعییە ئێستا لە وڵاتانی بێگانە غەریب بووە، لەو سۆنگەیەوە هەموو عەشیرەت و تیرەی نیشتەجێ و کۆچەرمان ئاگادارکردۆتەوە کە ناوبراو لە کەسانی ئەشرافە بۆ ئەوەی بیناسن و ڕێزی لە شان و مەقام و شەوکەتی بگرن و ئەو پیاوە ستەملێکراوە لە ئال و بەیتی حەزرەتی پێغەمبەرە و ستەمیان لێکردووە و پاش ئەو ئێستا مزگەوتی شەقڵاوە بۆتە وێرانە و لە بەرامبەریشیدا کڵیسە هەیە و جا داوای ئێمە ئەوەیە حەق بە شوێنی خۆی بگات دوور لە ستەمکردن. جا دوای موتاڵاکردن لە ڕووی شەرعییەوە لەلای محەمەدەمین ئەفەندی[١٢٨]، دەرکەوت کە دە کەس لە حافزانی قورئانی پیرۆز لەو وەقفەدان وێرای مودەڕیس و مورشید و مورید و فەقێ چەند وەزیفەی دیکەش کە ئێستا بە چۆلی ماونەتەوە و چاوەڕێی دەستی عەدالەت دەکەن لە خاوەنی دادگەری و بەزەیی، لەگەڵ ئەوەی باوەڕ و متمانەمان بە دادپەروەری ئەو (خەلیفە) هەیە، لەسەر ئەو بنەمایەش بەندەتان زاتی ئەوەی کردوە کە ئەو داواکارییە بۆ بەردەرگای بڵندی ئاستانە بنووسێت، تا ئەمیری برواداران موتاڵای بکات و ڕاستییەکان ڕوون ببنەوە و ئیمەش چاوەڕێی دەرکەوتنی دادگەریین.[١٢٩]

ئەوانەی ئیمزاشیان کردوە، لە خانەدان و زانایان و دارتاشان و سەیدان و هاوڵاتیانی ترن و هەموو خەتاکە دەخەنە ئەستۆی مستەفابەگ بەوەی دوای مەحموود بەگ دەستەڵاتی بە خراپ بۆ خۆی بەکارهێناوە و زیاتریش مەبەستەکە ئەوەیە نیشانی بدەن کە مستەفا بەگ بە فیتی عەبدوڵابەگی قائیمقامی کۆیە و هەولێرەوە ئەو کارانەی

[١٢٨] مەلا و مودەڕیسی شەقڵاوە بووە وەك پێشتر باسمان کردووە.

[129] Y__MTV__00056_00048_001_001

کردووه و تەلەگرافنامەکەش لە چەمچەماڵەوە نێردراوە، ناشزانرێت لەلایەن خەڵکی شەقڵاوە ئەمە نووسراوە یان باژێڕێکی تر؟

پاشان خەڵکێك لە ئاڵتون کۆپرییەوە نامە بۆ بابی سەرعەسکەر[١٣٠] دەنێرن و داوادەکەن کە شێخ سەعید بگەڕێننەوە و چیتر نەیەڵن لە غەریبی و دووری نیشتمان ژیان بەسەرببات، لە بەڵگەکەدا ناوی چەند ژن و پیاوێك هاتووە و هەروەها ئیمزای کەسێکی تێدایە ناوی مستەفا شەقڵاوەییە و لە ڕێکەوتی ١٨٩٤/٨/٢٨ نێردراوە و پێیان وایە بە هۆی پروپاگەندەی بەگێکی دەروون نەخۆشەوە (مەبەست مستەفا بەگە) ئەو زاتە وای بەسەرهاتووە و هێشتاش موڵك و ماڵی وەقفکراویش نەگەڕێندراوەتەوە:

"حەزرەتی سەرعەسکەرپاشا کە بۆ لابردنی ئەو زوڵم و ستەمەی کە دەرحەقی شێخ سەعیدی حەفید کراوە ئەمر و فەرمان دەرچووە و داوای ئیستیرحام بۆ فەرمانبەران و سەربازان و خەڵکی سڤیل دەکەین، چونکە ئەو ماڵە زەوتکراوە تا ئێستاش نەگەڕێنراوەتەوە و ئەو زەوی موڵك و ماڵ و وەقف و بینایانە هەر وەکو خۆیانن، جا تکامان لە کاربەدەستانە بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێننەوە و ناوبراویش بۆ زێدی خۆی بگەڕێننەوە، چونکە لەسەر پڕوپاگەندەی یەك لەو بەگە دەروون نەخۆشانە ناوبراو بۆ دەرەوەی نیشتمان نەفی کراوە و موڵك و ماڵەکەی لێ سەندراوەتەوە. جا لەبەر سێبەری مەرحەمەت و عەدالەتی خەلافەتیش نابێت کەس بەو شێوەیە زاڵمانەیە برینداربکرێت و کەسیش ئەوە قبوڵ ناکات، بۆیە لە مەرحمەتی ئێوەمان داوایە لەو ستەمە خەلاسمان بکەن و داوا لە ئاستانەی بەرز و باڵا دەکەین لەو ستەمە رزگارمان بکەن، ئەمر و فەرمانیش هەر بۆ حەزرەتی (من لە الامر)ە.

---

[١٣٠] بابی سەرعەسکەری **Bab-ı Seraskeri**: بارەگای ڕەسمی فەرماندەی سەربازیی دەوڵەتی عوسمانی بوو، بە باب ئاغاش ناودەنرا، لە ساڵی ١٨٣٦-١٨٣٧ی زایینی کۆشکی کۆنی بۆ تەرخانکرا، پاشان باڵەخانەیەکی سەربەخۆی لە سەردەمی سولتان عەبدولعەزیز بۆ دروستکرا، کە ئێستا دەروازەی باڵەخانەی زانکۆی ئیستەنبوڵە. خودی سەرعەسکەریش پلەکەی لە مەقامی وەزیری بەرگرییە.

بەندەتان: عەلی، محەمەد، ئەحمەد، حوسێن، عەبدولغەنی، کەنیزەتان ئامینە، کەنیزەتان زولێخا. مستەفا شەقڵاوەیی".[١٣١]

پاشان سەرعەسکەریش داواکارییەکە هاوپێچ دەکات و بۆ سەرووی خۆی بەرزی دەکاتەوە.

لێرەدا دەردەکەوێت لەسەر بنچینەی زانیاری هەڵە و بەرژەوەندی بەرپرسی یەکە ئیدارییەکانی شارەکانەوە، ململانێی نێوان کەسایەتییە کوردەکان قووڵ کراوەتەوە، ئەو شێخ سەعیدی حەفیدەی کە لەبەر بەرپرسانی عوسمانی بۆ ئێران ڕایکردووە، دواتر لەلایەن خودی سوڵتانی عوسمانییەوە ڕێزی لێ دەنرێت، ئەمەش چەند ساڵێك دوای ئەو گرفتانە دێت. (شێخ سەعید ئەفەندیی نەوەی کاك ئەحمەدی شێخ لە ساڵی ١٣١٨دا [١٣٢] بێ ئەوەی هیچ پلەیەکی مەئمووریيەتی هەبێ روتبەی دەدرێتێ)[١٣٣].

## بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە لە کاتی نەداریدا داوای بەهانەوەچوون لە سوڵتان دەکات

محەمەد شەوقی ئەفەندی، کە لەکاتی بەڕێوەبەردنی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی شەقڵاوە زۆر ڕەخنەی لێگیراوە و لەسەر ئەو ڕەخنانە دوورخراوەتەوە، دوای چەندین ساڵ و لەکاتی نەداری و هەژاریدا پەنا بۆ سوڵتان دەبات و داوای ئەوە دەکات کە ئەو مووچانەی لای دەوڵەت ماون پێی بدرێتەوە و بە شێوەیەکی زۆر کڕووزانەوە داوای بەزەیی و شەفەقەت لە سوڵتان دەکات، ئەم نووسراوەی ناوبراو لە ٦ی ئاداری ساڵی ١٩٠٦ی میلادی نووسراوە، ئەمە دەقەکەیەتی:

حەزرەتی خودان دەوڵەت، ئەفەندی

131 DH_MKT__00285_00049_001_001

١٣٢ واتە ساڵی ١٩٠٠ی میلادی

١٣٣ سالنامەء دولت علیە عثمانیە ١٣٢٠ هجریة، دار الطباعة العامرة، در سعادت ١٣١٨، ص ٩١

خەلیفەی خودا، هیممەت بەرز، جوامێر و بەخشندە و چاکەخواز و مێرخاس و خاوەن شکۆ حەزرەتی ئەفەندی سوڵتان ، خەلافەتەکەت هەر بمێنێ تا مانەوەی زەوی و ئاسمان.

دوای لەکارلادانی بەندەی بێدەسەڵاتتان لە ویلایەتی موسڵ تا ئێستا موحتاج و نەدار بووە و پەنا بۆ فەرمانگە و بەشەکانی وەزارەت و بابی عالی دەبات، کە پێویستی بە چارەسەری بەپەلە هەیە و ئەم هاوارەی هێناوەتە بەر دەرگای دادگەر و بەخشندەیی جەنابی مەقامی وەزارەتەوە و پێویستی بە خەرجکردنی بڕێکە لە پارەی ئەو مووچەیەی ماویەتی.

جا لەو سۆنگەیەوە لەگەڵ چەند فەرمانبەرێکدا بەو کارەوە خەریکە و ئەوەی لەسەریەتی کردویەتی و لەم تەلەگرافەشدا لەگەڵ چاوەڕوانی فەرمانەکەدا هاوپێچ لەگەڵ دوعا و نزایەکانی خۆی و خانەوادەکەی بۆ تەمەن درێژی سوڵتان و دوعای خێری بۆ وەزارەت و خەڵکی دیکەشە. جا دوای ناردنی ئەو داوایە و تێپەڕینی چل رۆژ بەسەر ناردنەکەی، هیچ وەڵامێك نەهات و پاشان لە نوێوە داواکەمان نارد و دوای هەشت نۆ دە ڕۆژیش هێشتا هیچ وەڵامێکی پەڕاوەکان نەهاتۆتەوە و بە تەلەگراف لە هیچ شتێکی نوێ ئاگادار نەکراوینەتەوە و بە حەسرەتەوە لە باڵەخانەی پۆستەوە گوتمان (انا لله وانا اليه راجعون) و زۆر بێ ئومێد بووین. جا هەر بە ڕێکەوت چاومان بە محەمەد عەزیزەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی سورداش کەوت و ئەویش بە چاوی خۆی حاڵ و بار و هەژاری و بێ دەرەتانی ئێمەی بینی، لە کیسەی خۆیەوە چەند پارەیەکی پێ کەرەم کردین و داواکارییەکەی بۆ جەنابی مەقامی وەزارەت نارد و داوای مەرحەمەت و عەدالەتی لێکردن و باسی حال و باری ئێمەی بۆ کردن و ئێمەش جەسارەت دەکەین کە داواتان لێبکەین، چونکە لە کەسی خانەدان داوادەکەین.

جا دوای ئەوەی کە توانای ئەوەمان نەبوو تەنانەت کرێ خانوو بدەین، من و خانەوادەکەم کەوتینە کۆڵانان و زەمانە خراپی بەسەر هێناین وسەردەمان لێ گۆڕاوە

له دادگەرییەوە بۆ ستەم و زۆرداری چووە. سوێند بەو خوایەی لەسەرانە، لەو جلانەی لەبەرمانە بترازێت، پەڕە تیرمان نەماوە. ئەلحوكمولیللا.

ئاخر منێك ٤٠ ساڵی رەبەقم لە خزمەتی دەوڵەت بەڕێكرد، كە ئەمە لە پەڕاوەكان دیار و ئاشكرایە و ئەو ساڵانە ملم لە موو باریكتر بوو بۆ دەوڵەت و ئەوەی بەسەر منیش هاتووە، پێم خۆش نییە و دژی رەزامەندی خوایشە. چاوەروانی مەرحەمەت و بەخشندەیی سوڵتانین كە لەو مامەڵەیەدا بەزەیی پێماندا بێتەوە و چونكە دوو مانگ دەبێ من و خێزان و منداڵەكانم لەناو برسییەتیدا دەژین و لەو پێویستی و ئیحتیاجییەدا و وەك بەخشین و سەدەقە و لە ڕووی مەرحەمەتەوە شتێكمان لە جەنابی مەقامی وەزارەتەوە پێ كەرەم بكات. جا جارێكی دیكە داوا و ئیستیرحامم دووبارە دەكەمەوە و لەو بارەشدا ئەمر و فەرمان هەر حی حەزرەتی (من لە الامر)ە.

بەڕێوەبەری پێشووتری ناحیەی شەقڵاوە و دانیشتووی سنجاقی كەركووك

٢١ی شوباتی ساڵی ١٣٢١"[١٣٤]

جا دوای ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ داواكەی بۆ خەلافەت بەرزدەكاتەوە، لە ١٩٠٦/٣/١٤ بڕیاری سەنییەی خەلافەت سەبارەت بەو داواكارییە دەردەچێت:

داواكاریی پێشكەشكراو لەلایەن محەمەد شەوقی ئەفەندی بەڕێوەبەری پێشووتری ناحیەی شەقڵاوە، بەهۆی هەژاری لەڕادەبەدەری داوای بەخشین و عەتای سەنییە دەكات . دوای لێنۆڕین بەخشین و عەتای سەنییە بە بڕی ١٠٠ قڕوشی بۆ ڕێكخرا، لەم بارەوە ئەمەش پەیوەستە بە ڕا و بۆچوونی خاوەنی مەقامی سەدارەت.[١٣٥]

---

134 DH_MKT__01058_00027_001
135 DH_MKT__01058_00027_003

لە بەڵگەیەکی دیکەدا بەشی نووسراوەکانی سەدارەتی عوزما نامە بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەنێرێت و بڕیاری ئەوە دەدات کە بڕی ١٥٠ قڕووش عەتا و بەخشین بە ناوبراو بدرێت، ئەمەش لە ڕێکەوتی ١٩٠٦/٦/٨ی میلادییە.[١٣٦]

وا دیارە دوای چەند مانگێك دووبارە شەوقی ئەفەندی داوای ئەوە دەکات کە پارەی کەڵەکەبووی لە گەنجینە ماوە و داوای ئیستیرحام لە سەدارەت دەکات و بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی ناوخۆ لە ١٩٠٦/٣/١٤ی میلادی دا داوایەك لە سەدارەت دەکات:

سەبارەت بە مووچەی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە محەمەد شەوقی ئەفەندی کە پارەکەی کەڵەکەبووە و گەیشتۆتە ٤٥٩٩ قڕووش و نیوەی وەرگرتووە و نیوەکەی تریش لە گەنجینە ماوەتەوە. ناوبراو داواکارییەکی پێشکەش کردووە و داوای بەخشین لە مەقامی سەدارەت دەکات تا تەواوبوونی فەرمانی مووچەکەی و و سەر لە نوێ پێشکەشکردنەوەی، جا ناوبراو حەوجێ بە ڕەحم و عەتفە و پێیان وایە بڕی ١٠٥ قڕووشی وەك بەخشین بۆ تەرتیب بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم ئەمر و فەرمانە پەیوەستە بە ڕای باڵای خاوەن شکۆوە.[١٣٧]

لە هەمان ڕێکەوت، وەزیری ناوخۆ داوا لە مەقامی سەدارەت دەکات، کە شەوقی ئەفەندی زۆر نەدارە و کەوتۆتە حالی تەنگاسییەوە، بۆیە ئەگەر عەتای سوڵتانی پێ ببەخشرێت. مەقامی سەڵتەنەتیش سێ ڕۆژ دوای ئەو ڕێکەوتە وەڵامی وەزارەتی ناوخۆ دەداتەوە ڕەزامەندی دەنوێنێت کە کار بە ناوەڕۆکەکەی بکەن.[١٣٨]

---

136 BEO_002839_212865_001_001

١٣٧ DH_MKT__01084_00077_002

١٣٨ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هەر دوو بەڵگەی خوارەوە:

BEO_002783_208684_001_001
BEO_002783_208684_002_001

## ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

-لە کۆتایی دەیەی چلەکانی سەدەی نۆزدەدا، میرەکانی خۆشناو لەگەڵ دەستەڵاتی عوسمانییەکاندا کێشە و گرفتیان هەبووە و میرەکان لەلایەن والی بەغداوە لە بەغدا زیندانی دەکرێن و دواتر بەسەر هەولێر و کۆیە و کەرکووکیان دابەش دەکەن.

-دەوڵەتی عوسمانی بۆ داسەکناندنی میرەکانی خۆشناو لە هەر جموجۆڵێکی نەیاری عوسمانییەکان، بۆ ماوەیەکی کاتیی مووچەیان بۆ دەبڕێتەوە و دواتر مووچەکە نامێنێت و جارێکی دیکە لەلایەن والیی بەغداوە هەوڵیان بۆ دەدرێتەوە، بەڵام کاربەدەستانی تر لە میرەکان بێ هیوا دەبن و پێیان وایە مووچە تەمبێیان ناکات.

-هەر سێ میری خۆشناو (میرمەحمەلی، میریوسفی، پشتگەلی) بازرگانییان لەسەر ڕێگای هەولێر بووە و گرفتیان لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی ئەوسای هەولێر بووە و لە نامەیەکدا حاڵی ستەملێکراوی خۆیان لە کاری بازرگانیدا بۆ سەرووی خۆیان بەرزدەکەنەوە و داوای گۆڕینی سەرۆك شارەوانی دەکەن.

-مەحموود بەگی میرمەحمەلیی شەقڵاوە، کە بە مەحموودبەگی بالیسانی و حاجی مەحموود بەگ ناوی هاتووە لەگەڵ بووك عەنبەری خێزانی وەجاغکوێر بوونە و هەموو موڵك و ماڵی خۆیان وەقفکردووە و لە کۆتاییەکانی ژیانیاندا شێخ سەعیدی حەفیدیان کردۆتە وەکیلی سەر وەقفەکە و ئەویش ئەو مزگەوت و مەدرەسە و تەکیەی کە لەلایەن میرمەحموود و بووك عەنبەرەوە دروستکرابوون سەرپەرشتی دەکات.

-لە ساڵی ١٨٥٣وە بە گوێرەی بەڵگەنامەکان مەلامحەمەدئەمین مەلا و مودەڕیسی مزگەوتی شەقڵاوە بووە و لەلایەن دەوڵەتەوە یارمەتی دراوە و دیارە لە سەردەمێکدا یارمەتییەکەی لێ بڕدراوە و داوای یارمەتیی بۆ کراوە. دواتر مەلامحەمەدەمینێکی تر

دەبێتە لایەنگری بنەماڵەی شێخ سەعید و نارەزایی خۆی لە کار و رەفتارەکانی شێخ سەعید دەردەبڕێت.

-بە گوێرەی دەستخەتی زانایان و ئەوەی تا ئێستا دۆزرابێتەوە لەساڵی ١٥٢٧ی میلادییەوە لەناو شەقڵاوە مەدرەسەی ئایینی هەبووە، وێڕای گوندەکانی دیکەی خۆشناوەتی لە دەوروبەری ئەو ساڵانەدا و تا نەمانی عوسمانییەکان لە خوێندن و مەدرەسە بەردەوام بوونە و خەڵکی خۆشناو وێرای خزمەتکاری مەدرەسەکان بە پیشەی مودەڕیسیش لەناو کاروانی زانستدا ناویان هاتووە.

-لە سەرەتاکانی دەیەی پەنجاکانی سەدەی نۆزدەدا، ئەشقیاکانی خۆشناو گرفتیان لەگەڵ دەوڵەتدا هەبووە و هەردوو لەشکری حیجاز و بەغدا بە هاوبەشی هێرشیان کردۆتە سەر ئەو ئەشقیایانە و لە دیوی دۆڵی شاورێ ئاودیویان کردوون و بەرەو ئێران ڕۆیشتوون. دەوڵەتیش ویستویەتی ڕێگاچارەیەکی دیکە بدۆزێتەوە ئەویش بە دروستکردنی پەیوەندییەکی تازە لەگەڵ میرەکانی خۆشناو، بۆ ئەوەی لە پەنای ئەوانەوە بەرهەڵستی دژی عوسمانییەکان نەیەتە کایەوە.

-لە سەردەمی مەحموود بەگ و مستەفا بەگدا گرژی کەوتۆتە نێوان مسوڵمان و دیانەکان و دواتر ئەمە بە پڕوپاگەندە لێکدراوەتەوە و لە بەرامبەردا دوو قەشەی شەقڵاوە بە نوێنەرایەتی دیانەکان، سوپاسنامەیەك بۆ سوڵتان دەنێرن لەسەر پاراستنی مافەکانیان و بەرپرسانی قەزای کۆیەش بەڵێنی ئەوە بە سوڵتان دەدەن کە ئیتر لە شەقڵاوە جارێکی دیکە کارێکی نەخوازراو نابێت ڕووبداتەوە، کە پێچەوانەی یاسا و ڕێسای عوسمانییەکانە و سنووربەزاندن بەرامبەر بە نامسولمانەکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە بە بەزاندنی هێڵی سوور حسێبکراوە.

-کەسێکی دانیشتووی ئەستەنبوڵ شکایەت لە مەحموود بەگی سەرپەرشتیاری ئیدارەی گوندی شەقڵاوە دەکات و بە کۆمەڵێك تاوان تۆمەتباری دەکات. دیارە پێش کۆتاییەکانی ژیانی، مەحموود بەگ جێی نارەزایی کاربەدەستانی عوسمانی بووە و

دوای مردنی مستەفا بەگی برازای وەك میری میرمەحمەلییەکان سەرپەرشتیاری ئیدارەی شەقڵاوەی کردووە و بە گوێرەی بەڵگەنامەکان دەستی بەسەر موڵکە وەقفکراوەکاندا گرتووە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ناکۆکیی نێوان ناوبراو و شێخ سەعیدی حەفید.

-بە پێی بەڵگەنامەیەك بەکر بەگی بالیسانی، کە لە تیرەی میریوسفییە و یەکێکە لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی خۆشناو، دیارە لە ساڵی ١٨٩٦دا لە موسڵ گرفت و ئاژاوەی ناوەتەوە و بەو هۆیەوە بەرەو ئێران ڕایکردووە و دوای دوو ساڵ پەشیمان بۆتەوە و داوای بوردنی کردووە و داوای کردووە ڕێگەی بدەن بگەڕێتەوە وڵات و مەفتەنی خۆی.

-لە ساڵی ١٩٠١ لە یەکێك لە گوندەکانی شەقڵاوە، لە کاتی سەندنی باج و سەرانە لە خەڵك، خەڵکی گوندەکە پەلاماری عەریف و بەڕێوەبەری ناحیە دەدەن و وێڕای کوشتنی عەریفێك، بەڕێوەبەری ناحیەش بریندارەدەکەن و چەك و رختە و فیشەك و کەلوپەلەکانیشی دەبەن.

-شەقڵاوە لەبەر هاوسنووری و نزیکی لەگەڵ ئێراندا، بە شوێنێکی ستراتیژی و سەربازیی گرنگ حسێبکراوە و تەنانەت تابووری سەربازی لێ بووە و هەوڵدراوە ڕێگای تەلەگراف و بەریدیشی بۆ بهێندرێت و لەگەڵ شارە گەورەکاندا بەیەکەوە ببەسترێنەوە.

- لە ١٨٨٧/٨/٢٤ی میلادیدا مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی حافز سلێمان صالحلی لە شوێنی مەحموود بەگ دادەنرێت، چونکە ڕازی نین کە مەحموود بەگ وەك بەڕێوەبەری ناحیە دابنرێت بە بیانووی ئەوەی لەگەڵ ڕێنماییەکان ناگونجێت. لە ١٨٨٨/٥/٣ی میلادی، مستەفا ئەفەندی بە ڕەسمی وەك بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە دەست بەکاردەبێت. لە ١٨٩٣/٣/٩ی میلادی گرفت دەکەوێتە ناوچەی شەقڵاوە و

بڕیاردەدرێت کە ناحیەکە بە شێوەی سەرۆکایەتی بەڕێوەببرێت و دواتر ئەمە سەردەکێشێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ناحیەکە.

لە یەکەم ڕۆژی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٣٠٤ی ڕۆمی، کە دەکاتە ١٨٨٨/١٠/١٣ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی شەقڵاوەی سەر بە سنجاقی شارەزوور هەڵوەشاوەتەوە و کاری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە ١٠ی ئاداری سالی ١٣٠٥ی ڕۆمی واتە لە ١٨٨٩/٣/٢٢ی میلادی لە ناحیەی داقووق دەستی پێکردووە و سادق ئەفەندی گواستراوەتەوە ئەوێ تا کاری تێدا بکات. لە ١٠ی مایسی ساڵی ١٣٠٨ (واتە ١٨٩٢/٥/٢٢) مزوری خورشید ئاغا دەستی لەکارکردن لە ناحیەی داقووق هەڵگرتووە تا لە ناحیەی شەقڵاوە کار بکات کە لە نوێوە دروستکراوەتەوە.

دووبارە دامەزراندنەوەی ناحیەی شەقڵاوە لە ڕێکەوتی ١٨٩٣/٣/١٨ بووە و یەکەم بەڕێوەبەری دوای دامەزراندنەوە شەوقی ئەفەندی بووە. ناوبراو لە ڕێکەوتی ١ی شوباتی ١٣١٠ی ڕۆمی کە دەکاتە ١٣ی شوباتی ١٨٩٥ وەك بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە دەستی لەکارهەڵگرتوە . لە ١٦ی تەمموزی ١٨٩٦ مستەفا ئەفەندی بە وەکالەت بۆتە بەڕێوەبەری ناحیەکە. لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٠٤ مستەفا ئەفەندی لە بەڕێوەبەری ناحیە لادراوە و عەبدولرەحمان ئەفەندی لە ١ی جەمادی دووەمی ساڵی ١٣٢٢ کە دەکاتە ١٩٠٤/٨/١٣ فەرمانی دامەزراندنی وەك بەڕێوەبەری ناحیە دەرچووە و چاوەڕێی رۆژی دەستبەکاربوونی کراوە. لە ١٩٠٥/٣/١٢ فەرمانی گواستنەوەی عەبدولرەحمان ئەفەندی دراوە لەگەڵ محەمەد نیازی ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی ئاڵتون کۆپری ئاڵوگۆڕیان پێکراوە.

لە ١٩٠٦/٨/١ نیازی ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە دەگوازرێتەوە بۆ ناحیەی خصرو لە ویلایەتی دیاربەکر و لەگەڵ رەمزی ئەفەندی ئاڵوگۆڕ دەکرێت.

-بە پێی ئەو بەڵگانەی دەستکەوتوون، هەتا ساڵی ١٩١٣ش ئیدارەی ناحیەی شەقڵاوە باڵەخانەی تایبەت بەخۆی نەبووە. خانوویەك کە لە دوو ژوور و هەیوانێك پێکهاتووە بە کرێی ساڵانەی ٣ لیرە بە کرێ گیراوە.

- لە ١٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٣٢١ی ڕۆمی کە دەکاتە ٢٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٥ی میلادی، فەرماندەی لەشکری شەشەمینی هومایۆن داوایان لە بابی عالی کردووە کە شەقڵاوە شوێنێکی گرنگ و ستراتیژی هەیە و لەبەرئەوەی شەقڵاوە لە ناوەندی قەزای ڕواندزەوە تەواوێك دوورە، بۆیە پێویستی بە کردنە قەزا هەیە.

- لە ١٩ی ١ی ١٩٠١ لە چەند لایەنێکەوە لەوانە سلکی سەربازییشی تێدایە شکات لە بەڕێوەبەری ناحیە مستەفا تۆفیق ئەفەندی دەکرێت و چەندین گەندەڵی و کاری خراپ تۆمەتباری دەکەن و خەڵکیش داوای لەکارلادانی ئەو و سەید سالح ئەفەندی بەرپرسی دارایی شەقڵاوە دەکەن.

- لە ١٩٠٨/١١/١٩ی میلادی بە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ ئاماژە بەوە دراوە، کە دەبێت ڕەمزی ئەفەندی بەڕێوەبەری پێشووی ناحیەی شەقڵاوە دادگایی بکرێت.

-بەشێکی هەرە گرنگی بەڵگەنامەکان لەسەر ململانێی نێوان مستەفا بەگ و شێخ سەعیدی حەفیدە، ناکۆکییەکەش هەمووی لەسەر موڵکی وەقفکراوی شەقڵاوە بووە و دیارە مستەفا بەگ وەکیلایەتی کردووە و مامەڵەی خراپی بەسەر موڵکەکاندا کردووە و کەمتەرخەم بووە بەرامبەر مزگەوت و مەدرەسە و تەکیە و زەوی و زارەکان. لەو ڕوانگەوە ڕاپۆرت و تەلەگرافی جیا جیا نێردراون و لە هەندێکیاندا بە گوێرەی بەرژەوەندیی کاربەدەستان هەواڵەکە گەیەنراوە و بە جۆرێك داوای دادگاییکردنی شێخ سەعید کراوە و ناچاربووە بەرەو ئێران ڕابکات و دواتر خەڵك داوای گەڕاندنەوەی کردووە و بەهێزی و پیرۆزی کەسایەتییەکەیان بۆ خەلافەتی عوسمانی باسکردووە. بێگومان ئەم ڕووداوانە پێش ڕوتبەوەرگرتن و ڕێزلێنانی شێخ سەعید بووە لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە.

# سەرچاوەکان

**بە کوردی**

-بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانییەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم چاپخانەی ومیض، بەغدا، ١٩٩٨.

-بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانییەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی دووەم،چاپی یەکەم بەغدا، ١٩٩٩.

-بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی چوارەم. چاپی یەکەم، چاپخانەی الخنساء، ٢٠٠٢.

-چل حیکایەتێد مەلامەحموودی بایەزیدی، ڕەشید فندی، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٤.

-شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، محەمەد ڕەسوول هاوار، بەرگی یەکەم، لەندەن، ١٩٩٠.

-قەزای شەقڵاوە لە سەردەمی پاشایەتیدا (١٩٢١-١٩٥٨)، کۆرەك حسن احمد، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، نیسانی ٢٠١٧

-یادنامەی شێخ مەحمودی حەفید، ناسرحەفید و ئەوانی تر، بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.

**بە عەرەبی:**

-اربل فی مختلف العصور، اللواء والمدینة، المحامی عباس العزاوی، راجعه وعلق علیه وقدم له محمد علی القرداغی.

-التقسیمات الاداریة لسنجق السلیمانیة خلال العهد العثمانی الاخیر ١٨٦٩-١٩١٨م، بان راوی شلتاغ الحمیداوی، مجلة القادسیة فی الاداب والعلوم التربویة، المجلد ٨، العدد ٣، ٢٠٠٩، .

-حقوق الأقلیات الغیر المسلمة فی الدولة العثمانیة، مصطفی ملاوغلو، سرایفو، ٢٠٠٧

-العشائر الكردية فى العراق، مديرية الاستخبارات العسكرية العامة، سرى، بدون سنة الطبع.
-مراكز ثقافية مغمورة فى كردستان، د.عماد عبدالسلام رؤوف، دار مكريان، اربيل ٢٠٠٨ .
-موسوعة تاريخ العراق، العهد العثمانى الثالث، عباس العزاوى المحامى، الدار العربية الموسوعات، ج ٧.
-المعجم الموسوعى للمصطلحات العثمانية التاريخية، د.سهيل صابان، مكتبة الملك الفهد الوطنية، الرياض، ٢٠٠٠.
**به توركی:**
-سالنامهء دولت عليه عثمانيه، سنهء ماليه ١٣٢٧، در سعادت، سلانيك مطبعەسى ١٣٢٧.
-سالنامه دولت عليه عثمانيه، سنه ١٢٧٤، دار العامرة للطباعة.
-سالنامهء دولت عليه عثمانيه ١٣٢٠ هجرية، دار الطباعة العامرة، در سعادت ١٣١٨.
-موصل ولايتى، سالنامه رسميسيدر ١٣٢٥ موصل مطبعەسنده .
-موصل ولايتى، سالنامه رسميسيدر ١٣٣٠، موصل مطبعەسنده.
-Ondokuzuncu Yüzyılda Güney Afrika'da Bir Osmanlı Kürt Alimi: Ebubekir Efendi", **Martin Van Bruinessen,** Hece Dergisi, H.246-247-247, İstanbul 2017.
-*140 Yıllık Miras Güney Afrika'da Osmanlılar*, Ahmet Uçar, Tez Yayınları-İstanbul 2001.
-*Güney Afrika'da Osmanlılar*, Ahmet Uçar, Çamlıca Yayınları, İstanbul 2008.
-*Güney Afrika'da Osmanlı İzleri*, Halim Gençoğlu, Tezkire Yayınları, İstanbul 2016.

**ئینتەرنێت**
http://www.osmanlicasozlukler.com/osmanlica-sozluk-madde-٣٧٠٤٣.html

A_}MKT_UM__00367_00081_005
A_}M__00009_00048_1_001_001
A_}MKT_MHM_00048_00089_001
A_}MKT_MHM_00052_00072_001
A_}MKT_UM_00081_00018_001_001
A_}MKT_UM_00367_00081_002
A_}MKT_UM_00367_00081_003
A_}MKT_UM__00472_00094_001
A_}MKT_UM_00472_00094_002
BEO_000172_012841_001_001
BEO_000411_030753_005
BEO_001211_090823_001
BEO_001211_090823_001_001
BEO_002783_208684_001_001
BEO_002839_212865_001_001
DH_MB_HPS_00042_00009_002
DH_MKT__00089_00044_001
DH_MKT__00094_00006_002
DH_MKT__00094_00006_003
DH_MKT__00285_00049_001
DH_MKT__00293_00011_001
DH_MKT__00875_00023_001
DH_MKT__00937_00046_001
DH_MKT__01058_00027_001
DH_MKT__01058_00027_003
DH_MKT__01084_00077_002
DH_MKT__01104_00090_001
DH_MKT__01219_00058_002
DH_MKT__01442_00048_001
DH_MKT__01505_00116_001
DH_MKT__01550_00113_001
DH_MKT__01612_00108_001
DH_MKT__02039_00110_001
DH_MKT__02053_00066_001
DH_MKT__02406_00007_001
DH_MKT__02415_00139_001
DH_MKT__02663_00058_001_001
DH_MKT_02663_00058_002_001
DH_TMIK_M_00147_00079_001_001
DH_TMIK_S_00060_00040_001
DH_TMIK_S_00060_00040_005
DH_TMIK_S_00060_00040_001
İ__HB_00003_00034_004
I_MVL_00159_004604_001_001
I_MVL_00287_011391_002_001
Y__MTV__00052_00079_005_001
Y__MTV__00056_00048_001_001
Y_MTV_00057_00030_002_001
EV_d_16693_00003

## دەقی بەڵگەنامەکان بە وەرگێڕدراوی[١٣٩]

DH_MKT__01505_00116_001_001

**ژمارە: ٤٦٩**

**مێژووی نووسینی ڕەشنووس: ٢٠ی نیسانی ١٢٠٤**

**مێژووی ئامادەکردن : ٢١ی شەعبانی ١٣٠٥ی کۆچی[١٤٠]**

**٢٠ی نیسانی ١٣٠٤ی ڕۆمی**

بۆ ویلایەتی پایەبەرزی موسڵ

به گوێرەی بڕیاری لیژنەی دامەزراندنی فەرمانبەران، مستەفا ئەفەندی به وەزیفەی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە دامەزرێندرا به تەرخانکردنی بڕی ٧٥٠ قڕووشی مانگانە وەك مووچە بۆ ئەو وەزیفەیە، مووچەکە له مێژووی دەستبەکاربوونی له کارەکەی بۆی خەرج دەکرێت، لەبەرئەوە مێژووی دەستبەکاربوونی ڕادەگەیەندرێت و به گوێرەی بڕیارەکە سندووقی خانەنشینی وا دەبێت که نیوەی مووچەی یەکەمینی ناوبراو وەریدەگرێت، هەروەك خەرجی دیکەی وەك گەیاندن و نیشتەجێ و ... بریتییە له ١٧٤٠ قڕووش، لەو بارەوە بەشی ژمێریاری ڕادەسپێردرێت که خشتەی خەرجییەکان دابنێت، ئێوەش دەست و برد و هیممەتێك بکەن.

به ژمێریاری ڕاگەیەندرا.

---

[١٣٩] به پێویست نەزانراوە هەموو بەڵگەنامەکان لەناو لێکۆڵینەوەکەدا به نموونە بهێنرێنەوە، بەتایبەتی لەوەدا هەندێك له بەڵگەنامەکان نووسراوی دووبارەن و بۆ لایەنی تر نێردراون. بەڵام لێرە له بەشی وەرگێڕانی بەڵگەنامەکاندا هەموویان داناوە. هەروەها له بەشی وێنەی بەڵگەنامەکانیشدا لەبەر گەورەبوونی قەبارەی کتێبەکە، به پێویست نەزانرا که هەموو وێنەکان دابنرێن، خوێنەر دەتوانێت به هۆی کۆدی بەڵگەنامەکانەوە، هەموو وێنەکانی له ئەرشیڤخانەی عوسمانی دەستبکەوێت.

[١٤٠] دەکاتە ١٨٨٨/٥/٣ی میلادی

DH_MKT__01612_00108_001_001

**ژمارەی پەڕاو: ١٣١**

**مێژووی نووسینی ڕەشنووس: ٢١ی ئاداری ١٣٠٥**

**مێژووی ئامادەکردنی نووسینەکە: ٣ی شەعبانی ١٣٠٦ی کۆچی[١٤١]**

**٢٣ی مارتی ١٣٠٥ی ڕۆمی**

بۆ ویلایەتی پایەبەرزی موسڵ

نووسراوە هاتووەکان بە مێژووی ١٥ی شوباتی ١٣٠٤ و لە دەستپێکدا کە لە ویلایەتی پایەبەرزەوە هاتووە بۆ دامەزراندنی چەند لقێکی بەڕێوەبەرایەتی دارایی لە داقووق و لە ناحیەی شەقڵاوە. لەم ڕووەوە سەرنجی ئێوەی پێویستە بۆ موتاڵاکردنی زیاتر لەو بابەتە و گرتنەبەری ڕێ و شوێنی پێویست و لێکۆڵینەوە، بەوەی ئایا ئەو کارە بەرژەوەندی تێدایە یان نا؟

[١٤١] کە دەکاتە ١٨٨٩/٤/٤ی میلادی

DH_MKT__02663_00058_001_001

**ویلایەتی موسڵ**

**بەشی نووسراوەکان**

**ژمارە: ٨٨**

**بۆ وەزارەتی بە شکۆی دارایی**

**حەزرەتی ئەفەندی دەوڵەتمەندمان**

دەقی ئیفادەی داواکاری گشتی موڵکییەت و، وردەکاری پەڕاوەکانتان پێشکەش دەکەین، سەبارەت بە کێشەی دزینی هەندێ پارە کە ڕەمزی ئەفەندیی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە پێی تۆمەتبار کراوە لە خانووی سەید صالح ئەفەندی، لەم بارەوە نێردراوەتە ئەنجومەنی شووڕای دەوڵەت بۆ لێکۆڵینەوە لەسەری، لەم ڕووەوە ئەمر و فەرمانی حەزرەتی (من لە الامر)[١٤٢]ە.

**فەریق**

**والی موسڵ**

**مۆر: سەید حافز محەمەد عەلی**

**٢٥ی رەمەزانی ساڵی ١٣٢١ی کۆچی[١٤٣]**

**١١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٣٢٤ی ڕۆمی**

---

[١٤٢] حەزرەتی مەنلەهولئەمر، واتە ئەو کەسەی کە ئەمر و فەرمان هەر بۆ ئەو دەگەڕێتەوە

[١٤٣] کە دەکاتە ١٩٠٣/١٢/١٥ی میلادی

A_}MKT_UM___00367_00081_001_001

لە گوندی شەقڵاوەی سەر بە کۆیەی گرێدرای ویلایەتی شارەزوور، بەشێك لە مسوڵمانان دیانەکان وەك دیل بۆ خۆیان بەکاردێنن و لە ماڵەکانیان وەك بەندە کاریان پێدەکەن و کچیان لێ دەخوازن تا سامانیان لێوە دەستکەوێت و بە ئاشکرا زات دەکەن کاری وا بکەن. بۆیە دوای ئەوەی لە ئەنجومەنی قەزای ناوبراوەوە هەواڵ هات کە ئەو کەسانە هێشتا لەسەر ئەو کارەیان بەردەوامن، وێرای ئەوەی فەرمانی قەدەغەکردنیشیان بۆ چووە. لە یادداشتەکەدا لە ڕۆژی ١٧ی موحەڕەمی ١٢٧٦[١٤٤]ی کۆچیدا دیارە کە لەسەر ئەو شێوازەی نووسراو و باسکراوە شتێك ڕوونادات، هەر وەك ئەنجومەنی قەزاش ڕایگەیاندوە، بێگومان خەڵکی مسوڵمان و دیانیش نکوڵی لەو پڕوپاگەندانە دەکەن بەوەی جوڵەیەکی وا ڕووینەداوە و کەسیش زاتی ئەو کارە ناکات.

هەروەها عەشیرەتی خۆشناویش لە نوێ هاتوون و مەحموود بەگی دانیشتووی ئەو گوندە جارێك ئاگادارکراوەتەوە و تا ئێستاش دوای ئەوە شتێك ڕووی نەداوە، وەڵامی هاتووش لەو بارەوە لە ئەنجومەنی قەزاوە ئەوەیە کە لە مەزبەتەیەکدا سوپاسنامەیەك بۆ مەقامی سامیی داری سەدارەتەوە (خەلافەت) لە لایەن دیانەکانەوە هاتووە کە لەو گوندەدا دەژین. بە هەر حاڵ هەموو ئەمر و فەرمانێك هەر بۆ حەزرەتی (من لە الامر)ە.

٢٠ی صەفەری ١٢٧٦[١٤٥]ی کۆچی

**محەمەد سەلمان**

**بەندەتان سەردار ئەکرەم**

**عومەر لوتفی**

---

[١٤٤] دەکاتە ١٨٥٩/٨/١٦ی میلادی

[١٤٥] دەکاتە ١٨٥٩/٩/١٨ی میلادی

A_}MKT_UM___00367_00081_002_001

ئەو بڕە پارەیەی کە مەحمود بەگی خۆشناو بە زۆر لە تایەفەی دیانەکانی ستاندووە و ئەو تایەفەیەش بەشێکن لە دەوڵەت و نامسوڵمانن و لە گوندی شەقڵاوەی قەزای کۆیەنە، جا بۆیە بۆ قەدەغەکردن و لابردنی ئەو ستەمە، سەردار ئەکرەمی بەندەتان ڕەشید ئاغای نارد، دوای دەرچوونی فەرمانی خەلافەت وەك نوێنەرێك بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی شەریف. جا لە ناوەڕۆکی دانیشتنی ئەنجومەندا ئەوەیە کە دوای فەرمانی شەریفتان ناوبراو (مەحموود بەگ) هیچ جوڵەیەکی لەو جۆرەی لێ نەبینراوە، بۆیە مەحموود بەگ پەیمان و بەڵێنی داوە کە جارێکی تر شتی وا نەکات، هەروەها سەردار ئەکرەمیش بەڵێن و پەیمان دەدات کە هەموو جوڵەیەك و کارێکی وا قەدەغە بکات و لە ئێستاوە تا لەمەودواش نابێت هیچ کاری وا ڕووبدەنەوە، ئەمەش داوای ئاغای بەندەتانە بۆ پێشکەشکردنی ئەو مەزبەتەیە و لەم بارەشەوە و لە هەموو حالەتەکاندا ئەمر و فەرمان هەر هی حەزرەتی (من لە الامر)ە.

١٧ی موحەڕەمی ١٢٧٦[١٤٦]

بەندەتان وەکیلی نەتەوەی جوولەکە (هیچ ناوێك نەهاتووە)

ئەندام، بەندە: عەبدوڕڕەزاق

ئەندام، بەندە: خودابەندان عەبدولغەفور

ئەندام، بەندە: سلێمان

ئەندام، بەندە: مەحموود

ئەندام، بەندە ئەبوبەکر عەبدوڵڵا

ئەندام، بەندە: محەمەدئەمین

دوعاگۆتان: محەمەدئەمین

دوعاگۆتان: محەمەد حەسەن

بەندەتان بەڕێوەبەری قەزای کۆیە/ زەینەل

---

[١٤٦] دەکاتە ١٨٥٩/٨/١٦ی میلادی

A_}MKT_UM___00367_00081_003_001

بەڵگەنامەکە بە زمانی سریانییە و هەمان بابەتە

A_}MKT_UM___00367_00081_005_001

**مەقامی والیی حەزرەتی سەدارەت**

**خستنەڕوو بۆ بەڕێزتان**

بەهۆی نەرمی نواندنی والی ویلایەتی شارەزوور حەزرەتی دەوڵەت پاشا، تا ئێستاش لە گوندی شەقڵاوەی سەر بە کۆیە، بەشێك لە مسوڵمانەکان وەك بەردە مامەڵە لەگەڵ دیانەکان دەکەن و بە بێ ئیزنی ئەوان کچیان لێ دەخوازن و ٢٠٠ قرووشیان لە بەرامبەر وەردەگرن و ناچاریان دەکەن کە لە ماڵەکانیان وەك دیل خزمەتیان بکەن و زۆر کاری هاوشێوەی تریش دەکەن. جا ئەم حالەتەش بە هەموو شێوەیەك پێچەوانەی دادگەرییە و قەت و قەت ئەو کارە نابێتە جێی ڕەزامەندی دەوڵەت. لەبەرئەوە ئەو کارەیان لێ قەدەغەکرا و لە ئێستاوە تا هەتایە دیانەکان لە گوندی ناوبراو مامەڵەی وایان لەگەڵدا ناکرێت و ڕەوای هیچ کەسێکیش نییە کچ بفرۆشێت یان خەڵکی دیکە بۆ خزمەتی ماڵ و موڵکی بەکاربێنێت، لەوبارەوە فەرمانی سوڵتانی دەرچووە سەبارەت بەوانەی لە تەبەعییەتی سوڵتانن (نامسولمانەکان) و باج (جزیە) دەدەن و لە فەرمانەکەدا جەخت لەسەر ئەو واتایانە کراوەتەوە و بۆ قەزای ناوبراویش نێردراوە کە لە گوندەکەدا کاری پێبکەن و جێبەجێی بکەن، چونکە خەڵکی ئیسلام ئێستا ئەو کارەیان لا ئاسایی بووە و وازی لێ ناهێنن، بەڵام خۆشگوزەرانی و ئارامی و سەقامگیری تەبەعییەکانی سوڵتان مەسەلەیەکی داواکراوە و بە گوێرەی ئەوەی بۆمان هاتووە لە گوندێکی دەوروبەری موسڵیش شتێکی ئاوا ڕوویداوە.

پشتیوان بە خوای گەورە دوای جێبەجێکردنی تەنزیماتی خەیری لە ویلایەتی شارەزوو و بە گوێرەی فەرمانەکانی سوڵتان دەستی ستەمکاری عەشیرەتە بەهێز و ئەشقیاکان لەسەر خەڵکی ستەملێکراو و هەژار لادەچن و هەموو ئەو ستەم و زۆرداریانە لادەکەون

و عەشیرەتەکان توندوبەند دەبنەوە و سەقامگیری دێتەکایەوە و هەموو مژوولی جێبەجێکردنی تەنزیماتی خەیری دەبن، لەو بارەوە سەرکەوتوو دەبن و ئینشائەڵڵا بە زووترین کات لەو شوێنانە بارودۆخ هێور دەبێتەوە و کە جێبەجێکردنی فەرمان و ئیجرائەتەکانیش تەواو بوون بە درێژی عەرزتان دەکەین. لەم بارەوە ئەمر و فەرمان هەر هی حەزرەتی (من لە الامر)ە.

١٨ی موحەڕەمی ١٢٧٦ی کۆچی[١٤٧]

**حەمەد سەلمان**

**بەندە سەردار ئەکرەم**

**عومەر لوتفی**

A_}MKT_UM___00472_00094_001_001

بۆ موتەصەریفی شارەزوور، حەزرەتی تەقیەددین پاشا

مەحمود بەگی میرمەحمەلی بەڕێوەبەری قەزای خۆشناو کە سەر بە سنجاقی شارەزوورە، لە قەزای ناوبراو و پێچەوانەی سیستەمی دەوڵەت ئەو پیاوە بە کەیفی خۆی خەڵك ناچار دەکات و دەیانکاتە خزمەتکار و وەك بەردە و بەندە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و ئەو باجەی بڕیاری لەسەر دراوە لەسەر خەڵکی زیاد دەکات و ئەو باجەی کە بە رەسمی (سور) ناسراوە ئۆقجەی خەیاڵی لەسەر گرێبەستی مارەبڕین وەردەگرێت و لە سەرووی باجیش لە خەڵکی بێدەستەڵات دەستێنێت و بە ناحەقیش چوار کەسی ئیعدام کردووە و زاتی ئەوە دەکات هەموو جۆر دەستدرێژی و ستەمێك بکات.

لەو بارەوەش بۆ ئاواکردنی دادگەری و بە حەق گەیاندن، داوای دادگاییکردن بۆ ئەمیری ناوبراو دەخەینەڕوو لە ئەنجومەنی ویلایەتەوە، ئەو داوایەش لەلایەن کەسێکەوە بەناوی عەبدوڵڵا ئەفەندییەوە پێشکەشکراوە کە عەرزوحاڵی هێناوە سەبارەت بە

---

[١٤٧] دەکاتە ١٨٥٩/٨/١٧ی میلادی

ڕووداوی سەرەوە و بەڵگەی دروستیشی هێناون کە بەڵگەن لەسەر سەرپێچی ناوبراو بە بڕیارەکانی جەنابی خەلیفەوە. جا بۆ ئەوەی ڕاستییەکان روون ببنەوە، داوادەکەین ئەو دۆسیە بۆ ئەنجومەنێك لە شارەزایان بنێردرێت بۆ لێکۆلینەوە و وردبینی لەو داواکارییەی هاتووە و ڕێکخستنی دادگا بۆ ئەوەی ڕاستییەکە ڕوون بێتەوە و تاوەکوو هاوشێوەی ئەو حاڵەتانە ڕوونەدەنەوە و هەمووش پابەندبن پێیەوە، جا لەو بارەوە هیممەت و دەست و بردا!

لە دڵسۆزییەوە، وەڵامی داواکاری و لێکۆڵینەوە دەدرێتەوە.

A_}MKT_UM___00472_00094_002_001

مەحموود بەگی میرمەحمەلی لە ساڵی ١٢٦٣ [١٤٨]وە تا ئێستا بەڕێوەبەری قەزای خۆشناوی سەر بە سنجاقی شارەزوورە و ناوبراو پێچەوانەی سیستەمی دەوڵەت لە دەیەك زیاتر لە دەرامەت و بەروبوم وەردەگرێت. بە ئارەزووی خۆی لە سەرووی ئەوەی تۆمارکراوە لە دەفتەر، لە خەڵك دەستێنێت، جا ئەوانەی نەدەن، بە ناچاری و بە زۆری و زۆرداری لێی دەستێنن و خەڵك ناچار دەکەن کە خزمەتی بووکی و کچی و ماڵاتی و کشتوکاڵ و شتە تایبەتەکانی بکەن، هەروەك سزای ئەو کەسانەش دەدەن کە ئەو زیادەیە نادەن کە لە سەرووی باجی بڕیارلێدراوی ساڵانەیە. لە کاتی مارەبڕینیشدا باجێکی ٢٠٠ تا ٢٥٠ ئۆقجە دەستێنن و هەروەها دەست بە سەر زەوی و حەیوانات و جل و بەرگ و شتی تری خەڵکی بێ دەسەلات دەگرێت، وێڕای ئەوەش دەست بەسەر موڵکی ئەو کەسانە دادەگرن کە ئەولادی نێرینەیان نییە و کچەکانیان وەك دیل لە خزمەتی خۆیان بەکاردێنن و بەشە شەرعی میراتیش نادات و هەمووی بەخۆی وەردەگرێت، جا ئەگەر کەسێکیش

[١٤٨] دەکاتە ساڵی ١٨٤٧ی زایینی

شکایەت لە کەسێکی تر بکات، حەقی شکایەتەکە لە کەسی شکایەتکار دەستێنن و ئەگەر هیچی لەسەر ساغ نەبوویەوە ئەوا دوو قاتی لێ دەستێنن.

لەم دوایانەش ناوبراو زاتی ئەوەی کردووە کە چوار کەس لەو خەڵکە بکوژێت. جا لەبەر ئەو ستەم و زۆرداریییەی ئەو، والی بەغدا و والی پێشووی شارەزوور دەوڵەتمەندان نامیق و سەلیم پاشا بە زەبری هێز و سەرباز گرتویانە و ئەویش توانیویەتی خۆی لە دەستیان ڕزگاربکات، جا ئەمیری ناوبراو گەڕاوەتەوە قەزای ناوبراو و لە نوێوە بۆتەوە بەڕێوەبەری ناوچە، لە ماوەی حەفت هەشت ساڵ بە تەواوی هەموو ستەم و زۆرداریییەکی لەو خەڵکە هەژار و بیدەستەڵاتە کردووە کە وەك بەندە و دیلیان لێهاتووە و لەناوخۆیان دەڵێن تاکەی ئەم ستەمە بەردەوام دەبێ؟ تەنانەت ناتوانن شەکوای خۆیان بگەیەنن و دوای گەیشتنی ئەم ڕاپۆرتە داوا دەکەن کە بەڕێوەبەری قەزاکە لابدرێت و ئەو موڵك و ماڵ و سامانەی هەژاران کە داگیری کردوە بیگەڕێنێتەوە و لەسەر ئیعدامی ئیعدامکراوەکانیش لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت و لێکۆڵینەوە لەو کێشانە بکرێت تا حەق جێبەجێ بێت. لەو ڕووەوە داوادەکەین بە گوێرەی یاسا لێکۆڵینەوە لەوەی کردویەتی لەماوەی خزمەتەکەی بکرێت و پەلە بکرێت لەوەی کە زیادە لەسەر باجەکان نەستێنێت و واز لە بەکارهێنانی خەڵك بێنێت بۆ ئیش و کاری خۆی بە خۆرایی و ڕاسپاردەی والی بەغدا دەولەتلو و سەعادەتلو موتەسەریفی شارەزوور حەزرەتی پاشا و فەرمانێکی تایبەت لە جەنابی خەلافەتپەنا تایبەت بەمە دەربچێت و ئەمەش وادەکات داوایەکان لە خەڵکەوە بەرەو سەڵتەنەتی پایەبەرزەوە کەمەندکێش بن و، ئەمر و فەرمانیش لەم ڕووەوە هەر هی خاوەنی (من له الامر)ە.

**دوعاگۆتان عەبدوڵڵا**

**نیشتەجێی قوتابخانەی حاجی بەشیرئاغا لە نزیکی بابی عالی**

A_}M_00009_00048_1_001_001

به فەرماندەیی جەنابی شاکر پاشا سەرۆکی ئەرکانی لەشکری حیجاز و عێراق، هەردوو لەشکری عێراق و شام کۆکرایەوە. ئەمەش بۆ ڕێکخستنەوەیان تا ئەشقیاکانی خۆشناو تەمبێ بکەن و ئیرادەی خەلافەتیان بەسەردا جێبەجێ بکەن. جا ئەشقیاکانی خۆشناو لە رواندوز هەلاتوون و دەربازی سنووری ئێران بوونە، بۆ ئەوەی ئەو ڕێڕەوە ببڕن کە لێیانەوە بۆ ئێران ڕایانکردووە و ڕێ و شوێن لە قەزاوە بەسەر ئەشقیاکانی خۆشناو بگیرێتە بەر و ئەمن و ئاسایش بە تەواوی و بە هەمیشەیی دابین بکرێت، هەروەك لە ئیرادەی باڵاوە هاتووە، ئیرادەی باڵاش جێی ڕێز و بەگەورەزانینە و دەبێ فەرمانەکە جێبەجێ بکرێت.

جا بۆ ئەوەی ڕێڕەوەکە بگیرێت کە تێیدا ڕایانکردووە، سەربازانی فەرمانبەر لەو ناوچەیە بانگ کراون بۆ ئەوەی لەگەڵ سەربازانی سوڵتان و جەنابی فەریقی ناوبراو ڕێرەوەکەیان گەمارۆ داوە و هێرشیان کردۆتە سەر ئەشقیاکان و چەك گرتن لەو گوندەی کە لێیەوە هەڵاتوون و سوتاندنی ئەو قەڵایەی کە لێیەوە ڕایانکردووە و سەربازانی سوڵتان و دەوڵەت چاودێریان دەکەن و لەو ناوچەیەی ناوی شاورە[١٤٩]، ١٥ ئەشقیا دەستگیرکراون و زەلامیکیشیان لێ کوشتوون و ئەوەی ماوەتەوەش توانیویانە هەڵبێن و ئەو چیایەی لای ئێرانیان بڕیوە و دەربازیان بووە. سەربازانی سوڵتان بەسەر ئەو ئەشقیایانە سەرکەوتوون و ڕێگاکە پارێزراوە. جا لەو ناوچەیە هەندێ لە عەشیرەتەکان تاساون و سەریانسوڕماوە و داوادەکەن بەرەحم بین لەگەڵیان و دەڵێن ئەوان پابەندن و خۆشی و ئاسایشیان دەوێت و ڕاستییەکەش ئەوان هەژاران و ئێستا دوای ڕاوەدوونانی ئەو ئەشقیایانە، هێمنایەتی ڕووی

[١٤٩] مەبەست دۆڵی شاورێیە

تێکردوون، چونکە ئێستا ئەوانە دەپارێزرێن و بەتایبەتی دوای فەرمانی خەلافەت، جا بەو هۆیەوە زۆر کەیفخۆشن بەو مەرحەمەتەی سوڵتان و ئێستا دوای هەڵاتنی ئەشقیاکان دەتوانرێت باج لە خەڵکی لیوای ناوبراو بسەندرێت. لەو بارەشەوە ئەمر و فەرمان هەر هی حەزرەتی (من لە الامر)ە.

٩ی رەمەزانی ساڵی ١٢٦٧ [١٥٠]

**بەندەتان وەکیلی قائیمقامی ڕواندوز**

**سەید ئیسماعیل عومەر**

A_}M_00009_00048_1_001_002

وەڵامی نووسراوی هاتوو لە قائیمقامی شارەزوور و وەکیلی قائیمقامی ڕواندوز سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەشقیاکانی خۆشناو و بەرقەرارکردنی ئەمن و ئاسایش بۆ هەمووان و نیشتەجێکردنی خەلك لەو ناوچەیەدا.

[١٥٠] دەکاتە ١٨٥١/٧/٨ی میلادی

A_}MKT_MHM__00048_00089_001_001

دوای هاتنی دوو نووسراوی بەپێز و پەڕاوی پێچراو سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ بەگەکانی خۆشناو و، دوای پێشکەشکردنی داوا بۆ مەقامی پایەبڵند کە لەلایەن جەنابی سوڵتانەوە فەرمان دەرچوو و فەرمانەکەش ئەوەیە، کە ئەو بەگانەی باسکران بۆ ڕاکێشان و لێ تەئمین بوونیان و زەبتکردنیان ئەو شتانەی داواکراون وەك حەزرەتی دەوڵەتمەدار نامیق پاشاش ئاماژەی پێداوە، بەوەی ئەو بەگانە بۆ ئەوەی لەو بارەوە بەکاربهێنرێن و پێویستە مووچەیەکیان بدەینێ تا گوزەران و کاروباریان بە باشی جێبەجێ بن. هەروەها خەڵکی گەندەڵ و خراپیان لەو ناوچەیە لێ دووربکەونەوە لە ترسی خراپ بوونی بۆچوونی خەڵکی تر بە گوێرەی ئەوەی لە ڕاسپاردەکە لێی دەفامرێتەوە. ئەگەرچی ئێستا چاوپۆشی لەو بابەتە دەکرێت، بەڵام لەمەودوا پێویستە ئاگاداری مەترسی مانەوەیان بکەین لەو ناوچەیە و هەموو ئەوانەی بیرۆکە و نیازی خراپیان هەیە پێویستە بیاننێرینە ئەستەنبوڵ و، پەیوەندیش لە نێوان موتەسەریفی لیوای موسڵ و جەنابی حەزرەتی پاشا و قائیمقامی ڕواندز هەبێت تا ڕێ و شوێن و تەگبیری پێویست و تایبەت بەم عەشیرەتانە بگیرێتە بەر و ئەو هاوکارییەش کە لەنێوان موتەسەڕیف و قائیمقامی ناوبراو هەیە بەردەوام بێت و پەیڕەوی لە بنەماکان بکرێت. ئەمەش پەیوەستە بە شەرەفی دەرچوونی ئەمر و فەرمان لەلایەن سوڵتانەوە.

هەروەها پێویستە قائیمقامی ناوبراو ئاگاداربکرێتەوە بۆ ئەوەی ئاگای لەو بابەتە هەبێت و لە ئێستاوە بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتردا کاربکەن و هەموو جوڵەو کارێکیان وەك یەك بن، لە هەموو بارێکیشدا هیممەت و دەست و برد هەر هی دەوڵەتە.

A_}MKT_MHM__00052_00072_001_001

**بۆ راغیب پاشای قائیمقامی ڕواندوز**

ئەو نووسراوانەی کە تێیدا باسی ئەوە کرا کە دوای ئەوەی کە یاریدەدەر عەزیز بەگی سلێهانی خۆی گەیاندە عەبدولقادری سەرۆك عەشیرەتی خۆشناو، کارەکە عەرزی حەزرەتی سوڵتان کرا و دوای ئەوەی کە ئەمر و فەرمانەکە لە بابی عالییەوە زانرا، ڕاییکردنی کاروبارەکان و ئەو داواکارییە لە دەوڵەتمەداری پاشا والی شارەزوورەوە دەرحەقی عەبدولقادر بەگ دابینکردنی شوێنێکە و خەرجکردنی مووچەیەکە بۆی، چۆنیەتی کارەکە و ڕوونکردنەوەکە تەواو بووە و لە هەر بارێکدا لەو بارەوە بە وردی ئاگادارمان بکەنەوە.

A_}MKT_UM___00081_00018_001_001

تەمبێ کردن و تەربییەتدانی عەشیرەتی خۆشناو و ئەو عەشیرەتانەی لەو عەشیرەتەوە نزیکن کە سەر بە کۆیەن، بۆتە شتێکی پێویست، ئەوەش لەبەر بێ وەعدییان لەو باجانەی لەسەریانە و گوێڕایەڵ نەبوونیان بە فەرمانەکان و بەردەوامبوونیان لە کاری خراپ و شەقاوەیی. بۆیە لەشکری سوڵتانیی حیجاز و عێراق بە فەرماندەیی سەرۆکی ئەرکان جەنابی بەندەتان شاکر پاشا ڕەوان کرا کە کارەکانی بە ئاسانی جێبەجێ کران و ئەشقیاکان تێکشکان و بەزین. جا بۆ ئەوەی خەڵکی گوێڕایەڵبووی عەشیرەتی ناوبراو کەمەندکێش بن و ئەشقیا تێیاندا ببەزن، لەو نووسراوەی کە لە حەفتەی ڕابردوو لەسەر چۆنیەتیەکەی عەرزی سەدارەتی باڵامان کردبوو، لەسەر والیی سنجاقی ناوبراو پێویستە کە بیر و هزر لەبارەی دادگەریی سوڵتان بڵاوبکاتەوە، بۆ ئەوەی خەڵك ترسی نەمێنێ و چیتر بەرەو سنجاقی ڕواندز و لایەنی دیکە ڕانەکەن و هەروەها تێبگەن لەوەی کە ئەمن و ئاسایش بەرقەرارە و لە ترسی ئەشقیایان پێویست بە جێهێشتنی نیشتمانی خۆیان ناکات.

هەروەها نیشتەجێ کردنی هەژار و بێ دەستەڵاتان لە زێدی خۆیان و کەمەندکێش کردنیان بۆ وێ و بەندەی ناوبراویشتان عەرزو حاڵی داوە و لە چاوەڕوانی وەڵامە، هەروەك زاتی ئەوەی کردووە کە ئەم داوایە بۆ مەقامی بەردەری ئاستانە پێشکەش بکات، دوای موتاڵاکردنتان ئەمر و فەرمان هەر بۆ ئاستانەیە.

سەرەتای موحەرەمی ساڵی ١٢٦٨ی کۆچی[١٥١]

**بەندەتان، قائیمقامی شارەزوور**

**سەید محەمەد راغیب**

[١٥١] ١٨٥١/١٠/٢٧ی میلادی

BEO_000411_030753_005_001

**وەزارەتی بە شکۆی ناوخۆ**

**بەشی ژمێریاریی ویلایەتی سەنییە/ ژمارە ٣٥٨٥**

لە یەکەم ڕۆژی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٣٠٤ ەوە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی شەقڵاوەی سەر بە سنجاقی شارەزوور هەڵوەشاوەتەوە و کاری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە ١٠ی ئاداری سالی ١٣٠٥ لە ناحیەی داقووق دەستی پێکردووە و، سادق ئەفەندی گواستراوەتەوە ئەوێ تا کاری تێدا بکات. بەم دواییانەش مزووری خورشید ئاغا دامەزرێندراوە بۆ ئەوەی کارەکان بکات و لە ١٠ی مایسی ساڵی ١٣٠٨ دەستی لەکارکردن لە ناحیەی داقووق هەڵگرتووە تا لە ناحیەی شەقڵاوە کار بکات کە لە نوێوە دروستکراوەتەوە. هەروەها ٧٥٠ قرووش مووچەکەیشی بریاری لێدراوە و چووەتە سەر بودجەی ساڵی ١٣٠٩. ئەمەش لەسەر بنەمای بڕیاری ئەنجومەنی شوورا و پەیوەست بە ئیرادەی سەنییە و حیسابی ئەو مووچانەی کە ئەفەندی ناوبراو وەریگرتووە گەیشتۆتە ١٦٦٤٠ قرووش وەك ئەوەی لە وێنەی تەزکیرە و هاوپێچەکانی دا هاتووە، کە لە ژمێریاریی ویلایەتی مووسل و دارکەنار دەرچوون ئەو کاتەی کە ناوبراو پێشتر وەزیفەکەی لە بەڕێوەبەرایەتی شەقڵاوە و داقووق بووە، کە لەو کاتەدا ناحیەی شەقڵاوە هەڵوەشاوەتەوە و ناحیەی داقووق دروستکراوە و پاشان بەڕێوەبەرایەتی ناحیە وەك پێشتر لە شەقڵاوە دروستکراوەتەوە. بێگومان چەند ساڵێك بەسەر ئەم بابەتەدا تێپەڕیوە و هەواڵەکان کە لە ویلایەتەوە هاتوون ئاماژە بەوە دەدەن کە کارکردن بەوە دەبێت کە حەواڵەی ئەنجومەنی شوورای دەوڵەتی لەخۆگرتووە لە ٧ی شوباتی ساڵی ١٣٠٩ەوە لە ژووری پەڕاوەکانی وەزارەتی ناوخۆوە دانراوە و پارێزراوە کە لە پێشتردا بە ناوەڕۆکەکەیەوە هاتووە. بۆیە پێویستە ئەوە وەبیربهێندرێتەوە و باس بکرێت لەگەڵ باسکردنی ئەوەی کە لە ئەنجومەنی شووراوە دەردەچێت. لەم ڕووەوەش ئەمر و فەرمان هەر هی حەزرەتی خاوەن ئەمرە.

٢٣ی نیسانی ١٣١٠[١٥٢]

**ژمێریار/ کارکردن پێی لە ٢٧ی نیسانی ١٣١٠**

---

[١٥٢] دەکاتە ١٨٩٤/٥/٩ی میلادی

BEO_001211_090823_001_001

**بەشی نووسراوەکانی صەدارەت**

**بۆ وەزارەتی شکۆداری ناوخۆ**

**ژمارە١٨١٤**

**ڕێکەوتی ٢٨ی جەمادی یەکەم ١٣١٦[١٥٣] بەرامبەر ٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٣١٤**

لەسەر بنەمای داواکاریی شەوقی ئەفەندیی بەڕێوەبەری پێشووی ناحیەی شەقڵاوە، بۆ پێدانی نیو مووچە، دوای ئەستۆپاکییەکەی لەلایەنی ئاراستەکراو، ئەو نووسراوەی کە لەلایەن ئەنجومەنی شووڕاوە حەواڵە کراوە لە ڕێکەوتی ٢٦ی رەبیعی دووەمی ١٣١٦ و بە ژمارەی ٢٤٦٥ ئەوەی لێ دەفامرێتەوە، کە ناوبراو لە ١ی شوباتی ١٣١٠ەوە دەستی لە کار هەڵگرتووە و مستەفا ئەفەندی بە وەکالەت هاتۆتە شوێنەکەی هەتا ٤ی تەممووزی ساڵی ١٣١٢، پاشان وەکالەتەکەی بۆتە ڕەسەن. ئەمەش دوای ئەو ڕێ و شوێنە یاساییانەی کە ئەستۆپاکی ناوبراو نیشان دەدەن. ئەم بڕیارەش تەسدیقکراوە. هەروەها لە ١ی ئەیلولی ساڵی ناوهاتییەوە ڕوونکردنەوەیەك لە ویلایەتی موسڵەوە هاتووە بۆ پرسین لەو فەرمانبەرەی کە لە ژێر فەرمانی لێپرسینەوەدایە و پاشان بڕیاری ئەستۆپاکی دەرچووە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ مووچە ڕاگیراوەکەی بکرێت لەو ماوەیەدا و بە گوێرەی ماددەی شەشەم لە بەندی دووەمی ماددەی نیزامییە، ناوبراو (شەوقی ئەفەندی) لە رۆژی دەست لە کارهەڵگرتنییەوە تا ڕێکەوتی تەسدیقکردنی دامەزراندنی مستەفا ئەفەندی بە رەسەنایەتی لە وەزیفەکەیدا، حەقی نیو مووچەی هەیە. بۆیە کار بە هاوشێوەی ئەم ماددەیە دەکرێت و ئەم نووسراوەش بۆ وەزارەتی ناوخۆ و بۆ فەرمانگەی دارایی بۆ ئەم مەبەستە دەرچووە و کاری پێ دەکرێت.

---

[١٥٣] دەکاتە ١٨٩٨/١٠/١٤ی میلادی

بۆ بەڕێوەبەرایەتی باڵا ئاماژە بە نووسراوتان

BEO_000172_012841_001_001

**بۆ وەزارەتی دارایی و ناوخۆ**

**ژمارە ١٩٧١**

لەسەر بنچینەی وێنەی نوسراوی مەزبەتەی ئەنجومەنی شووڕای دەوڵەت و ڕێنماییەکانی دەرچوو و مەزبەتەی فەرمانگەی دارایی و ئەنجومەنی نوێنەران و بەتایبەتی ئەندامانی شوورای دەوڵەت لە مەزبەتەی تایبەتی ئەنجومەن و ئەو یادداشتەی خراوەتە ڕوو، ئیرادەی سەنییە لەلایەن جەنابی خەلیفەوە دەرچووە و کاری پێ دەکرێت و پاشان فەرمانەکە بۆ وەزارەتی خاوەنشکۆی دارایی و وەزارەتی ناوخۆ دەچێت، جا ئێوە و هیممەت و دەست و بردتان.

ئیرادەی سەنییە لە ٦ی ئاداری ساڵی ١٣٠٩[١٥٤] دەرچوو، تایبەت بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی شەقڵاوە کە سەر بە ویلایەتی موسڵە.

٢٦ی شەعبانی ساڵی ١٣١٠ ی کۆچی[١٥٥]

٣ی ئاداری ١٣٠٩

---

[١٥٤] دەکاتە ١٨٩٣/٣/١٨ی میلادی

[١٥٥] دەکاتە ١٨٩٣/٣/١٥ی میلادی

BEO_000210_015694_001_001

**بۆ وەزارەتی شکۆداری ناوخۆ/ ژمارە ٥٥٧**

بە گوێرەی وێنەی نووسراو لەو یادداشتەدا، دەست و برد بکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم فەرمانەی سەبارەت بە تەرخانکردنی مووچەی بەڕێوەبەری ناحیە، دوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی شەقڵاویە لە ویلایەتی موسڵ و تەرخانکردنی بڕی ٧٥٠ قڕووش.

BEO_000210_015694_002_001

**بابی عالی /فەرمانگەی کاروباری ناوخۆ**

**بەشی نووسراوەکان (مەکتوبی قەلەمی) / ژمارە ٥٥٧**

بۆ جەنابی حەزرەتی صەدارەت پەنای مەزن

دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەك لە ناحیەی شەقلاوییەی ویلایەتی موسڵ تەواوبوو، لەسەر بنچینەی ڕاسپاردەی ئەنجومەنی شوورای دەوڵەت و ڕینماییەکانی صەدارەت پەنا و ئەنجومەنی نوێنەرانی تایبەت و دوای ڕەزامەندی وەرگرتن، ئیرادەی سەنییە لە تەڕەف جەنابی خەلیفەوە بە مێژووی ٣ی ئاداری ١٣٠٩ دەرچوو و بە خەرجکردنی بڕی ٧٥٠ قرووش بۆ بەڕێوەبەری ناحیە، کە ئەم بڕە پارەیە بچێتە سەر بودجەی ساڵی ١٣٠٩ و دوای کۆتایی پێهاتنی وردبینییەکانی سەر بودحەی ساڵی ١٣٠٩ خەرجکردنی بڕی پارە ڕادەوەستێت، ئەمەش بە فەرمانی ئیرادەی سەنییە کە لە حەزرەتی سوڵتانەوە هاتووە، بۆیە بۆ بەڕێکردنی کارەکە و پێدانی مووچە بە بڕی ٧٥٠ قرووش لەسەر خەمڵاندنی حیسابی ساڵی ١٣١٠ لە دەرەوەی بودجەوە پارە خەرج بکرێت. بۆیە داوای ڕێگەپێدان بەو کارە دەکەین و ئەو ئەمر و فەرمانەش بە گوێرەی ڕالێبوونی جەنابتانە، هەر لەو بارەش ئەمر و فەرمان هی حەزرەتی (من له الامر)ە. ٨ی زولقەعیدەی ساڵی ١٣١٠ی کۆچی[١٥٦]

١٢ی مایسی سالی ١٣٠٩

**وەزیری کاروباری ناوخۆ**

[١٥٦] دەکاتە ١٨٩٣/٥/٢٤

DH_TMIK_S___00060_00040_004_001

**وەزارەتی تەلەگراف و پۆستە**

**بەشی نووسراوەکان**

**ژمارە: ٥٣٢**

**بۆ وەزارەتی پایەبەرزی ناوخۆ**

حەزرەتی ئەفەندی خودان دەوڵەتمان

ئەمە وەڵامی نووسراوی پایەبەرزی وەزارەتە کە ئێمەی شەرەفمەند کردبوو بۆمان هاتبوو، ئەو نووسراوە بە ژمارە ٥٢ و لە مێژووی ١٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٣٢١ هاتوە، دوای لێ وردبوونەوە ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە خەرجییەکانی دامەزراندن و ڕاکێشانی هێڵی پۆستە و تەلەگراف لە نێوان هەردوو ناحیەی دێر و شەقڵاوە لە قەزای سنجار و بەستنی بە ناوەندەوە، پێویستی بە ٧٢٨١ قرۆش و کرێی گواستنەوەی ١٣٠٨٨٨ قرووش هەیە و ساڵانەش ئەو ناوەندە پێویستی بە بڕی ٣٩٣٠٠ قرووش هەیە بۆ مووچە و خەرجییەکانی ناوەند، جا بڕی پێویست بۆ ئەو کارە تەرخان نەکراوە و ناشتوانرێت ساڵانە ئەو بڕە دابین بکرێت، لە کاتێکدا بڕی هاتووی ساڵانە ناتوانێت ئەو خەرجییانە دابین بکات، لەبەرئەوە گرتنەبەری ئەم ڕێ و شوێنە پەیوەستە بە بۆچوون و سەرنجی وەزارەتی ژمێریاری، لەبەرهەندێ ئەم وەڵامەمان خستەڕوو و ئەمر و فەرمانیش هەر بۆ حەزرەتی (من لە الامر) دەگەڕێتەوە.

**وەزیری پۆستە و تەلەگراف**

**ئیمزا**

**٢٩ی شەووالی ١٣٢٣ی کۆچی**[١٥٧]

**٣ی کانونی یەکەمی ١٣٢١ی ڕۆمی**

---

[١٥٧] کە دەکاتە ١٩٠٥/١٢/٢٧ی میلادی

DH_MKT__02415_00139_001_001

**بەشی نووسراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ**

**بۆ ویلایەتی شکۆداری موسڵ**

**ژمارە ٢٥/ ٧٣٠**

**٢٣ی جەمادی دووەمی سالی ١٣١٨ی کۆچی[١٥٨]**

**٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٣١٦ی رۆمی**

نووسراوێك لەلایەن خەڵکی ناحیەی شەقڵاوەوە نێردراوە، داوای گۆڕینی بەڕێوەبەری ناحیە مستەفا تۆفیق ئەفەندی کردووە، دوای ئەو ستەم و دەستدرێژییانەی کە کردوونی. بەڵام وەك لە تۆمارەکاندا هەیە کە بەڕێوەبەری ناحیەی ناوبراو محەمەد شەوقی ئەفەندییە و ناحیە لە سەردەمی ئەودایە و هیچ زانیاری و ئاگاهییەك لەبارەی گۆڕینی و هیچ بەروارێك نییە کە ئەو ڕێ و شوێن و ئیجرائاتە پێویستییانە بگیرێتە بەر. جا دەستکردن بەو ئیجرائاتەش ئەو کاتەیە ئەگەر کەی ناوبراو (مستەفا تۆفیق ئەفەندی) گواسترایەوە ئەو کات بە رەچاوکردنی، بەدواداچوونمانە بۆ ئەنجامەکەی. لەو بارەوە دەست و برد بکەن.

[١٥٨] کە دەکاتە ١٩٠٠/١٠/١٨ی میلادی

DH_MKT__02663_00058_002_001

**بەشی نووسراوەكانی وەزارەتی ناوخۆ**

**بۆ ویلایەتی شكۆی موسڵ**

**ژمارە ٢/ ٨٨**

**٢٤ی شەووالی سالی ١٣٢٦ی كۆچی**[١٥٩]

**٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٣٢٤ی رۆمی**

وەڵامی نووسراوی هاتوو لە ١١ی تشرینی یەكەمی ساڵی ١٣٢٤ بە ژمارە ٨٨.

لەسەر فەرمانی ئیرادەی سەنییە، ئەو كەسەی بە پلەی بەڕێوەبەری ناحیە دامەزرێندراوە، پێویستە دادگایی بكرێت، بۆیە بە گوێرەی یاسا والی ویلایەت دەتوانێت دادگاییەكە پێك بێنێت و تایبەت بە بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە ڕەمزی ئەفەندی ئەوا لێكۆڵینەوەكە ڕەوانەی ئەنجومەنی شوورای دەوڵەت كراوە. بۆیە لەم ڕووەوە پێویست بە دادگاییكردنی ناكات و كۆتایی پێهاتنی دۆسیەكە و ژماردنی پەڕاوەكان بۆ داروسسەعادە (ئەستەنبوڵ) نێردراون.

-پەڕاو نەماون.

[١٥٩] دەكاتە ١٩٠٨/١١/١٩ی میلادی

DH_MKT__00293_00011_001_001

**مەقامی سەربازی**

**بەشی نووسراوەکان**

**ژمارە: ٢٠٨**

**بۆ وەزارەتی دارایی خاوەنشکۆ**

**حەزرەتی ئەفەندی خودان دەوڵەت**

هەموو ئەو ڕوونکردنەوە و وردەکارییانەی سەبارەت بە نەوەی سەعید ئەفەندی سلێمانی بۆ لایەنی هێژا دەنێرین، کە ناوبراو چۆتە شەقڵاوە و بانگەشەی ناڕاستی کردووە و ستەمی لە خەڵك کردووە و دەستی بەسەر چەند ئەموالێك داگرتووە کە نرخەکەی چوارهەزار لیرە دەبێت. لە نووسراوەکاندا وردەکاری زیاتر هەیە و لەلایەنی حکومەتەوە پێداچوونەوە بۆ ئەم بابەتە تەواو بووە و لێکۆڵینەوە کراوە. هەروەها عەرزو حاڵی گوندێکی سەر بە قەزای کۆیەش کە قەزایەکی سەر بە سنجاقی شارەزووە سەبارەت بەو کارەی مستەفا شەقڵاوەیی بە هاوڕێیەتی لەگەڵ چەند ژنێك کە کردویەتی بۆتان دەنێرین، لەم ڕووەوە ئەمر و فەرمانی جەنابی (من لە الامر)ە.

**سەر عەسکەر**

**ڕەزا**

**٢ی رەبیعولئاخەری ساڵی ١٣٠٢**

**٢٠ی ئەیلولی ساڵی ١٣٠٠**[١٦٠]

---

[١٦٠] دەکاتە ١٨٨٥/١/١٩ی میلادی

Y__PRK_BŞK__00024_00050_001_001

**کۆشکی سوڵتانی/ یەڵدز**

**فەرمانگەی سەرۆکی نووسەران**

**ژمارە: ٢٧٢٠**

ئەو داواکارییەی کە بۆ ئاستانەی باڵا خرابووە ڕوو سەبارەت بە وردەکاری ئەو دەستدرێژییە و ستەمەی کە شێخ سەعید ئەفەندیی سلێمانی لە شەقڵاوە قەوماندویەتی و ئیهانەی فەرمانبەرانی حکومەتی کردووە، داواکاریی ناوهاتوو پێشکەشی دادگا کراوە لەسەر ئەو ڕووداوە. دوای گەیشتنی هەواڵەکە سەبارەت بە شکایەتەکەی پێشوو و گەیشتنی ئەنجامی لێکۆڵینەوە کە لە ویلایەتی موسڵەوە هاتووە دوای خستنەڕوو بۆ چاوپێداخشاندنەوە لە مێژووی ٢١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٣٠٧ بە شێوەی تەلەگراف، ئەو کارە حەواڵەی لیژنەیەکی سەربازی کراوە، ئەمەش ویستی خەلافەتی لەسەرە کە لەلایەن خەلافەتەوە بۆ والی ناوبراوەوە نێردراوە. لەم بارەشەوە ئەمر و فەرمان هەر هی حەزرەتی (من لە الامر)ە.

**سەر حەزرەتی باشکاتب**

**ئیمزا**

**٨ی جەمادی یەکەمی ساڵی ١٣٠٩ی کۆچی**[١٦١]

**٢٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٣٠٧**

[١٦١] کە دەکاتە ١٨٩١/١٢/١٠ی میلادی

DH_MKT__00094_00006_002_001

**بابی عالی/ فەرمانگەی کاروباری ناوخۆ / بەشی نووسراوەکان**

ئەمە وێنەی ئەو تەلەگرافەیە کە لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە لە ١٠ی کانونی دووەمی ساڵی ١٣٠٩[١٦٢]دا.

بە گوێرەی فەرمان و ئیرادەی هاتوو لە ٤ی ئابی ١٣٠٦ و بە ژمارەی ٥٤، سەبارەت بە شێخ ئەحمەدەفەندی، ئەوا نەوەکەی کە شێخ سەعید ئەفەندییە لەگەڵ مستەفابەگی میرمەحمەلیی شەقڵاوە، لە نێوان خۆیان هەرچی سەروەت و سامانی مەنقوول و غێر مەنقوول هەیە دابەش کردووە. سەبارەت بە وەقفکراوەکانیش ئەوەی کە سەعید ئەفەندی پێشکەشی دادگای شەرعی موسڵ و بابی مەشیخەت و ئەنجومەنی وردبینی کردووە، ئەوا زانیویانە کە ئەو شێوە وەقفە مامەڵەکەی دەبێت جێبەجێکردنی حوکمەکان بێت بە گوێرەی ئەوەی زانراوە. جا بۆ هاتنەکایەی دادگەری و حەق جێبەجێکردن وەك لەناو خەڵکیش ئاشکرایە کە ئەم وەقفە هەمان مامەڵەی وەقفی بەسەردا دەکرێت دوای لێکۆڵینەوەکان. جا بە گوێرەی حوکمی شەرعی ئەم وەقفە ساغکرایەوە کە لە بەشی وەقف دایە، بۆیە لەو ڕوانگەوە داوالێکراوی ناوبراو کە مستەفا بەگ و هەڤاڵەکانیەتی مەبەستیان تێکدانی ئەو وەقفەیە، لەبەر هەندێ سوورن لەسەر دەرچوونی حوکم لە دادگای تەمیز، لەو بارەشەوە ئاشکرایە کە لە ڕووی شەرعەوە مەسەلەکە ڕوونە و پێویستی بە مەشیخەت نییە و پێشتریش هاوشێوەی ئەم ئەمر و فەرمانە نییە. جا لەو بارەوە دەرچوونی ئیرادەی سەنییە دوای دەرچوونی بڕیاری ناوەند بۆ دامەزراندنی فەرمانبەرێك کە کاروباری دادگا بە گوێرەی حوکمی شەرعی جێبەجێ بکات، ئەمەش دوای ئیزندانی ئیرادەی سەنییەیە، بە دەرکردنی بریارێك لەم بارەوە.

**والی موسڵ/ عوسمان**

---

[١٦٢] دەکاتە ١٨٩٤/١/٢٢ی میلادی

Y__MTV__00056_00048_001_001
Y__MTV__00056_00048_001_002
Y__MTV__00056_00048_001_003

**تەلەگرافنامە**

**ژمارە ٩٦**

**ڕێکەوتی ١١ی تشرینی دووەمی ١٣٠٧[١٦٣]**

**بۆ بەڕێز باشکاتبی مابەینی هومایۆن**

شێخ سەعید ئەفەندی نەوەی خوالێخۆشبوو کاکەحمەدەفەندی لە نەوەی پاکی پێغەمبەر، لە بابییەوە و ئەویش لە باپیرییەوە شێخایەتی وەرگرتووە، کە ئەو باپیرەی لە ئەولیایانی بەڕێز بوو و بە کەرامەتەکانی ناسراو بوو، بە هەڵسوکەوتە جوانەکانی لە شارەکانی عێراق و وڵاتانی ئیسلامی ناسراو بوو، لە بانگخوازان و پاڵپشتانی مەقامی سەڵتەنەت بوو. مەحمود بەگی بالیسانی و ژنەکەی لە حالی حەیاتیاندا مەدرەسە و تەکیەیەکیان لە شەقڵاوە دروست کرد و زەوییان وەقف کرد، هەردووکیان شێخ سەعید ئەفەندیان کردە سەرپەرشت، دوای وەفاتی ئەوان مستەفا بەگ بالیسانی هات و دەستی بەسەر ئەو زەوی زار و موڵك و ماڵ و ماڵاتەدا گرت و لەسەری دانیشت، جا خوالێخۆشبوو کاك ئەحمەدی شێخ بۆ مەبەستی ئیرشاد، یەك لە موریدەکانی خۆی کردە خەلیفە لەسەر تەکیەکە و مودەڕیسیشی بۆ مەدرەسەکە دامەزراند و بانگبێژی دانابوو بۆ نوێژەکان، ئەو مستەفایە هاتووە ئیهانەی ئەوانەی کردووە و دەریکردوون و هەرچی خێر و بێری ئەوان هەبووە لێی بڕیون و پێچەوانەی شەرعی شەریف مامەڵە دەکات و چ شتێك دین پێی ناخۆشە دەیکات و جا هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو لە وڵاتی ئێران خەڵکی

---

[١٦٣] دەکاتە ١٨٩١/١١/٢٣ی میلادی

هێناوە بۆ ئیرشاد لە مەقامی خوالێخۆشبوو کاك ئەحمەد و پروپاگەندەی بڵاوکردۆتەوە کە نەوەی شێخی ناوبراو کە سەعید ئەفەندییە کەسێکی نەشیاوە بۆ ئەو وەزیفەیە و دەستەڵاتی شێخایەتی نییە و زۆر تۆمەتی درۆی دیکەی کە گەیشتۆتە مەقامی خەلافەت.

جا ئیرادەی سەنییە لیژنەیەکی دروستکردوە تا چاو لەو کێشەیە بکەن و دەرامەت و بەروبومی وەقف بپارێزن ئەویش بەهۆی دەستەیەك لە زانایان و دانایان تا ڕاستییەکان ڕوون ببنەوە، بەتایبەتیش کە مستەفا بەگ سەرپێچی زۆری کردووە و لە ئەنجامی ئەو هزر و تەماعکارییەی بەروبومی ئەو موڵك وماڵەی بە ئارەزووی خۆی خەرج کردووە و لە کاری ناشەرعی سەرفی کردووە و ئەوەش جێی ڕەزامەندی جەنابی سوڵتان نییە. هەروەها خراپ بەکارهێنانی ئەو موڵکانە و بۆ خاتری ئەوەی سەرۆکایەتییەکەی بمێنێتەوە لەگەڵ قائیمقامی هەولێر لە کۆیەوە عەبدوڵلا پاشا ئەو سەروەتەیان خەرج کردووە و بە هۆی ئەوەوە و بۆ ئەوەی لە سەرۆکایەتی شەقڵاوە بمێنێتەوە و تا ئەو موڵك و ماڵی وەقفکراوە هەر لەبن دەستی وی بێت پروپاگەندەی لەسەر لیژنەی زانایان و دانایان دروستکردووە و بە ڕێگای نامەشرووع و ئەو درۆ و بوختانانە گەیشتونەتەوە مەقامی عالی و لە ڕێگای هەڵخەلەتاندنی قائیمقامی کۆیە و هەولێر و سەرۆکی دادگای شارەزوورەوە بە بێ پرسکردن، شێخ سەعید ئەفەندیان بۆ سنووری ئێران دەرکردووە و بەداخەوە ئەوەش بە پاڵنەری مستەفا بەگ بووە، جا ناوبراو کە لەسەر مەزهەبی شافیعییە ئێستا لە وڵاتانی بێگانە غەریب بووە، لەو سۆنگەیەوە هەموو عەشیرەت و تیرەی نیشتەجێ و کۆچەرمان ئاگادارکردۆتەوە کە ناوبراو لە کەسانی ئەشرافە بۆ ئەوەی بیناسن و ڕێزی لە شان و مەقام و شەوکەتی بگرن و ئەو پیاوە ستەملێکراوە لە ئال و بەیتی حەزرەتی پێغەمبەرە و ستەمیان لێکردووە و، پاش ئەو ئێستا مزگەوتی

شەقڵاوە بۆتە وێرانە و لە بەرامبەریشیدا کڵێسە هەیە و جا داوای ئێمە ئەوەیە حەق بە شوێنی خۆی بگات دوور لە ستەمکردن. جا دوای موتاڵاکردن لە رووی شەرعییەوە لەلای محەمەدەمین ئەفەندی، دەرکەوت کە دە کەس لە حافزانی قورئانی پیرۆز لەو وەقفەدان وێرای مودەڕیس و مورشید و مورید و فەقێ چەند وەزیفەی دیکەش کە ئێستا بە چۆلی ماونەتەوە و چاوەڕێی دەستی عەدالەت دەکەن لە خاوەنی دادگەری و بەزەیی، لەگەڵ ئەوەی باوەڕ و متمانەمان بە دادپەروەری ئەو (خەلیفە) هەیە، لەسەر ئەو بنەمایەش بەندەتان زاتی ئەوەی کردوە کە ئەو داواکارییە بۆ بەردەرگای بڵندی ئاستانە بنووسێت، تا ئەمیری بروادارا‌ن موتاڵای بکات و راستییەکان ڕوون ببنەوە و ئیمەش چاوەڕێی دەرکەوتنی دادگەریین.

**ناو و مۆر: لە سەیدان:**

ئەحمەد، محەمەد، عارف، رەسوول، مستەفا، محەمەد، کەریم، حسێن، مستەفا، حەسەن

**لە زانایان:** عەبدولرەحمان، قادر، محەمەد، قادر، عەبدولرەحمان، ئەحمەد، قادر، ئەحمەد، مەحموود، عەبدوڵڵا، محەمەد

**لە شێخان:** محەمەد، حەسەن، عەبدوللا، حەسەن

**لە خانەدانان:** قادر، فەتاح، ئەحمەد، حسێن، مەحموود، عەبدولرەحمان، مەعرووف، ئەحمەد، فەتحوڵڵا، محەمەد، ئەحمەد، عەزیز، رەفعەت، تۆفیق

**لە دارتاشان:** عەزیز، حسێن، عەبدوڵڵا، حوسێن، مەعرووف، محەمەد

**لە هاووڵاتیان:** عەبدوڵڵا، ئەحمەد، ئەحمەد، مستەفا، مەعرووف، محەمەد، ساڵح، کەریم، محەمەد، عەزیز، سلێمان، عەبدوڵڵا، محەمەد، مستەفا، عەبدوڵڵا، حسێن، عەبدولرەحمان، حسێن، سەعید، محەمەد، عەبدوڵڵا.

شێخ سەعید ئەفەندی نەوەی خوالیخۆشبوو کاکەحمەد ئەفەندی لە ماوەی مانەوەکەی لە موسڵ، مۆڵەتی وەرگرتوە تا بچێتە شەقڵاوە و کەمێك ئیسراحەت بکات، بە هۆی ئەوەی نەخۆشە و دەیەوێت هەوایەك بگۆڕێت. جا لەوێ موڵك و ماڵی مسوڵمان و دیانەکانی دەستبەسەرداگرتوە و هەندێك خەڵکی ئەشکەنجە داوە، ئەوەش بە گوێرەی ئیفادەی هاتوو لە میر لیوا سلێمان پاشای لەشکری شەشەمینی هومایۆنەوە و دوای ئەوەی سولتان بەدواداچوونی بۆ ئەو بابەتە کرد، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوانە دروستکراوە بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ڕوون ببنەوە و تاوانبارەکە بگیرێت. جا دەرکەوتووە کە ئەو پڕوپاگەندانە هەموویان بوختانن و پێویستە لێپێچینەوە لەو بارەوە بکرێت و ئەو یادداشتەی کە لە پاشاوە بۆ ئاستانەی باڵا خراوەتە ڕوو و هەر وەك لە یادداشتی هاتوو لە ڕێکەوتی ٦ی زولحیججەی ١٣٠٨ دا لەلایەن بەندەتان باشکاتبەوە نووسراوە و لە تەلەگرافەکەشدا ئەوە باسکراوە، کە پەیوەستە بە ئەمر و فەرمان تا ڕاستییەکان ڕوون دەبنەوە، دەبێت والی موسڵ و موتەسەریفی کەرکووك و سلێمانی ئاگاداربکرێنەوە و دواتر وەڵامەکانیان بۆ ئاستانەی باڵا بنێردرێن.

ئیفادەشکراوە کە بەندەتان مستەفا بەگی سەرۆك عەشیرەتی میرمەحمەلی لە شەقڵاوە لە نێوان ئەو و شێخ سەعید ئەفەندی ناکۆکی لەبارەی موڵك و ماڵی وەقفکراوەوە هەیە و، پێشتریش لیژنەیەك لە زانایان و شارەزایان پیکهاتبوو تا ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن. ئەوەش لەسەر ڕەزامەندیی ئەوان بوو، جا ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە بەندەتان سلێمان پاشا ئەو نووسراوەی پێچەوانەی حاڵەت و واقیعەکە نووسیوە و ئەوەش بە هەموو شێوەیەك دروست نییە و لەخۆوە شکایەتنامەنووسین کۆمەڵێك سزای هەیە و، بێجگە لەوەش کاریگەری بەسەر ئەمن و ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە و باری دادگەرییەوە هەیە. حکومەتیش بڕیاری ئەوەی داوە کە

وەقفەكان لەبن دەستی خاوەن وەقفەكە بە مەرج بمێنێتەوە و بپارێزرێت و ئەنجا لیژنەیەك لە زانایان و شارەزایانیش پێك هاتووە بۆ ئەوەی ئەو كێشەیە لەسەر ڕێرەوی شەرع یەكلابكەنەوە. لەو بارەشدا هەموو ئەمر و فەرمانێك بۆ سوڵتان دەگەڕێتەوە تا بڕیارەكە جێبەجێ بكرێت و جارێكی دیكە تەلەگرافەكە پێشكەش دەكرێتەوە و لە هەموو بارێكدا ئەمر و فەرمان هەر هی حەرزەتی (من لە الامر)ە.

٢٢ی زولحیججەی ١٣٠٨[١٦٤]

١٦ی تەمووزی ١٣٠٧

**بەندەتان محەمەد شاكر محەمەد**

**بەندەتان شاكر**

**بەندەتان ئیبراهیم دەروێش ئیبراهیم**

Y__MTV__00052_00079_002_001

نووسراوی هاوپێچ لە لیژنەوە و ئەو مەزبەتەیەش بۆ دەستەی زانایانی ناوچەكە دەنێردرێت، كە دەستەیەكی دانا و زانا و شارەزان، لەوانیشەوە بۆ حەزرەتی سوڵتان، لەو بارەوە ئەمر و فەرمان هەر هی حەزرەتی (من لە الامر)ە.

**٢٤ی زولحیججەی ١٣٠٨** [١٦٥]

**١٨ی تەممووزی ١٣٠٧**

**حەزرەتی سەركاتب شەهریاری ثورایا**

---

[١٦٤] دەكاتە ١٨٩١/٧/٢٩ی میلادی

[١٦٥] دەكاتە ١٨٩١/٧/٣١ی میلادی

Y__MTV__00052_00079_003_001

شێخ سەعید ئەفەندی نەوەی خوالیخۆشبوو کاکەحمەد ئەفەندی لە ماوەی مانەوەکەی لە موسڵ، مۆڵەتی وەرگرتوە تا بچێتە شەقڵاوە و کەمێك ئیسراحەت بکات، بە هۆی ئەوەی نەخۆشە و دەیەوێت هەوایەك بگۆڕێت، جا لەوێ موڵك و ماڵی مسوڵمان و دیانەکانی دەستبەسەرداگرتوە و هەندێك خەڵکی ئەشکەنجە داوە، ئەوەش بە گوێرەی ئیفادەی هاتوو لە میر لیوا سلێمان پاشای لەشکری شەشەمینی هومایۆنەوە و دوای ئەوەی سولتان بەدواداچوونی بۆ ئەو بابەتە کرد، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوانە دروستکراوە بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ڕوون ببنەوە و تاوانبارەکە بگیرێت. ئەو لیژنەیەش بە سەرۆکایەتی موشیرییەتی باڵا دەبێت و ئەو لیژنە سەربازییە لێکۆڵینەوە لەو پڕوپاگەندانە دەکات ئاخۆ ئەوانە بوختانن؟ ئەگەر وایە دەبێت بوختانکەرەکە بدۆزرێتەوە و هەموو ئەو شتانە عەزری ئاستانەی باڵا بکرێت و ئیرادەی پادشای بۆ وەربگیرێت، ئەمر و فەرمانیش لەو بارەوە هەر هی حەزرەتی (من له الامر)ە.

**٦ی زولحیججەی ١٣٠٨**[١٦٦]

**٣٠ی حوزەیرانی ١٣٠٧**

**حەزرەتی سەرکاتب شەهریاری ثورایا**

[١٦٦] دەکاتە ١٨٩١/٧/١٣ی میلادی

Y__MTV__00052_00079_003_001

**تەلەگرافنامەیەك لە سلێمانییەوە بۆ کاتبی مابەینی هومایۆنی**

**ژمارە ٩٠٤**

**ڕێکەوتی ٦ی تەمموزی ١٣٠٧**

**حەزرەتی دەروێش پاشا شەهریاری**

لە ١ی تەمموزی ساڵی ١٣٠٧ سەبارەت بە کێشەکەی شەقڵاوە بڕیاری سوڵتانی هاتووە، ئەو شوێنەی کە پێی دەڵێن شەقڵاوە لەناو سلێمانی نییە و بەڵکو پەیوەستە بە قەزای کۆیەوە و سەر بە شارەزوورە و، سەبارەت بە شکایەتەکەش ئەو بابەتەی باسکراوە حەوالەی موتەسەریفییەتی شارەزوور و داواکاری قەزای ناوبراو دەکرێت. ئەو ئاگادارکردنەوەیەش لە ڕێگای لیوای ناوبراوەوە دەبێت بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ڕوون ببنەوە و لێکۆڵینەوەکانیش پەیوەستە بە دەرچوونی ئیرادە و ئەمر و فەرمانەوە.

**٤ی تەمموزی ١٣٠٧** [١٦٧]

**موتەسەریف**

**ڕەزا**

---

[١٦٧] دەکاتە ١٨٩١/٧/١٦ی میلادی

Y__MTV__00052_00079_004_001

**تەلەگرافنامە لە هەولێرەوە بۆ باشكاتبی مابەینی هومایۆن**

شێخ سەعید ئەفەندی نەوەی خوالێخۆشبوو كاكەحمەد فەندیی خەڵكی سلێمانییە، بە بیانووی هەواگۆڕییەك پێش چوار مانگ چۆتە سنجاقی كەركووك و گوندی شەقڵاوە و لەوێ موڵك و ماڵی مسوڵمان و دیانانی دەست بەسەرداگرتووە و خەڵكی ئەشكەنجە داوە و پاشان گەڕاوەتەوە سلێمانی. بەو شێوەیە هەواڵەكە بەمە گەیشتووە، بێگومان ئەم حالەتەش جێی ڕەزامەندیی سوڵتان نییە، جا بۆ لێكۆڵینەوە لەمە، یەكسەر چوومە گوندی ناوبراو و لە لیكۆڵینەوەدا دەركەوت كە ئەو كارانەی كردووە و لە ژن و پیاوانی ئەو گوندەم بیست كە خەڵكی ئەشكەنجە داوە و هەر لەوێ ئەفسەرێكی سەربازی سوڵتانییە لەگەڵ ملازمێك و چەند كەسێكی تر لەو گوندە هەن و، شێخ سەعید سووكایەتی بە ملازمەكە كردووە و چەند كەسێكیشی لێ حەپس كردوون و زۆر بە ڕقەوە مامەڵەی لەگەڵ كردووە. ئەوەی من لەو خەڵكە ستەملێكراوە تێگەیشتم ئەوەیە، كە ئەو خەڵكە بۆ ئەوەی ئەوە دووبارە نەبێتەوە نیازی كۆچكردنیان هەیە بۆ ئێران و جێهێشتنی وڵاتی خۆیان لەبەر ئەو دەستدرێژی و زۆرداربیە، منیش یەك بە باری خۆم بۆم روون كردنەوە كە عەدالەتی پادشا ئەو جۆرە كارانەی قبوڵ نییە و خەڵكەكەم هێوركردەوە كە ڕانەكەن و لەبەر خاتری ئەوان لەوێ مامەوە. بۆیە چاوەڕێی وەڵامم و هەوڵدان بۆ چاكسازی و دەست و برد و هیممەت كردن لەو پێناوەدایە و هەر بەو شێوەیەش ئەو یادداشتەم پێشكەش كرد.

٢٦ی حوزەیران ١٣٠٧[١٦٨]

**بەندەتان میر لیوا سلێمان**

---

[١٦٨] دەكاتە ١٨٩١/٧/٨

Y__MTV__00052_00079_005_001

**تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵەوە بۆ کاتبی مابەینی هومایۆن**

**ژمارە ١٨١٣**

**٢ی تەمموزی ١٣٠٧**[١٦٩]

لە سعات چواری ٢٧ی حوزەیرانی ١٣٠٧ بەریدێك هاتووە و زانیاری تێدایە لەبارەی حاجی مەحموود بەگ و بووك عەنبەرخانمی خێزانی کە وەجاغکوێربوونە و هەموو موڵك و ماڵی خۆیان لە شەقڵاوە وەقف کردووە و مزگەوتێك و مەدرەسەیەك و تەکیەکیان دروست کردووە. دوای وەفاتیشیان بۆ ئەوەی ئەو شوێنانە ئاوەدان بکرێنەوە و بپارێزرێن و بەردەوام قورئانیان تێدابخوێندرێت، وەقفەکە لە سلێمانییەوە شێخ سەعید ئەفەندی نەوەی کاك ئەحمەد ئەفەندی گرتویەتیە ئەستۆ، کە دوو ساڵ لەمەوبەر لە حالی حەیاتی ئەو دوو کەسەدا هەڵبژێردرا و سەعید ئەفەندیش چەند کەسێکی وەك خزمەتکار لەسەر ئەو وەقفە دامەزراند بە گوێرەی شەرت و مەرجی وەقفکەرەوە و، جا پێش ئەوەی لەوێ دەربچێت مستەفا بەگی کردە وەکیلی خۆی کە ناوبراو ئامۆزای مەحمود بەگە و ئەویش دەورانی بەو موڵك و ماڵە دەکرد و دوای ئەوەی شێخ قەناعەتی بەو ئیشە نەهات، وەکیلەکەی گۆڕی و کە دەچووە سلێمانی هەندێ کەلوپەل و ماڵی لەگەڵ خۆی دەبرد و دەچووە کەرکووك و لەوێ دەمایەوە، لەو ماوەیەدا هەندێ لە خەڵکی شەقڵاوە چوونەتە کۆیە تا شکایەت لە شێخ سەعید بکەن، چونکە وەکیلەکەی لاداوە و سەعید ئەفەندیش ئاگادارکراوەتەوە کە بچێتە لایان. جا بۆ لێکۆڵینەوەیە لەو شکایەتە ئەمین ئەفەندی ئەندامی ئیدارەی شارەزوور دامەزرێندراوە کە دادگەرییەکە بکات، بەڵام هیچی لەسەر شێخ سەعید بۆ دەرنەکەوت و ئەمین ئەفەندی لە لێکۆڵینەوەکەی بوویەوە و بۆی دەرکەوت کە ئەو پڕوپاگەندانەی لەسەر شێخ سەعید دەکرێن ئەسل و ئەساسیان نییە و ئەوەی لە پشت ئەو کارەشە ئامۆزاکانی مەحمود بەگ و بووك عەنبەرن و ئەو

---

[١٦٩] دەکاتە ١٨٩١/٧/١٤ی میلادی

چەواشەکارییەش کەسە بە دەستەڵاتەکان کردویانە و بەوەی کە ناوبراو ماڵی وەقفی خواردووە و دوای ئەو شکایەتەی قائیمقامیش کە پێشکەشی ئەویان کردبوو ئایا کێشەکە میراتە یان وەقف و ئەوەش پەیوەستە بە حوکمی شەرعی و زانراشە کە هەندێگ لەو ماڵە وەقفکراوە کەمبۆتەوە ئەمەش پێچەوانەی شەرعە. بۆیە شێخ سەعید ئەفەندی لیستێکی لە ٧ی حوزەیرانی ١٣٠٧ بۆ مەقامی مەشیخەت ناردووە تا ئەوان لەلای خۆیانەوە جەخت لەوە بکەنەوە کە ئەو موڵکانە وەقفن و بڕیاریش لەو بارەوە بنێرن.

جا لەو رۆژەوە شێخ سەعید ئەفەندی نەچۆتەوە شەقڵاوە و حاجی مەحموود بەگی کۆچکردوو و ژنەکەشی و شێخ و زانایانی سلێمانیش پێیان باش بوو کە شێخ سەعید ئەفەندی هەڵبژێرن و سەرپەرشتی ئەو وەقفانە بکات و ئەو پڕوپاگەندانەشی کە دەکرێن بەوەی شێخ سەعید ئەفەندی پێچەوانەی شەرع و یاسا جوڵاوەتەوە، پێویستی بە بەڵگە و دەلیلە و لەو کاتەوەی کە لەلایەن دادگای کۆیەوە داواکراوە، ناوبراو چووە بەڵام داواکارەکان تا ئێستا ئامادەنەبوونە و ئەو کاروبارەش بە ڕێگەی شەرع و یاساوە جێبەجێ دەبێت. هەرچی سەبارەت بەو ملازمەیە کە لەگەڵ چەند کەسێك چۆتە شەقڵاوە بۆ ئەوەی بەروبووم کۆبکاتەوە و گوایە شێخ سەعید سوکایەتی پێکردوون، هیچ شتێکی لەو جۆرە ڕووینەداوە و تەنیا مستەفا بەگی شەقڵاوە لەلای خۆیەوە ئەو قسانە دەکات و پێویستە لێکۆڵینەوە لەو بارەوە بکرێت و با فەرمانبەرێك لە ئەستەنبوڵەوە بە ڕێککەوتن و هەماهەنگی لەگەڵ شارەزوورەوە بنێردرێت بۆ ئەوەی راستییەکان بە تەواوی ڕوون ببنەوە و ئەو کێشەیەی لە نێوان شێخ لە سلێمانی و یەك لە بەگەکانی خۆشناو کە خاوەن جەماوەرن لەناو کوردان تەنیا بە هەردوو لایەنەوە پەیوەست نییە، چونکە هەردووکیان کەسانی دیندارن و بێ حەد دۆستی حکومەتن و هەردووکیشیان ڕەچاوی حوکمی شەریفی شەریعەت دەکەن، بێگومان ئەو مەسەلەش ساختە و گزی کەوتۆتە ناو، لەلایەنی ئەو وەکیلە دژ بەیەکانەوە. فەرمانی حەزرەتی سوڵتانیشە کە کێشەکە چارەسەر بکرێت و لەو بارەشەوە هەردوولا ئاگاداربکرێنەوە و دڵنیابکرێنەوە لە دروستکردنی لیژنەیەك لە زانایان بۆ کۆتایی هێنان بەو کێشەیە.

ئەم تەلەگرافە لە سعات حەفتەوە گەیەندرایە فەرمانگەی تەلەگرافی موسڵ بۆ دەرچواندنی فەرمانێك لەو بارەوە.
-وێنەیەكی تر.

Y__MTV__00052_00079_006_001.

**تەلەگرافنامە لە کەرکووکەوە بۆ کۆشکی یەڵدز**

**ژمارە ٣٦٠٢**

**ڕێکەوتی ١٠ی تەمموزی ١٣٠٧** [١٧٠]

**بۆ حەزرەتی دەروێش پاشا یاوەری ئەکرەم**

زانیاری لە میر لیوا سلێمان پاشا بە گوێرەی بڕیاری ئیرادەی سەنییە لە ڕێکەوتی ١ی تەمموزی ١٣٠٧ تەواو بوو، وەڵامەکە ئەوەیە کە سەعید ئەفەندی نەوەی کاك ئەحمەدەفەندی ستەمی لە خەڵکی شەقڵاوە کردووە، هەروەك لە شکایەتنامەکان لێی دەفامرێتەوە. لە هەموو بابەتەکەدا وەك من لێی تێگەیشتم ئەوەیە کە ناکۆکییەك لە نێوان مستەفا بەگی سەرۆکی عەشیرەتی میرمەحمەلی شەقلاوە و شێخ سەعید ئەفەندی هەیە، بۆتە هۆی خیلاف لە نێوانیان و لە بنەڕەتیشدا مستەفا بەگ لە ئامۆزایانی مەحمود بەگ و خانمەکەیەتی، کە ئەو دوو کەسە وەقفی موڵك و ئەموالیان داوەتە شێخ سەعید کە پارەیەکی خەیاڵی تێدایە و مستەفا بەگیش هیچ حیسابێکی بۆ شێخ سەعید نەکردوە و وایلێهاتووە پێش شەش حەوت مانگ لە کۆیە شکایەتیشی لێکردوە و حکومەتیش زانیاری لە لایەن والی پاشاوە وەرگرتووە و ئەمین ئەفەندی لە ئەندامانی ئیدارەی ئەنجومەنی لیوای ڕاسپاردووە کە لێکۆڵینەوە بکات و دەرکەوتووە لە لێکۆڵینەوەکەدا کە

---

[١٧٠] دەکاتە ١٨٩١/٧/٢٢ی میلادی

ئەو قسانەی لەبارەی سەعید ئەفەندییەوە دەگوترێت ڕاست نین و، لەو حاڵەشدا ئەمر هی ئێوەیە و ئێمە پەلەمانە بۆ ئەوەی، ئەوەی لەسەرمانە جێبەجێی بکەین.

**وەکیلی موتەسەریفی شارەزوور**

**ڕەئووف**

**١٠ی تەمموزی ١٣٠٧**[١٧١]

Y__MTV__00052_00079_007_001

**تەلەگرافنامە**

تایبەت بەو پۆستەی کە سەبارەت بە شەقڵاوە هاتووە، ناوبراو گەیشتۆتە موسڵ و لەوێ داوای مۆڵەتی کردووە کە بچێتە شەقڵاوە لەبەر هەوای دڵرفێنی و دار و بار و ئاوو ڕووبارەکەی. بە گوێرەی پۆستەکە کە لە تەرەفی کاتبی سلێمان پاشا نێردراوە گوایە ناکۆکی کەوتۆتە نێوان شێخ سەعید ئەفەندی و مستەفا بەگ، ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە خەڵکی گوندەکە ناتوانن چ قسەیەك لە نێوان شێخ و بەگدا بکەن و سلێمان پاشاش بە بێ ئاگاداری و زانینەوە نووسراوەکەی هەڵگێراوەتەوە بەوەی کە شێخ سەعید ئەفەندی دەستی بەسەر موڵك و ماڵی گشتی و دام ودەزگای زانستی گرتووە و کە ئێستا سێ مودەڕیس و زۆر لەو فەقێیانە بێ دەرس و دەور ماونەتەوە و بەشێك لە بەگەکانی شەقڵاوەش داوای ئەوەیان کردووە کە سەرپەرشتیاریی وەقفەکان لە شێخ سەعید بسەندرێتەوە و موڵك و ماڵی وەقفکراوەکە بەسەر میراتگرانیان دابەش بکرێت. ئەمەش پێچەوانەی شەرت و مەرجی کەسی وەقفکەرە، وەقفیش لەکاردەخات و ئەوەی ناکۆکی هەردوولاشە ئەوەیە ئایا ئەو موڵك و ماڵانە میراتن یان وەقفن؟ هەردوولاش کەسانی دیندارن و دۆستی دەوڵەتن، جا بۆ ئەوەی کێشەکە یەکلاببێتەوە لیژنەیەك لە زانایان

[١٧١] دەکاتە ٢٢ی تەمموزی ١٨٩١ی میلادی

هەڵبژێردراون و ئەوەی کە سلێمان پاشا بۆ وەزارەتی نەقل کردوە و ئەو ئەنجامەشی کە پێی گەیشتووە لە دڵسافییەوە بووە. بە گوێرەی دانپێدانانی ناوبراوەوە خراوەتە ڕوو.

یاوەری ئەکرەم حەزرەتی شەهریاری

ئەو پۆستەیەی کە لە دوو پارچە پێکهاتبوو و لە باشکاتبی مابەینی هومایۆنەوە لە ١ی تەمموزی ساڵی ١٣٠٧ەوە هاتبوو، ئەوەی لێ تێگەیشتین وەك لە ئیفادەی کاتبی مستەفا بەگیشەوە کە ئێستا لێرەیە، ئەوەیە کە حزووری شێخ لە شەقڵاوە بۆ ئیسراحەت بووە و سلێمان پاشا بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی لە بابەتەکە نووسیویەتی و هەر دوولا دیندارن و دۆستی دەوڵەتن، ئەوەی شەرع بۆیان دابنێ پێی رازینە و لێی لانادەن.

٢ی تەمموزی ١٣٠٧[١٧٢]

**والی موسڵ**

**تاهیر**

[١٧٢] دەکاتە ١٨٩١/٧/١٤ی میلادی

Y__MTV__00057_00030_002_001

شێخ سەعید ئەفەندی سلێمانی لە شەقڵاوە ستەم و دەستدرێژی زۆری کردووە، تەنانەت ڕەواجی بە تەکفیکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت داوە و هەموو جۆرە خراپەیەکی کردووە، جا بۆ کۆتاییهاتن بە دادگاییکردنی، دەرحەقی ناوبراو چەند شکایەتنامەیەك بەرەو ڕووی عەتەبەی باڵا بەرزکراونەتەوە و دوای ئەو لێکۆڵینەوەیەش هیچ فەرمانێك دەرنەچووە. ئەم داواکردنەش لە ویلایەتی موسڵەوە هاتووە بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەمی حەزرەتی خیلافەتپەنا، هەروەك لە وێنەی کۆدی تەلەگراف هاتووە لە باشکاتبی بەندەتان لە ڕێکەوتی ٢٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٣٠٧، ئەمەش یادداشتی پێڕاگەیاندنە وەك نوێنەری ئیرادەی سەنییەی حەزرەتی سوڵتان.

بە ڕوانین لە ناوەڕۆکی تەلەگرافی ناوبراو، ئەوەی لێ دەفامرێتەوە، کە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی وەقف لیژنەیەك لە زانایان شەرعزانان پێك بهێندرێت، ئەم دەستە دانایانە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییە و پێشکەشکردنی مەزبەتەیەك، هەتاوەکوو بڕیارێك لە بابی عالی و ئیرادەی سەنییە دەردەچێت تا ئەو کاتە دادگایی ناوبراو دەکرێت، ئەوا ستەم و دەستدرێژییەکان هەر لەسەر خەڵك بەردەوام دەبێت، هەر وەك لە نوسراوەکەدا هاتووە تا ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دەرچوونی ئەنجامەکان هۆکارەکان لاببرێن و بە گوێرەی بەرژەوەندی و سرووشتی گونجاو فەرمان دەربچن.

تا گەیشتن بە دادگەریی، لێکۆڵینەوەکان بکرێن بەو ئەندازەیەی لە مەسەلەی وەقفەکە و ئەو دەستدرێژییانەی ناوبراو، لە هەمان کاتدا پێویستە خوێنی خەڵك بپارێزرێت و بەڵگەی شەرعی و یاساییش بپارێزرێن و وەڵامی باشکاتبی ویلایەت بە شێوەی تەلەگراف بدرێتەوە و ئێمەش جارێکی دیکە پێشکەشی دەکەینەوە، لەم بارەوە و لە هەموو بارێکدا ئەمر و فەرمان هەر هی حەزرەتی (من لە الامر)ە.

**بەندەتان محەمەد شاکر محەمەد، بەندەتان شاکر، بەندەتان ئیبراهیم دەروێش کوڕی ئیبراهیم**

**١٢ی جەمادی یەکەمی ١٣٠٩[١٧٣] بەرامبەر ٢ی کانوونی یەکەمی ١٣٠٧**

---

[١٧٣] دەکاتە ١٨٩١/١٢/١٤ی میلادی

DH_MKT__00293_00011_001_001

**مەقامی سەربازی**

**بەشی نووسراوەکان**

**ژمارە ٢٠٨**

**بۆ وەزارەتی شکۆداری ناوخۆ**

**حەزرەتی دەوڵەتمەدار، ئەفەندم**

سەعید حەفید ئەفەندی سلێمانی چۆتە شەقڵاوە و گرفت و کێشەی ناوەتەوە و بانگەشەی بێ بنەمای کردووە و دەگوترێ کە ناوبراو دەستی بەسەر شت دا گرتووە کە بەهایەکەی لە ٤٠٠٠ لیرە زیاترە، جا لەو بارەوە زانیاری و وردەکاری زۆر لەبارەی دەستدرێژییەکانی ناوبراو هەیە کە دەستدرێژی کردۆتە سەر مافی خەڵکی تر و، لەو بارەوە لەو کاتەوە تا ئێستا حکومەت ئەوەی کردویەتی بێ بەرهەم بووە. بۆیە لەگەڵ ئەم داوایەدا هاوپێچ ئیستیرحام دەنێرین بۆ پاراستنی خەڵك لە ستەم و دەستدرێژییەکانی ناوبراو و مستەفاش، هەردووکیان لە شەقڵاوەی سەر بە کۆیەی شارەزوورن، جا بەشێك لەو عەرزو حاڵەش ئیمزای هەشت کەسی تێدانە کە بەو بابەتەوە عەلاقەدارن، لەم ڕووەوە ئەمر و فەرمان هەر هی حەزرەتی (من لە الامر)ە.

**٢ی رەبیعولئاخەری ساڵی ١٣١٢ی کۆچی**[١٧٤]

**٢٠ی ئەیلوولی ساڵی ١٣١٠**

**سەرعەسکەر ڕەزا**

---

[١٧٤] دەکاتە ١٨٩٤/١٠/٣ی میلادی

DH_MKT__00293_00011_002_002

بەشی نووسراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ

بۆ ویلایەتی شکۆداری موسڵ

ژمارە ۲۲/۲۰۸

۲ی رەبیعولئاخەری ساڵی ۱۳۱۲ی کۆچی

۲۰ی ئەیلولی ۱۳۱۰

۱۰ی رەبیعولئاخەری ساڵی ۱۳۱۲ [۱۷۵]

۲۸ی ئەیلولی ساڵی ۱۳۱۰

**(هەمان ئەو بەڵگەنامەیەی پێشووە، بەڵام ئەمجارە بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە و ئەمەی خوارەوەی لێ زیادکراوە):**

وێنەیەکی عەرزو حاڵی سەر عەسکەر و عەرزو حاڵی هەشت کەستان بە هاوپێچی بۆ دەنێرین بۆ گرتنەبەری رێ و شوێن و لێکۆڵینەوە، تکایە لە ئەنجامەکەی ئاگادارمان بکەنەوە و دەست و برد و هیممەت بکەن لە فەرمانەکەدا.

[۱۷۵] دەکاتە ۱۸۹٤/۱۰/۱۱ی میلادی

DH_MKT__00285_00049_003_001

**له كۆپرییەوە بۆ بابی سەرعەسکەر**

ژمارە ١٥٦/ ڕێکەوتی ١٦ی ئابی ١٣١٠[١٧٦]

حەزرەتی سەرعەسکەرپاشا کە بۆ لابردنی ئەو زوڵم و ستەمەی دەرحەقی شێخ سەعیدی حەفید کراوە ئەمر و فەرمان دەرچووە و داوای ئیستیرحام بۆ فەرمانبەران و سەربازان و خەڵکی سڤیل دەکەین. چونکە ئەو ماڵە زەوتکراوە تا ئێستاش نەگەڕێنراوەتەوە و ئەو زەوی موڵك و ماڵ و وەقف و بینایانە هەر وەکو خۆیانن، جا تکامان لە کاربەدەستانە بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێننەوە و ناوبراویش بۆ زێدی خۆی بگەڕێننەوە، چونکە لەسەر پڕوپاگەندەی یەك لەو بەگە دەروون نەخۆشانە ناوبراو بۆ دەرەوەی نیشتمان نەفی کراوە و موڵك و ماڵەکەی لێ سەندراوەتەوە. جا لەبەر سێبەری مەرحەمەت و عەدالەتی خەلافەتیش نابێ کەس بەو شێوەیە زاڵمانەیە برینداربکرێت و کەسیش ئەوە قبوڵ ناکات. بۆیە لە مەرحمەتی ئێوەمان داوایە لەو ستەمە خەلاسمان بکەن و داوا لە ئاستانەی بەرز و باڵا دەکەین لەو ستەمە رزگارمان بکەن، ئەمر و فەرمانیش هەر بۆ حەزرەتی (من لە الامر)ە.

**بەندەتان: عەلی، محەمەد، ئەحمەد، حوسێن، عەبدولغەنی، کەنیزەتان ئامینە، کەنیزەتان زولێخا. مستەفا شەقڵاوەیی**

[١٧٦] دەکاتە ٢٨ی ئابی ١٨٩٤ی میلادی

DH_MKT__00285_00049_003_001

**له کۆپرییەوە بۆ سەرعەسکەر**

ژمارە ١٥٦

ڕێکەوتی ١٧ی ئابی ١٣١٠ [١٧٧]

هەمان بابەتەکەی سەرەوەیە، بەڵام بە ئیمزای موشیری لەشکری یەکەم ڕەئفەت پاشا

**بەشی نوسراوەکان**

**١٧٦**

**بۆ وەزارەتی تازەی ناوخۆ**

**حەزرەتی خاوەن دەوڵەت، ئەفەندم**

ئەمە ئەو ئیستیرحامنامەیەیە کە هاتووە بۆ ڕزگارکردنی شێخ سەعید ئەفەندی، کە چەند ئیمزایەکی بەسەرەوەیە و لە ڕێگەی بەریدەوە لە ناوەندی کۆپری هاتووە و ئێمەش وەك خۆی بە هاوپێچ بۆ ئاستانەی پایەبڵندی بەرزدەکەینەوە. لەو بارەشەوە ئەمر و فەرمان هەر هی حەزرەتی من لە الامره.

٢ی ڕەبیعی یەکەمی ١٣١٢ [١٧٨]

٢٢ی ئابی ١٣١٠

**سەرعەسکەر/ ڕەزا**

[١٧٧] دەکاتە ١٨٩٤/٨/٢٩ی میلادی

[١٧٨] دەکاتە ١٨٩٤/٩/٣ی میلادی

Y__MTV__00057_00030_001_001

**کۆشکی سوڵتانیی یەڵدز**

**فەرمانگەی سەرۆکی نووسەران**

**داواکاریی لە ویلایەتی موسڵەوە**

ئیرادەی سەنییە لە حەزرەتی سوڵتانەوە فەرمانی دەرکردووە بە دادگاییکردن و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ پرسی "وەقف" و ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە تا چەند شێخ سەعید ئەفەندی سولەیمانیەلی گوێرایەڵی دەوڵەتە و، ڕوونکردنەوە بدرێت سەبارەت بە ستەم و زۆرداری و ئەشکەنجەدانەی کە لە شەقڵاوە کردویەتی. جا بۆ پێکهێنانی دادگەرییش حەیدەر ئەفەندی نوێنەری شارەزوور و عەبدوڵڵا پاشا تەکلیف کراون کە بچنە شوێنی باسکراو و دەرکەوتووە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەوە کە شێخی ناوبراو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە هاوکارەکانی دوو جاران چۆتە شەقڵاوە و ستەمی کردووە و لە هەندێ خەڵکی داوە و زیندانی کردوون و ئەشکەنجەی داون و دوور لە مەسەلەی وەقفیش زیاتر لە سێ هەزار لیرەی لە کەلوپەلی ماڵ و خشل و خاری ژنانی دەست بەسەرداگرتووە. هەرچی سەبارەت بە گوێڕایەڵ نەبوونی و بە کافردانانی هەندێ لە فەرمانبەرانی دەوڵەت و زیادەڕەویش لەسەر بوختانکردن پێی و شتی تریش، بە قسەی ئەوان ئەوە پیشەیەتی و هەر بەردەوامیشە. جا دەرکەوتووە ئەم بانگەشانە بۆ دروستکرنی کاریگەرییە لەسەر ئیجرائاتی دەوڵەت و تا کار لەسەر ڕێڕەوی دادگاییکردنەکە بکات و سزایەکەی سووك بێت، ئەو نووسراوانەشی کە زۆریان دەگەنە خەلافەت سەبارەت بەو، زۆربەیان درۆ و دەلەسەن و ئێمە هیچ شکایەتی لەو جۆرەمان نەدیوە سەبارەت بە ناوبراو (سەعید ئەفەندی)، بەڵکو بۆ ئەوە نێردراون تا ڕێرەوی دادگاییکردن بگۆڕن، جا داوای ئیستیرحام و بەزەییتان لێ دەکەین لە پێناو بەرقەرابوونی عەدالەتەوە.

**٢١ی تشرینی دووەمی ١٣٠٩** [١٧٩]

**کەمال/ والی موسڵ**

---

[١٧٩] دەکاتە ١٨٩٣/١١/٢ی میلادی

DH_MB_HPS_00042_00009_001_001

**بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی زیندان لە وەزارەتی ناوخۆ**

**بۆ ویلایەتی شکۆی موسڵ**

**ژمارە ١٦/٣٩٤**

**١٦ی ئەیلولی ساڵی ١٣٢٩ی رۆمی**[١٨٠]

وەڵامی نووسراوی بەپێزی هاتوو لە مێژووی ١ی ئابی ساڵی ١٣٢٩ بە ژمارەی ١٠٢، سەبارەت بە نەناردنی ئەو کرێیەی لە جێی باڵەخانەی حکومی ناحیەی شەقڵاوە دەنێردرێت، لەو بارەیەوە ئاگادارکردنەوەمان بە مێژووی بەکرێگرتنی باڵەخانەکەیە.

**ئیمزا**

[١٨٠] دەکاتە ١٩١٣/٩/٢٩ی میلادی

DH_MB_HPS__00042_00009_002_001

**ویلایەتی موسڵ**

**بەشی نووسراوەکان**

**ژمارە ١٠٢**

**بۆ وەزارەتی شکۆداری ناوخۆ**

**حەزرەتی دەوڵەتدار..**

هەتا باڵەخانەیەکی حکومی دروست دەکرێت، خانوویەك کە لە دوو ژوور و هەیوانێك پیکهاتووە، ساڵانە بە سێ لیرە بەکرێ گیراوە. بە گوێرەی داخویانی ژمێریاریی ویلایەت ڕێ دراوە بە خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە کە بڕی باسکراو حەواڵە بکرێت، هەروەك موتەسەریفیەتی کەرکووکیش ئەوەی دیارکردووە. ئەمر و فەرمانیش لەو ڕووەوە هەر بۆ حەزرەتی (من لە الامر)ە.

٩ی شەووالی ساڵی ١٣٣١ [١٨١]

**٢٩ی ئابی ١٣٢٩**

**وەکیلی والی موسڵ**

**میر لیوا ئەسعەد**

لەبارەی ناردنی بڕی ٣ لیرە بۆ ساڵێك لە جیاتی بە کرێگرتنی خانوویەك بۆ حکومەت.

---

[١٨١] دەکاتە ١٩١٣/٩/١١ی میلادی

DH_MKT_00089_00044_001_002

**بەشی نووسراوەکان لە وەزارەتی ناوخۆ**

**بۆ ویلایەتی موسڵ**

**ژمارە ٣٠/ ١٢٣٨**

**٤ی موحەڕەمی ساڵی ١٣١١** [١٨٢]

**٦ی تەمموزی ساڵی ١٣٠٩ی ڕۆمی**

بە گوێرەی ئەو مەزبەتەیەی لە لیژنەی دانانی فەرمانبەران هاتووە، محەمەد شەوقی بەڕێوەبەری پێشووی سنقەط گوازرایەوە بۆ ئەوەی ببێتە بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە کە لەم دواییانە بە ئیرادەی سوڵتانی بووەتە ناحیە. هەروەها لە مووچەی ناوبراو مانگانە سەدی پێنج ببڕدرێت و هەروەك مانگانە سەدی یەکی مووچەکەی بۆ خانەنشینی دەبڕدرێت و دوای مانگی دووەم سەدی پێنج بۆ سندووقی مولکییەتی لیژنەی چاودێری بچێت. هەروەها خەرجی ڕێگای بە بڕی ١٧٤٠ قڕووش بۆ خەرج بکرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێ ناوبراو ژیاننامەی خۆی پێشکەش بکات و داخویانەکەش بۆ بەشی ژمێریاری لە وەزارەتی ناوخۆ نێردراوە، بۆیە بۆ جێبەجێکردنی هیممەت و دەست و برد بکەن.

-دام بە مەقامی ژمێریاری.

[١٨٢] دەکاتە ١٨٩٣/٧/١٨ی میلادی

DH_MKT_00875_00023_001

**بەشی نووسراوەکان لە وەزارەتی ناوخۆ**

**بۆ ویلایەتی شکۆداری موسڵ**

**ژمارە: ١٥/١٩٠٥**

**١ی جەمادولئاخیرەی ساڵی ١٣٢٢** [١٨٣]

**٢٠ی تەمموزی ساڵی ١٣٢٠**

وەڵامی نووسراوی بە نرختان کە لە مێژووی ٢٩ی مایسی ساڵی ١٣٢٠ بە ژمارە ٤٥ هاتووە و بەهۆی باسکردنی هۆکارەکانەوە، مستەفا ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە لە کارلادرا و بەڕێز عەبدولرەحمان ئەفەندی هێنرایە شوێنی، ئەوەش لە مێژووی دەستبەکاربوونی ناوبراوەوەیە، بڕی مووچەی تەرخانکراویش بۆی بریتییە لە ٦٧٥ قڕووش، دەستبەکاربوونیشی لە خزمەت و کاروباری پێش خۆی ڕادەگەیەندرێت و لەم ڕووەوە داخویانی بۆ ژمێریاری دەچێت.

-یادداشتێك بۆ ژمێریاری

---

[١٨٣] دەکاتە ١٩٠٤/٨/١٣ی میلادی

DH_MKT__00937_00046_001_002

**بەشی نووسراوەکانی ناوخۆ**

**بۆ ویلایەتی موسڵ**

**ژمارە ٢٢/٤٢٢٧**

**٥ی موحەڕەمی سالی ١٣٢٣** [١٨٤]

**٢٧ی شوباتی ١٣٢٠**

وەڵامی نووسراوی بەپێز کە لە ٢٤ی کانوونی یەکەم بە ژمارە ١١٩ هاتووە.

لەسەر ڕەزامەندی، محەمەد نیازی ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی ئاڵتون کۆپری دەگوازرێتەوە، هەروەك عەبدولرەحمان ئەفەندیی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوەش دەگوازرێتەوە، مووچەکەش لە ڕێکەوتی دەستبەکاربوون خەرج دەکرێت و، بۆ عەبدولرەحمان ئەفەندی بڕی ٦٧٠ لیرە مووچەی مانگانە و بۆ نیازی ئەفەندیش بڕی ٥٥٨ لیرە مووچەی مانگانە. ئەمەش بە گوێرەی حوکمی وەزارەت سەبارەت بە دەستبەکاربوون و دەستلەکارهەڵگرتن، بۆ هەردوو ڕێکەوتەکە ژمێریاری ئاگاداردەکرێتەوە سەبارەت بەمە و رۆژی دەستبەکاربوونیان دیاری دەکرێت.

-بۆ فەرمانگەی ژمێریاری

[١٨٤] دەکاتە ١٩٠٥/٣/١٢ی میلادی

DH_MKT__01058_00027_003_002

**بەشی نووسراوەکان لە وەزارەتی ناوخۆ**

**بۆ حەزرەتی خاوەن سەدارەت**

**ژمارە ٢٦/٨٥١**

**١٨ی موحەڕەمی ساڵی ١٣٢٤**[١٨٥]

**١ی کانوونی ١٣٢٢**

بە هۆی زەروورەت و پێویستییەوە، محەمەد شەوقی ئەفەندی بەڕێوەبەری پێشووی ناحیەی شەقڵاوە داوای عەتای ساڵانەی ١٠٠ قڕووشی کردووە بۆ خۆی، لەم ڕووەوە ئەمەش پەیوەستە بە ڕای خەلافەتپەنا و سەدارەتەوە.

[١٨٥] دەکاتە ١٩٠٦/٣/١٤ی میلادی

DH_MKT__01104_00090_001_002

**بەشی نووسراوەکانی ناوخۆ**

**بۆ ویلایەتی موسڵ**

**ژمارە ٦/١٧٥٩**

**١٠ی جەمادی دووەمی ساڵی ١٣٢٤[١٨٦] بەرامبەر ١٩ی تەمموزی ساڵی ١٣٢٢**

**وەڵامی نووسینی بەپێزتان کە لە ٢٩ی مایسی ١٣٢٢ بە ژمارە ٤٣ هاتبوو.**

**لەسەر بناغەی ڕەزامەندی، نیازی ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە گواسترایەوە بۆ ئەوەی ببێتە بەڕێوەبەری ناحیەی خەصرو لە ویلایەتی دیاربەکر، کە لەگەڵ رەمزی ئەفەندی ئاڵوگۆڕ دەکرێت لە مێژووی دەستبەکاربوونی و، بڕی ٦٧٥ پڕووش مووچەی مانگانەی بۆ تەرخاندەکرێت. هەروەها بە هۆی پلەبەرزکردنەوەی پاڵپشت بە حوکمی ناوخۆ بڕی ١٩٥ قڕووشی بۆ خەرج دەکرێت، ئەمەش دوای زانینی مێژووی دەستلەکارهەڵگرتنی لە کاری پێشووی، هەروەها بە هۆی کۆچی هەردووکیانەوە بۆ هەردوو ناوبراوان خەرجی ڕێگاوبانیان بۆ تەرخاندەکرێت. جا بە پێی راگەیاندنەکە بۆ ویلایەتی دیاربەکر و ناحیەی خەصرۆ رەمزی ئەفەندی و لە ویلایەتی کەرکووك و ناحیەی شەقڵاوەش نیازی ئەفەندی دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی هەردوکیان ئاڵوگۆردەکرێن و مووچەشیان لە ڕۆژی دەستبەکاربوونیان بۆ خەرج دەکرێت. نیازی ئەفەندی مانگانە ٤٨٠ قڕووشی وەك مووچە بۆ خەرج دەکرێت، مێژووی دەستبەکاربوونیشی دەبێ هەمان مێژووی دەستلەکارهەڵگرتنی بێت، لەم ڕووەوە بەهۆی گواستنەوەوە خەرجی ڕێگای بۆ خەرج بکرێت.**

**-بۆ ژمێریاری**

---

[١٨٦] دەکاتە ١٩٠٦/٨/١ی میلادی

DH_MKT__01219_00058_002_002

**بەشی نووسراوەکان لە وەزارەتی ناوخۆ**

**بۆ ویلایەتی موسڵ**

**ژمارە ٥/٧٦**

**١٧ی زولقەعیدەی ساڵی ١٣٢٥** [١٨٧]

**٩ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٣٢٣**

وەڵامی نووسراوی پایەبەرزی هاتوو لە ڕێکەوتی ١١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٣٢٣ بە ژمارە ٧٦ دوای ڕوونکردنەوەی خزمەتەکانی محەمەد رەمزی ئەفەندیی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە، بە باش و گونجاو زانراوە کە ڕێزی لێ بنرێت، جا بۆیە لەم ڕووەوە دەست و برد و هیممەتێك بکەن.

---

[١٨٧] دەکاتە ١٩٠٧/١٢/٢٢ی میلادی

DH_MKT__01442_00048_001_001

**بۆ ویلایەتی موسڵ**

**ژمارە ٤/١٤١٢**

**ڕێکەوتی ٤ی زولحیججەی سالی ١٣٠٤[١٨٨] بەرامبەر ١١ی ئابی ١٣٠٣**

[١٨٩]لەناو سنجاقی شارەزوورەوە چەند ناحییەیەك هەن، مەحمود بەگ تەنسیب کرا بۆ ئەوەی ببیتە بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە کە لە نوێوە ئەم ناحیەیە دامەزراوە. جا ئەو مەزبەتەیەی لە ئەنجومەنی کارگێری ویلایەت و لیژنەی هەڵبژاردنی فەرمانبەران هاتووە ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە ڕازی نین لەسەر ئەم دامەزراندنانە، چونکە لەگەڵ ڕێنماییەکان نایەتەوە، بۆیە مامۆستای پێشووی قوتابخانەی سەرەتایی حافز سلێمان صالحلی وەك بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە دادەمەزرێت. ئەمەش لە داخویانی ئەو مەزبەتەیە هاتووە کە لە لیژنەی ناوبراوەوە دەرچووە و بۆ بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە بڕی ٧٥٠ قڕووش مووچەی مانگانە لە ڕۆژی دەستبەکاربوونییەوە تەرخاندەکرێت و بە گوێرەی بڕیاریش دەبێ نیوەی مووچەی یەکەمی لێ ببڕدرێت بۆ سندووقی خانەنشینی، هەروەك ١٧٤٠ قڕووشیش لە جیاتی خەرجییەکانی ڕێگای بۆ خەرج دەکرێت. لەم ڕووەوە دەبێت ویلایەت و فەرمانگەی ژمێریاری ئاگاداربکرێنەوە.

جا بۆ جێبەجێکردنی ئەمە دەست و برد و هیممەت بکەن.

-بۆ فەرمانگەی ژمێریاریم نارد.

---

[١٨٨] دەکاتە ١٨٨٧/٨/٢٤ی میلادی

[١٨٩]لەم بەڵگەیەدا باسی دامەزراندنی بەڕێوەبەری ناحیەکان دەکات و زۆر ناوی هێناون، ئێمە تەنیا هی شەقڵاوەمان وەرگێڕاوە.

DH_MKT__01505_00116_001_001

**بەشی نووسراوەکان لە وەزارەتی ناوخۆ**

**بۆ ویلایەتی موسڵ**

**ژمارە ٢٠/٤٦٩**

**٢١ی شەعبانی ١٣٠٥**[١٩٠]

**٢٠ی نیسانی ساڵی ١٣٠٤ی ڕۆمی**

لیژنەی هەڵبژاردنی فەرمانبەران، مستەفا ئەفەندییان وەك بەڕێوەبەری ناجیەی شەقڵاوە دانا، چونکە پۆستەکە بەتاڵە. جا بۆ ئەو بەڕێوەبەرە مووچەی مانگانە بە بڕی ٧٥٠ قڕووش تەرخانکراوە، ئەمەش لە ڕۆژی دەستبەکاربوونییەوە دەبێت، بە گوێرەی تۆمارەکان و ئەو کاتەی هەواڵی گەیشتنی دەگات. خەرجی ڕێگاشی بە گوێرەی ئوسوڵ لە دارایی ناوچە بۆی خەرج دەکرێت، ئەمەش دەبێت بچێتە ناو خشتەی خەرجییەکانەوە.

-هەواڵەکە گەیەنرا ژمێریاری.

[١٩٠] دەکاتە ١٨٨٨/٥/٣ی میلادی

**دامەزراندنی بەڕێوەبەری ناحیەکان و وەرگێرانی ئەو بەشەی تایبەتە بە شەقڵاوە**
DH_MKT__01550_00113_001_001
DH_MKT__01550_00113_001_002

**بەشی قەڵەم لە وەزارەتی ناوخۆ بۆ ویلایەتی موسڵ**

**ژمارە ٦/١٦٢٦**

**٢٩ی موحەڕەمی ساڵی ١٣٠٦ی کۆچی**[191]

**٢٤ی ئەیلولی ساڵی ١٣٠٤ی ڕۆمی**

لەسەر بنچینەی ئەوەی کە بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە کەسێکی شیاو و بە توانایە، بۆیە وەك بەڕێوەبەری ناجیەی مزوری لە قەزای دهۆك دامەزرێندرا. بڕی ٤٣٢ قڕووشیش زێدە لەسەر مووچەکەی بدرێتێ، ١٦٠ قڕووش لە ناحیەی شەقڵاوە وەربگرێت و ئەوەی دەمێنێتەوەش لە ناحیەکانی دیکە وەربگرێت، ئەمەش لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٣٠٣ [192] ەوە حسێبە کە عەلاوەی بەڕێوەبەری ناحیەکان سەرف دەکرێت بە گوێرەی نووسراوی مەقامی ویلایەت لە ٢١ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٣٠٣ی ڕۆمی و بە ژمارە ٣٥ هەروەك لە فەرمانگەی ژمێریارییش هاتووە، بەم جۆرە مووچەی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە مانگانە دەبێتە ٧٥٠ قڕووش، ئەمەش لە دەفتەری ژمێریاریی ناوچەیی تۆماردەکرێت.

-بۆ فەرمانگەی ژمیریاری چوو.

---

[191] دەکاتە ١٨٨٨/١٠/٥ی میلادی

[192] دەکاتە ١٨٨٨/١/٢ی میلادی

DH_MKT__01612_00108_001_001

**بۆ ویلایەتی موسڵ**

**ژمارە ١٥/١٣١**

**٣ی شەعبانی ١٣٠٦ی کۆچی[١٩٣]**

**٢٣ی ئاداری ١٣٠٥**

نووسراوی هاتوو لە ویلایەتی بەشکۆوە لە مێژووی ١٥ی شوباتی ساڵی ١٣٠٤ [١٩٤]، ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە ناحیەی شەقڵاوە و داقووق شوێنەکەیان گرنگن، بۆیە داوادەکرێت کە بەڕێوەبەرایەتی و لقی لێ دابمەزرێندرێت. جا دوای داواکارییەکە لەم ڕووەوە پێویستە بە گوێرەی هەبوونی بەرژەوەندی تێیاندا زۆر لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی لەبارەوە بکرێت، ئەمەش لەوبارەوە فەرمانە.

---

[١٩٣] دەکاتە ١٨٨٩/٤/٤ی میلادی

[١٩٤] دەکاتە ١٨٨٩/٢/٢٧ی میلادی

DH_MKT__02053_00066_001_001

**بەشی نووسراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ**

**بۆ ویلایەتی موسڵ**

**ژمارە ٨٠٩-١٩٥٦/١٥٦٧**

**٢٠ی شەعبانی سالی ١٣١٠** [١٩٥]

**٨ی شوباتی ١٨٠٨**

ناحیەی شەقڵاوە کە دەکەوێتە سنجاقی شارەزوور، بە شێوەی سەرۆکایەتی بەڕێوەدەبردرێت، جا بە هۆی گرنگی شوێنەکەی، پێویستی بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرێك هەیە بۆی، خەڵکی گوندەکە و موختارەکانیشی بە تەلەگراف داوایان بۆ مەقامی سەدارەتی سامی و وەزارەتی پایەبڵند هێناوە و ئەو داوایە دەکەن. هەواڵیش لە دڵسۆزانی ویلایەت هاتووە کە بەشێکیان نیەتی باشیان نییە و کەسانی بەرژەوەندیخواز داوای پێچەوانەی ئەوان دەکەن. جا چەند کەسێك لە هەوڵی ئەوەدان فکری خەڵکەکە بگۆڕن، لەبەرئەوە پاڵپشت بەو داواکارییە و ئەو وێنەیە لە پێناو پاراستنی ئەمنیەتی ناوچەکە، ناحیەی ناوبراو لەژێر سەرۆکایەتی دەمێنێتەوە و بە ڕەچاوکردنی تەلەگرافی ناوهاتیش کە بۆ وەزارەت نێردراوە هاوپێچ دەکەین، بە زوویی بەدواداچوون لەسەر ئەو مەزبەتەیە بکرێت و بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەست و برد و هیممەت بکرێت.

[١٩٥] دەکاتە ١٨٩٣/٣/٩ی میلادی

DH_MKT__02406_00007_001_001

**بەشی نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ**

**بۆ ویلایەتی موسڵ**

**ژمارە ۲۸۰/ ۲۸**

**۲۸ی ڕەمەزانی سالی ۱۳۱۸**[۱۹۶]

**۱۰ی ئەیلولی ۱۳۱٦**

بەهۆی ئەوەی مستەفا تۆفیق ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە بەرتیلی وەرگرتووە و خەڵکی بە ناحەق گرتووە و زۆر کاری نایاسایی دیکەی کردووە، داواکراوە بە یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. هەروەك لە ئیفادەی مەنسووبی پێشووی لەشکری هومایۆنی ڕەدیف ملازمی یەکەم محەمەد روشدی هاتووە، کە پەڕاوی هاوپێچ کردوون و بۆ حکومەتی پایەبڵندی ناردووە، فەرمانەکە جێبەجێ کراوە کە فەرمان دراوە لیکۆڵینەوە لەو بارەوە بکرێت، جا ئێوەش سەبارەت بەم کارە گرنگە دەست و برد و هیممەتێك بکەن.

---

[۱۹۶] دەکاتە ۱۹۰۱/۱/۱۹ی میلادی

DH_MKT__02663_00058_001_001

**ویلایەتی موسڵ**

**بەشی نووسراوەکان**

**ژمارە ٨٨**

**بۆ خاوەنشکۆ وەزارەتی ناوخۆ**

حەزرەتی دەوڵەتمەند ئەفەندم

ئیفادەی داواکاری لێکۆڵینەوەی موڵکیی گشتی سەبارەت بە گەندەڵی(اختلاس)ی بەشێك لە سامانی تەحصیلات لەلایەن رەمزی ئەفەندیی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە و تەحصیلدار سەید سالح ئەفەندی. پەڕاوی مەزبەتە بۆ ئەم مەبەستە هاوپێچ کراوە بۆ ئەوەی پێشکەشی ئەنجومەنی شوورای دەوڵەت بکرێت و وردبینی بکرێت. جا لەم بارەشەوە ئەمر و فەرمان هەر بۆ حەزرەتی (من لە الامر)ە.

**١ی رەمەزانی ١٣٢١**[١٩٧]

**١١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٣٢٤**

**والی پێشووی موسڵ**

**سەید حافز عەلی محەمەد ئەمین**

---

[١٩٧] دەکاتە ١٩٠٣/١١/٢١ی میلادی

**لەم بەڵگەنامەیەدا باسی چەند ناحییەیەك دەكات، ئێمە تەنیا لەسەر ناحیەی شەقڵاوە ڕادەوەستین.**

DH_TMIK_S___00060_00040_001

بابی عالی

فەرمانگەی مەزنی سەدارەت

بەشی نووسراوەكان

بێ ژمارە

وێنەی نووسراوی هاتوو لە فەرماندەیی لەشكری شەشی هومایۆنی لە ڕێكەوتی ١٣ی حوزەیرانی ١٣٢١.

بۆ سەركەوتنی لەشكری سوڵتان و فراوانكردنی گەیشتنی فەرمانەكان و گرتنەبەری هۆكارەكان بۆ گەیشتن بە ئەنجامێكی چاوەڕێكراو لە مەملەكەتی سولتانی، ئەوا ئەو شوێنانەی كە گرنگ و باشن و سەر بە ویلایەتی موسڵن، لەوانە ناحیەی شەقڵاوە و حەریر پێویستیان بە دامەزراندنی ناوەندێكی تابووری رەدیفە لە هەر یەكێكیان، ئەمەش بۆ وەرگرتنی سەربازانی رەدیف، ئەو ناوەندەش بە حكومەتی ناوچەییەوە تەواو پەیوەست بێت. هەر وەك ئاشكرایە شەقڵاوە بە ڕووبەرێكی زۆر لە ناوەندی قەزای ڕواندزەوە دوورە، كردنی بە قەزا و پەیوەستكردنی ناحیەی هەریریش پێیەوە ئەنجام و سوودێكی گەورەی دەبێت، هیچ بەربەست و ڕێگرییەكیش بۆ ئەم كارە نییە......(پاشان باسی ناحیەی كۆپری دەكات).

بۆ دروستكردنی ڕێگایەكی بەریدی لە نێوان ناحیەی كۆپری و قەزای هەولێر، ئەم ڕێگایە زۆر گرنگە، بە ناحیەی شەقڵاوە وە بۆ چەند دۆڵێك تێدەپەڕێت، جا بۆ كارئاسانی دروستكردنی پردێك بەسەر هەندێك لەو دۆڵانە زۆر پێویستە و بۆ ئاوەدانكردنەوەی ئەم ڕێگایە خەتی تەلەگرافی پەیوەندیكردن بۆ مامەڵە بازرگانییەكان و پەیوەندی كاروباری سەربازی، بەتایبەتی ئەو ناوچەیە بۆتە ناوەندی وەرگرتنی سەرباز (پاشان بەڵگەكە

دەچێتە سەر قەزای سنجار)، گرنگی دروستکردنی ئەو خەتە تەلەگرافە لە نێوان ئەوێ و شەقڵاوەدا کە لە داهاتوو گرنگییەکی گەورەی دەبێت.

DH_TMIK_S___00060_00040_005_002

**یادداشت و نووسراوی لیژنەی خێراکردنی مامەڵەکان و چاکسازی**

**بۆ ویلایەتی موسڵ**

**بێ ژمارە**

**٣ی زولحیججەی ساڵی ١٣٢٣**[١٩٨]

**١ی کانونی دووەمی ساڵی ١٣٢١**

ئەو نووسراوانەی لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٣٢١ ەوە هاتوون ئەوەی لێ دەفامرێتەوە، کە خەرجیی پێویست بۆ دروستکردن و ڕاکێشانی خەتی تەلەگراف لە نێوان ناحیەی شەقڵاوە و سنجار ٧٢٨١ فرنق و ١٣٠٨٨٨ قڕووشە بە جارێك و پێویستی بە مووچە و خەرجیی ناوەند هەیە، کە بڕەکەی بە ٣٠٩٣٠ قڕووشی ساڵانە دەخەمڵێندرێت، جا ئەم بڕە پێویستییە بەشی ئەم خەرجییەی نەکردووە و وەزارەتی داراییش لەسەر خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە توانای نییە، ئەم وەڵامەش بۆ وەزارەتی پۆستە و تەلەگراف دەنێردرێت، ئەمەش دوای بەدواداچوونی لیژنەی خێراکردنی مامەڵەکان، لەگەڵ ئەوەشدا سوودی ڕاکێشانی ئەو هێڵەش لەم بارەوە موتاڵاکراوە و بەدواداچوونی فەرماندەی پێشووی لەشکری هومایۆنیش سەبارەت بەمە نێردراوە بۆ خاوەنی شەفەقەت و ڕەحمەت. جا لەو سۆنگەیەوە بۆ پەیداکردنی بڕە پارەکە دەست و برد و هیممەتێك!

---

[١٩٨] دەکاتە ١٩٠٦/١/٢٩ی میلادی

BEO_001283_096203_001

**بەشی نووسراوەکانی صەدارەت**

**بۆ وەزارەتی بە شکۆی ناوخۆ**

**ژمارە ٥٦**

**ڕێکەوتی ٩ی زولقەعیدەی ١٣١٦** [١٩٩]

**٩ی ئاداری ١٣١٥**

بەکر بەگ یەکێك لە سەرۆك عەشیرەتەکانی خۆشناوە و دانیشتووی گوندی بالیسانی سەر بە کۆیەیە، ئەو پیاوە دوو سێ ساڵ دەبێت کێشە و ئاژاوەی لە ویلایەتی موسڵ نابوویەوە و پاشان ڕایکردە ئێران و ئێستاش داوای لێبوردن و بەخشین لە جەنابی عالی دەکات و پێدەچێت گۆڕا بێت. هەروەك داوا دەکات ڕێی پێ بدەن بگەڕێتەوە مەفتەنی خۆی. ناوبراو بەڵێنی داوە کە گوێڕایەڵ و تەبا بێت هەر وەك لە ئیفادەکەی دیارە کە لە شابەندەری شاری مهابادەوە بۆ وەزارەتی بە شکۆی دەرەوەی نووسراو هاتووە و ئەو نووسراوەشی ڕێکەوتی ٦ی زولقەعیدە و بە ژمارە ٥٦ی لەسەرە و ئەو یادداشتە بۆ سەرووی دەوڵەت نێردراوە تا مەزنانی دەوڵەت بیخوێننەوە و وەڵامی بەکر بەگ لەو ڕوانگەوە بدرێتەوە و نووسراوەکە بۆ ویلایەت بگەڕێتەوە.

[١٩٩] دەکاتە ١٨٩٩/٣/٢١ی میلادی

BEO_001645_123313_001

**بەشی نووسراوەکانی صەدارەت/ ژمارە ٣٧**

**بۆ والیی سەرعەسکەر**

**ڕێکەوتی ٢٦ی زولحیججەی ١٣١٨[٢٠٠] بەرامبەر ٣ی نیسانی ١٣١٦**

(ئەم بەڵگەنامەیە ناوی زۆر شوێن دێنێت، ئێمە تەنیا ئەو بەشەمان وەرگێڕاوە کە باسی شەقڵاوە دەکات)

سەبارەت بە هەڵگرتنی چەك و سیلاحی ئەمیری و دروستکردنی کۆگا بۆ گواستنەوەی ئەو چەکانە بۆ کۆگاکە، دوای زانیاری وەرگرتن و گرتنەبەری ڕێ و شوێن و وەڵامێك بۆ ئەو تەلەگرافەی لە ویلایەتی موسڵەوە هاتووە و ئەوەی لێ دەفامرێتەوە، کە هیچ کۆگایەکی هەڵگرتنی چەك و سیلاح لە زۆر لەو شوێنانەی وەك کەرکووك و هەولێر و کۆیە نییە و ناچار ئەو چەکانە لە ناوەندەکانی تابوور ڕەدیفەوە هەڵدەگیرێن. جا ئەوە فەرمانی ئیرادەی سەنییەیە لە حەزرەتی پادشاوە کە ئاگاداربکرێنەوە لەماوەیەکی نزیك کۆگای چەك هەڵگرتن لە ئاڵتون کۆپری و شەقڵاوە و خورماتوو و قەرەتەپە و ڕواندز و دهۆك و موسڵ و بەعشیقە و شوێنی تر دروست بکرێن، بۆیە پێویستە کەشفی شوێنەکە بکەن بۆ دروستکردنی ئەو کۆگایانە و نووسراو بۆ موشیرییە بنێرن و سەبارەت بەم کارە کۆشش بکەن و داواکارییەکە جێبەجێ بکەن پاکانەیەك دەربکەن بۆ دروستکردنی ئەو کۆگایانە، لەو بارەوە دەست و برد و هیممەت!

[٢٠٠] دەکاتە ١٩٠١/٤/١٦ی میلادی

BEO_001211_090823_002_001

**شوورای دەوڵەت**

**فەرمانگەی دارایی/ ژمارە ١٨١٤**

ئەو نووسراوەی لە ڕیکەوتی ٢٣ی رەبیعی دووەمی ١٣١٦ و بە ژمارەی ٢٤٩٥ەوە لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ ئەنجومەنی شوورای دەوڵەت نێردرابوو، موتالەعە کرا و هەروەك لە فەرمانگەی داراییش بەدواداچوونی بۆ کرا.

**(زانیارییەکانی نووسراوی پێشووە دووبارە دەبێتەوە)**

لەم حالەتەدا ئەو بەڕێوەبەرەی کە لە کارەکەی لادراوە، نیوەی مووچەکەی وەردەگرێت، تا یەکێك دوای ئەو وەزیفەکە وەردەگرێت. بێگومان ڕوونکردنەوە لە ویلایەتی موسڵەوە دراوە و وەڵامیش بە گوێرەی نووسراوەکان ئەوەیە کە ناوبراو لە رۆژی ١ی شوباتی ١٣١٠ دەستی لە کار هەڵگرتووە و دوای ٢٧ ڕۆژ مستەفا ئەفەندی بە وەکالەت دامەزراوە لە ٤ی تەمموزی ١٣١٢ەوە و بە گوێرەی ماددەی شەشەمیش ناوبراو لەو مێژووەوە نیوەی مووچەکەی وەردەگرێت، و بە گوێرەی ماددەی دووەمی هەموارکراویش وایە کە لە ڕێکەوتی دەستلەکارهەڵگرتنی تا دەستبەکاربوونی ئەوەی دوای ئەو دێت و دادەمەزرێت کە مستەفا ئەفەندییە بە شێوەی ڕەسەن (نەك وەکالەت). ئەم یادداشتەش بۆ وەزراەتی ناوبراو دەنێردرێت و لەم ڕووەوە ئەمر و فەرمان هەر بۆ حەزرەتی (من لە الامر)ە.

٢٧ی جەمادی دووەمی ١٣١٦ [٢٠١] بەرامبەر ١ی تشرینی یەکەمی ١٣١٤

ئەندامەکان: محەمەد عەزیز، رەشاد بەگ (لێرەنەبوو)، حوسێن بن عەلی، مستەفا ئەفەندی (لێرەنەبوو)، شەریف عەبدوڵڵا پاشا (لێرەنەبوو)، سەرۆکی فەرمانگەی دارایی: جەمالەددین، فلیب مەلحەمە، حوسێن نازم، مەنصور باعتصامی باللە، عەبدوڵا پاشا (لێرە نەبوو) ،سەید محەمەد عارف حیکمەت، سەید مستەفا رائیف، ئیبراهیم محمد عەلی نیازی، مستەفا، سەید عەلی رەزا سەید.

---

[٢٠١] دەکاتە ١٨٩٨/١١/١٢ی میلادی

DH_MKT__00875_00023_001_002

**بەشی نووسراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ**

**بۆ ویلایەتی بە شکۆی موسڵ**

**ژمارە ١٩٠٥-١٥**

**١ی جەمادی دووەمی ١٣٢٢** [٢٠٢]

**٢٠ی تەمموزی ١٣٢٠**

وەڵامی نووسراوی بەپێزتان هاتوو لە ڕێکەوتی ٢٩ی مایسی ١٣٢٠ و بە ژمارەی ٢٥، دوای باسکردنی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی لادانی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە مستەفا ئەفەندی لەسەر کارەکەی و دەرکردنی فەرمان بە تەنسیبکردنی بەڕێز عەبدولرەحمان ئەفەندی بۆ دامەزراندن، ئەوا بۆ ناوبراو مووچەیەکی بە بڕی ٦٧٥ قرووش تەرخان دەکرێت. ئەمەش ڕۆژی دەست بەکاربوونی لە کاری تازەی و دەست لەکارهەڵگرتنی لە کاری پێشووی دەبێتە مێژووی دەستبەکاربوونی. لەمەشدا ژمێریاری ئاگاداردەکرێتەوە.

نووسراو بۆ ژمێریاری.

[٢٠٢] دەکاتە ١٩٠٤/٨/١٣ی میلادی

DH_MKT__02415_00139_001_001

**بەشی نووسراوەکانی ناوخۆ**

**بۆ ویلایەتی پایەبەرزی موسڵ**

**ژمارە ۲۵/۷۳۰**

**۲۳ی جەمادی دووەمی ۱۳۱۸** [۲۰۳]

**۵ی تشرینی یەکەمی ۱۳۱٦**

ئەو نووسراو و هاوپێچانەی لە خەڵکی شەقڵاوە وە هاتوون کە داوای گۆڕینی مستەفا تۆفیق ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەیان کردووە و لە نووسراوەکەدا هەموو ئەو ستەم و زۆرداریيەی کە ناوبراو کردویەتی ڕوون بۆتەوە، کە محەمەد شەوقی ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەیە و بەڕێوەبەرایەتییەکەی هێشتا لەسەردەمی ئەوە و هیچ شتێك نییە کە باس لە ئاڵ و گۆڕی و هاتنی مستەفا ئەفەندی و دامەزراندنی بۆ ناحیەی شەقڵاوە بکات، ئەمە لە چ مێژوویەك بووە و چۆن نێردراوە؟ لەسەرتانە لێکۆڵینەوە سەبارەت بەم بابەتە بکەن و لەو بارەوە دەست و برد بکەن.

[۲۰۳] دەکاتە ۱۹۰۰/۱۰/۱۸ی میلادی

DH_MKT__02406_00007_001_001

**بەشی نووسراوەکانی ناوخۆ**

**بۆ ویلایەتی پایەبڵندی ناوخۆ**

**ژمارە ۲۸/۲۸۰**

**ڕێکەوتی ۲۸ی ڕەمەزانی ۱۳۱۸** [۲۰٤]

**۱۰ی ئەیلولی ۱۳۱٦**

بە گوێرەی پەڕاوی واژووکراوی ملازم محەمەد ڕوشدی لە لەشکری شەشەمینی هومایۆنەوە، لەگەڵ هاوپێچەکانی سەبارەت بەو تاوانانەی مستەفا تۆفیق ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە کردویەتی، ئەو هەموو بەرتیلەی وەرگرتووە و لە خەڵکی داوە و زیندانی کردوون و زۆر کاری نایاسایی کردووە. فەرموون لێکۆڵینەوەی پێویست سەبارەت بەم بابەتە بکەن و ڕێ و شوێنی یاسایی دەرحەقی بگرنە بەر، لەم بارەوە دەست و بردێك بکەن.

[۲۰٤] دەکاتە ۱۹۰۱/۱/۱۹ی میلادی

İ__HB___00003_00034_004_001

**بابی عالی/ فەرمانگەی صەدارەت**

**بەشی داواكارییەكانی ئەنجومەنی وەكیلان**

**ژمارە ٣٠٤٥**

**ڕێكەوتی ١٣ی موحەڕەمی ١٣٢٨، ١٢ی كانوونی دوەمی ١٣٢٥**

حەزرەتی خاوەن سۆز وبەزەیی، ئەفەندم

ملازمی یەكەم ئەحمەد جەمال ئەفەندی لە لەشكری شەشەمینی هومایۆن، فەوجی ٩٠ لە تابووری سێیەم لە شەقڵاوە و بلۆكی ١٢، بە گوێرەی ئەحكامەكانی قانوونامەی سوڵتانی بۆ گرتنەبەری ڕێ و شوێنەكانی خانەنشینی، تەسویەی دارایی تەواو بووە بە گوێرەی مێژووی لەدایكبوونی ناوبراو و هەر وەك لە یادداشتی عوسمانی هاتووە، بۆ ئەم مەبەستە بە پێی ئەو هەمواركردنە لە مانگێدا دەبێت ٤٢٢ قڕووش مووچەی خانەنشینی بۆ ببڕدرێتەوە بە گوێرەی ڕاپۆرتی هاتوو لە وەزارەتی جەنگەوە. جا فەرمانی شەرەفی ئیرادەی سەنییە ماوە لەلایەن جەنابی پادشاوە و دواتر جێبەجێكردن و ژمارەی تەزكیرەكە دەمێنێت.

**سەدری ئەعزەم**

**مستەفا**

داواكاری بۆ جەنابتان

دوای سڵاو و تەعزیم، جەنابی عالی ئەم داواكارییەی بینی و نووسراو بە گوێرەی ئیرادەی سەنییە لە جەنابی پاشاوە دەرچوو، ئەمر و فەرمانیش لەو بارەوە هەر هی حەزرەتی (من لە الامر)ە.

١٤ی موحەرەمی ١٣٢٨ [٢٠٥]

١٣ی كانونی دووەمی ١٣٢٥

**ئیمزا/ سەر نووسەری حەزرەتی شەهریاری**

[٢٠٥] دەكاتە ١٩١٠/١/٢٦ی میلادی

Y__PRK_ASK__00174_00070_001_001

**بارەگای سەرعەسکەر**

**بەشی نووسراوەکان/ تایبەت**

ئەو پۆستەیەی کە لە مەقامی موشیرییەتەوە لە لەشکری شەشەمی همایۆنەوە هاتووە، باس لەوە دەکات کە نەقیب محەمەد ئاغا ئالای سوار (ئامیر فەوج) لە کەرکووك بۆ وەرگرتنی دەرماڵەی باج و سەرانە نێردراوەتە ڕواندز و دێری حەریر. جا لە کاتی جێبەجێکردنی کارەکانیدا نەخۆش کەوتووە، بۆیە بەڕێوەبەری ناحیە لەگەڵ ئای چاوشیە و دوو نەفەر لە سواری و چاوشێك لە زابتییە دەستیان بە وەرگرتنی باج و سەرانەکە کردووە، لەو کاتەی کە لە گوندی قۆیزە[٢٠٦] بوونە لەناو ناحیەی شەقڵاوە خەڵکی گوندەکە جەسارەتیان کردووە و هەڵیانکوتاوە سەریان و تەقەیان لێکردوون، عومەری چاویش (عەریف) کوژراوە و بەڕێوەبەری ناحیەش بریندار بووە و تفەنگ و جبەخانەی کوژراوەکەشیان بردووە و هەر وەك کەل و پەلی ئەمیرایەتی و هەندێ شتومەکی تایبەتی بەڕێوەبەری ناحیەشیان بردووە و هەڵاتوون. بەو جۆرە فەرماندەی فیرقەی دوازدە بە وەکالەت ئەو هەواڵەی راگەیاندووە، بۆیە ڕوونکردنەوە دراوە و فەرمان کراوە و نووسراو بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە کە ڕێ و شوێنی یاسایی خۆیان بگرنە بەر بۆ ئەوانەی کە زات دەکەن ئەو کارە بکەن و بابی عالیش و خاوەن پلەکان لەوە ئاگادارکراونەتەوە و زانیاریان دراوەتێ سەبارەت بەم بابەتە. جا لەو بارەوە ئەمر و فەرمان هەر بۆ حەزرەتی ئەفەندیمانە.

**دەسپێکی جەمادی دووەمی ١٣١٩/ یەکی ئەیلولی ١٣١٧** [٢٠٧]

**سەر عەسکەر/ ڕەزا**

---

[٢٠٦] بۆمان ساغنەبوویەوە کام گوندە، بەڵام گومانمان بۆ گوندی قیرژە دەچێت.

[٢٠٧] دەکاتە ١٩٠١/٩/١٤ی میلادی

Y__PRK_ASK__00185_00042_001_001

**بارەگای سەرعەسکەر**

**بەشی نوسراوەکان**

**تایبەت**

ئەحمەد ئەفەندی بە پلەی بنباشی[٢٠٨] تابووری رەدیفی شەقڵاوە لەناو ویلایەتی بەغداد، سەبارەت بەو هەواڵەی هاتووە کە پۆستەکەی خۆی خراپ بەکارهێناوە، وێڕای مامەڵەی خراپی لەگەڵ ئەندامانی تابوور کە ١٢٣ کەس دەبن و هەروەها لەسەر دزییەکانی. بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتە، عەبدولرەحمان میر ئالای (ئامیرفەوج) رەدیفی کەرکووك بۆ شوێنی ناوبراو دەنێردرێت، ئەوەش لەسەر بنچینەی بەریدی هاتوو لە موشیرییەی بە شکۆوە لە لەشکری شەشەمینی هومایۆنییەوە، ناوبراو وەڵامی موشیرییە دەداتەوە بەهۆی تەلەگرافەوە و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان پێ رادەگەیەنێت، ئەمەش پەیوەستە بە ئەمر و فەرمانی حەزرەتی (من له الامر).

**١١ی رەجەبی ١٣٢٠** [٢٠٩]

**٣٠ ئەیلولی ١٣١٨**

**سەرعەسکەر**

**رەزا**

---

[٢٠٨] بینباشی یان بیکباشی واتە سەری هەزار، روتبەیەکی عوسمانییەکان بوو، دوتر لەناو وڵاتانی عەرەبی هاوشێوەکەی بووە موقەددەم. (بڕوانە معجم مصطلحات العثمانیة)

[٢٠٩] دەکاتە ١٩٠٢/١٠/١٤ی میلادی

DH_MKT__00211_00042_003_001

**بابی عالی/ فەرمانگەی سەدارەتی عوزما**

**بەشی نووسراوەکان. ژمارە ٦٩٩**

**بۆ وەزارەتی بە شکۆی ناوخۆ**

**ڕێکەوتی ٢٤ی زولقەعیدەی ١٣١١** [٢١٠]

**١٧ی مایسی ١٣١٠**

حەزەرتی دەوڵەتمەند، ئەفەندم

دوای بەدواداچوونی پیاوانی دەوڵەت لەسەر ئەو یادداشتەی کە بە ژمارە ٦٩٩یە و لە ڕێکەوتی ١٥ی زولقەعیدەی ١٣١١ی کۆچی هاتووە، بۆ ڕاوبۆچوون وەرگرتن دەربارەی ئەو مووچەیەی کە تەخرانکراوە بۆ خورشید ئاغای بەڕێوەبەری ناحیەی داقووق، دوای گواستنەوەی ناوەندی بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ داقووق. جا دەرماڵەکان حەواڵەی بەڕێوەبەرایەتییە تازەکە کران و پاشان لەبەر گرنگییەکەی بەڕێوەبەرایەتییەکی دیکە لە ناحیەی شەقڵاوە دروستکرا، جا پرس و ڕاوێژ کراوە لەسەر ئەو بڕە پارەیە، کە بۆ بەڕێوەبەری داقووق تەرخانکراوە و بڕەکەی دەگاتە ١٦٦٤٠ قڕووش. بە گوێرەی نووسراوی ژمێریاری دوای گواستنەوەی ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی بۆ داقووق و ئاواکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی شەقڵاوە وەك لە پێشوودا هەبوو، پرس و ڕایەکە سەبارەت بەو مووچەیەیە کە لەو نێوانەدا لە نێوان گواستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی، ئایا هەر لە ناحیەی شەقڵاوە بمێنێتەوە وەك لە وێنەی ژمێریاری هاتووە بۆ ئەو مەبەستە دەبێ بڕیار لە ئەنجومەنی شوورای دەوڵەت بێت و ئەو بڕیارەش پەیوەستە بە دەرچوونی بڕیاری ئیرادەی سەنییە لەلایەن جەنابی سوڵتانەوە. لەو فەرمانەیش کە لە ڕێکەوتی ١٦ی زولقەعیدەی ١٣١١ بۆ وەزارەتی بە شکۆتان هاتووە تا پێتان رابگەیەنێت بە ڕەزامەندبوونتان لەسەری، بۆ ئەو مەبەستەش دەست و برد و هیممەت بکەن.

---

[٢١٠] دەکاتە ١٨٩٤/٥/٢٨ی میلادی

DH_MKT__00211_00042_004_002

**بەشی نووسراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ**

**بۆ ویلایەتی بە شکۆی موسڵ**

**ژمارە ١١/٦١٧**

**ڕێکەوتی ٢٢ی زولقەعیدەی ١٣١١ [٢١١] /١٦ی مایسی ١٣١٠**

بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی شەقڵاوە کە گرێدرای ویلایەتە، گواسترایەوە داقووق و هەموو دەرماڵەکانیش حەواڵەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە تازە دامەزراوە کران، بڕیاری دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی دیکە درا لە ناحیەی شەقڵاوە ئەمەش لەبەر گرنگییەکەی، پرس و ڕاوێژیش کراوە لەسەر ئەو بڕە پارەیەی، کە بۆ بەڕێوەبەری داقووق داندراوە و بڕەکەی ١٦٦٤٠ قرووشە بە گوێرەی نووسراوی ژمێریاری دوای ئەوەی ناوەندی بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ داقووق گوێزرایەوە و دووبارە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی شەقڵاوە دامەزرێنرایەوە وەك جاری جاران، پرس و ڕاوێژ کراوە لەبارەی ئەو مووچەیەی لە کاتی ئەو گواستنەوەیەدا دەدرێت، ئایا لە ناحیەی شەقڵاوە دەمێنێتەوە؟ بۆ ئەو مەبەستە پشت بە بڕیاری ئەنجومەنی شووڕای دەوڵەت دەبەستین و ئەو بڕیارە پەیوەستە بە دەرچوونی بڕیاری ئیرادەی سەنییە لەلایەن جەنابی سوڵتانەوە. ئەو فەرمانەیشی هاتووە لە ڕێکەوتی ٩ی مایسی ١٣١٠ یە و کاری پێ دەکرێت و ئەو زانیارییانەش بۆ فەرمانگەی ژمێریاری دەنێردرێت و لەو بارەوە دەست و برد و هیممەت!

**فەرمانگەی ژمێریاری ئاگادارکرایەوە**

[٢١١] دەکاتە ١٨٩٤/٥/٢٧ی میلادی

DH_MKT__00046_00040_001_002

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەشی نووسراوەکان**

**ژمارە ٥٣٨-٣**

**ڕێکەوتی ٨ی زولقەعیدەی ١٣١٠** [٢١٢]

**١٢ی مایسی ١٣٠٩**

بۆ حەزرەتی پایەبڵندی سەدارەت

بەڕێوەبەرایەتییەك لە ناحیەی شەقڵاوەی ویلایەتی موسڵ دامەزرێندرا و لەسەر بنەمای راسپاردەی ئەنجومەنی شووڕای دەوڵەت و ڕێنماییەکانی سەدارەت و ئەنجومەنی تایبەتی وەکیلانەوە و دوای ئیزن وەرگرتن، ئیرادەی سەنییە لەلایەن جەنابی خەلیفەوە لە ڕێکەوتی ٣ی ئاداری ١٣٠٩ دەرچوو بە خەرجکردنی بڕی ٧٥٠ قڕووش بۆ بەڕێوەبەری ناحیە، بەو مەرجەی کە ئەو برە پارەیە لەسەر بودجەی ١٣٠٩ بێت و دوای وردبینیکردنی بودجەی ساڵی ١٣٠٩ خەرجکردنی پارە بە فەرمانی ئیرادەی سەنییە لە حەزرەتی سوڵتانەوە قەدەغەکراوە. بۆیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لە دەرەوەی بودجەوە پارە خەرجدەکرێت و مووچەی تەرخانکراو کە ٧٥٠ قڕووشە لەسەر حیسابی بودجەی ساڵی ١٣١٠ دەدرێت، بۆیە داوات لێدەکەین ڕێگا بەوە بدەیت و ئەم ئەمر و فەرمانەیش بە جەنابتانەوە پەیوەستە و هەموو فەرمانێکیش هەر بۆ حەزرەتی (من لە الامر)ە.

بۆ فەرمانگەی ژمێریاری

[٢١٢] دەکاتە ١٨٩٣/٥/٢٤ی میلادی

I_MVL_00287_011391_002_001

بۆ حەزرەتی خاوەن سۆز و بەزەیی، ئەفەندم

